


# له سریلانکاوه تا گۆڕەپانی تەحریر!

## گیرخواردنی نەتەوە و دۆشدامانی هاوڵاتی

### گوڵبژێرێک لە نووسینەکانی بەهاری عەرەبی

ستران عەبدوڵڵا

لە سریلانکاوە تا گۆڕەپانی تەحریر!

ستران عەبدوڵڵا

بیرمە هەفتەیەک پێش شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ساڵی ٢٠١١ لە قاهیرە بووم، ئێوارەکەی فڕۆکەی بن عەلی لە تونس ڕایکرد و گەیشتە وڵاتی پادشا بە تەمەنەکانی سعودیە، فڕۆکەکەی ئێمەش لە فڕۆکەخانەی قاهیرە نیشتەوە، هەفتەیەک لەوێ بووم، لە کێم دەپرسی دەی گوت میسر وەک تونس نییە.

شۆڕشی یەنایەر بە دیوێکدا بەرهەمی سۆشیال میدیاو خوشکە بچووکەکەی (فەیسبووک) بوو، گەنجەکانی میسر بەرپایان کرد و پیرەکانی ئیخوان موسلمین لە بەروبوومەکەیان خوارد. بە شەوق و زەوقی گۆڕەپانی تەحریری دایکی دونیاوە سوریا و لیبیا و یەمەنیش هاتنە سەر خەت و بەهاریان کردە دوانزە مانگ، بەڵام چونکە هیچ وڵاتێک لە هیچ وڵاتێک ناچێت، لیبیای قەزافی وای لێهاتووە هەر گەڕەکێکی بە دەست داعشێکەوەیە، ڕەوشی سوریاش مەعلومی جەنابتانە، یەمەنیش تا لێی ورد دەبیتەوە دەزانی فەرهەنگی زمانی عەرەبی بۆ دەفعی چاوەزار بە کوێر دەڵێ بەسیر، بە ڕەشی قەترانی دەڵێ ئەسمەر و بە بەختی خەواڵووی سەنعاش دەڵێ: یەمەنی سەعید.

# له سریلانکاوه
# تا گۆڕەپانی تەحریر!

## گیرخواردنی نەتەوە و دۆشدامانی هاوڵاتی

■ **له سریلانکاوه تا گۆڕەپانی تەحریر!**
نووسینی: ستران عەبدوڵڵا
بابەت: ڕۆژنامەوانی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
■ چاپی یەکەم: چاپخانەی (کارۆ) ساڵی ٢٠١٨ کوردستان ـ سلێمانی
■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٣٢٩)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە

ستران عەبدوڵڵا

# لە سریلانکاوە
# تا گۆڕەپانی تەحریر!

## گیرخواردنی نەتەوە و دۆشدامانی هاوڵاتی

### گوڵبژێرێک لە نووسینەکانی بەهاری عەرەبی

٢٠١٨ سلێمانی

## بەسەرهاتی ئەم بەهارە و ئەم کتێبە

بەهاری عەرەبی، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ دەستی پێ کرد و تا ئێستاش، بەشەرمەوە بێت یان بە شانازییەوە، ناوی دێت، قەومانێکی گرنگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانداو خەڵکێکی زۆری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. کۆڕی ڕۆژنامەوانیی کوردیش، بە لایەنگر و ڕەخنەگر و دوژمنی ئەو بەهارەوە، ماوەیەکی باش سەرقاڵی بوون. چەند چوار وەرزێک تێپەڕین، هەتا ئێستاش قسە لە سەری بەردەوامە. منیش کوردم و تا ئێستا ڕۆژنامەنووسم، لە هەموو ئەو بەهارانەی بەهاری عەرەبی و زستانە سەختەکانیدا نووسینم هەبووە و وەڵامی نووسینم داوەتەوە. لە دۆسێکاندا دیدارم کردووە، دیدارم لەگەڵ کراوە، سمینار و کۆڕم کردووە، سمینار و کۆڕم بۆ کراوە. لە هەندێک بیروڕا پەشیمانم، لە هەندێکیشیان پێداگرم، هەندێکیان زەمەن و ڕەوشی ڕووداوەکان بەشێکی بیروڕاکانی سەلماندووم، بەشێکیشی وا سەرچیغی نواندووە، کە ئێستا خۆم شەرم دەکەم بڵێم ئەو قسەی من بووە و وا لێی حاڵی بووم. بێگومان لە هەندێک شیکردنەوەشدا، لەبەر هۆکاری فیکری و کاریگەریی بەهارەکە لە سەر کوردستان، لایەنداریم کردووە، ئەگەرچی وا زەن دەکەم لایەندارییەکە بابەتی و هاوسەنگیش بووە. لە

هەر دیویێکیشەوە سەرنجم لە بەهارەکە دابێ سێ پرەنسیپم ڕەچاو کردووە:

یەکەم: درۆ نەکەم لە گێرانەوەی بەسەرهاتەکە، وەک بەسەرهات و هەواڵ و ڕووداو.

دووەم: لایەنگری بەهارەکە بم، ئەو کاتەی بۆ دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی بووە و ڕەخنەی لێ بگرم، ئەو کاتەی سەری کێشاوە بۆ توندڕەوەی، یان شڵەژان و گێرانەوەی ستەم و دیکتاتۆری پێشین، بە ناو و بەرگی ترەوە.

سێیەمیش: بەهارەکە بخەمە ژێر تیشکی ڕەخنەوە، ئەو کاتەی دەگاتە وێستگەی بەرخورد لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە سوریا و تورکیا و باشوور. باوەڕی من وایە، وەک چۆن سۆشیالیزم و دیموکراسی و مۆدێرینتەی نەتەوە سەردەستەکان لە ئاستی مەسەلەی نەتەوە بندەستەکاندا تاقیکراوەتەوە و شکستی هێناوە، ئاواهاش هەر دەبووایە بەهاری عەرەبی و دەستکەوتەکانی و دەسەڵاتە تازەکانی لە پرسی مامەڵەیان لەگەڵ دۆسێی کوردی بندەستدا تاقی بکرێتەوە. لەوەشدا بەداخەوە چەند جار سفریان هێنایەوە و کەوتوونەتە چەند خولێکی تری تاقیکردنەوەی بەکەلۆریاوە.

ئەم کتێبەی لێرەشدا پێشکەش کراوە گوڵبژێرێکەوە لە نووسینەکانم لەسەر بەهاری عەرەبی و بەسەر سێ فەسڵدا دابەشم کردووە، تا بیرۆکەی گرێدانەوەی بەهاری عەرەبی و خەزانی هەڵوێستیان لە ئاستی مەسەلەی نەتەوە بندەستەکاندا بەرجەستە بکەم و ئەوەندەی توانیومە بابەتەکان بدۆزمەوە، گوڵبژێرەکە بخەمە خزمەتی زیندوو کردنەوەی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو قەومانەی هێشتا

کەسمان ناتوانین قسەی کۆتایی لەسەر بکەین. ناشمەوێ لێرەدا زیاتر لە سەری برۆم، چونکە مەگەر هەموو ئەوەی نووسیومە هەڵبوەشێنمەوە و شتێکی تر بنووسم، کە هەمان گەرمی و ساردیی ئەم نووسینانە و نووسینەکانی دیکەی ساتەوەختی ڕووماڵکردن و چاودێریکردنی بەهارەکەی نابێت.

بۆیە لێرە ئاماژە بەو نووسینانەی تر دەدەم، کە لە چەند کتێبێکی تردا بڵاوم کردوونەتەوە و قسەیان تێدایە لەسەر بەهاری عەرەبی و لێکەوتەکانی.

ڕەنگە خوێنەری بەسەلیقە بتوانێ بە تەماشاکردنی ئەو نووسینانە دیمەنێکی گشتیی بەهاری عەرەبی لا دروست بێت، لە ڕوانگەی منی ڕۆژنامەنووسەوە، کە بێگومان ڕوانگەیەکی قابیلی ڕەخنە و ڕەتکردنەوەیە.

دیسان لێرە، لەسەر سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانم، هەمان قسە ئێژمەوە: قسەی کاتی خوێن و گەرمایی ساتەوەختی ڕوودانیان لەخۆ گرتووە، بۆیە گرنگە بۆ مێژووی ڕۆژنامەوانی و مێژووی بەسەرهاتەکان، بە زمانی کوردی و بۆ کوردزمانان بەکەڵک بێت.

باسەکانی بەهاری عەرەبیش، کە لە دووتوێی ئەم کتێبانەدا هاتوون، بەم جۆرەن:

- **سەیران بۆ سەریکانی**- بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی ڕۆژئاوا (٢٠١٤).
- **کوردستان چاوڕێی تینە** (٢٠١٣)، لەسەر دەرکەوتنە کوردستانییەکەی بەهاری عەرەبی.

- **بەهاری عەرەبی نەورۆی سەربەخۆیی** (٢٠١١) سلێمانی.
- **یاداشتەکانی جەنگ** (٢٠١٦)، لەسەر داعش وەک بەرهەمی بەهاری عەرەبی. کۆمەڵێک ستوونی تایبەتە بە ڕۆژانەی بەهاری عەرەبی و ١٧-ی شوباتی کوردستانی.
- **دووریان**، کۆمەڵێک دیدار و سمینار و وتارە دەربارەی ئایندەی بەهاری عەرەبی(٢٠١٢).

٢٠١٨/٣/٢٨

هەواڵنامەی کتێب

# فەسڵی یەکەم

## بەهاری عەرەبی و شوێنپێیەکانی

هەواڵنامەی کتێب

# تونس: دیموکراسی پاوانی کەس نییە

جیابوونەوەی باشووری سودان لە وڵاتی سودان بۆتە باسی کوردە نامووسە لای میللەتی عەرەب، باسێکە لە توانا و تەحەممولی ئەوان گەورەترە. جیابوونەوەی گەلی تونس لە زین ئەلعابدین بن عەلیش، باسیکە لە توانا و تەحەممولی سیاسەتی ڕەسمیی عەرەبی گەورەترە. بەم پێیە سیاسەتی عەرەبی و دونیای سیاسەت، لە فەزای ئەو جیهانەی پێی دەڵێن جیهانی عەرەبی، دۆخێکی خراپی هەیە: لە دوولا مەست و حەیرانە.

میللەتانی پەمپدراو بە سۆزی ناسیونالیستیی پەڕگیر تووشی شۆک هاتوون، لەبەرئەوەی نەخشەی سەر قوتووی پرگاڵ و ڕاستەی خوێندنگاکانی جاران، یانی نەخشەی وەتەنی عەرەبی، چیتر وەک خۆی نامێنێتەوە، هەروەها حوکمڕانەکانیش تووشی شۆک هاتوون، چونکە ڕاپەڕینی تونس ئەو ئەفسانە شۆڤێنییەی بەتاڵکردەوە کە دەیوت، عەرەب هی بەرپاکردنی دیموکراسی نین و بوێری لابردنی ستەم و دیکتاتۆرییان نین. تونس، بێ ئەوەی پەنجا حزبی ئایدۆلۆژی چەپ و ئیسلامی و دەستەیەک سیاسەتبازی عەوامفریودەری هەبێت، بە هەفتەیەک سەددام حوسێنەکەی، یان شاهنشاهەکەی خۆی، لابرد.

بن عەلی لە گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکەی شای گۆڕبەگۆڕ بوو، تا ئەوەی درێژەپێدەری حوکمی جێ ڕەخنەی حەبیب بۆرقیبە بێت. ئەو کە لە ساڵی ١٩٨٧دا هاتە جێی بۆرقیبە، لە بری ئەوەی توخمە خراپەکانی حوکمی بەرتەسکی بۆرقیبە لەقاو بدات و درێژە بە کارە باشەکانی سیستمی عەلمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بدات، توخمە خراپەکانی زەقتر کردەوە و بژارەی عەلمانی لەگەڵ دیموکراسی و ئاشکراگۆیی و حوکمی نەرمونیاندا ئاوێتە نەکرد. دەرەنجام عەلمانیەتی بێ ژێرخانی دیموکراسی سەری کێشا بۆ ئیستیبداد و دەوڵەتی پۆلیسی. لە جێی دیموکراسیی سیاسی، دیموکراسی بەتاڵانبردنی خێروبیری وڵاتی ڕەچاو کرد. ئیتر میللەت بۆ لێی ڕانەبێتەوە؟ ئەوێک وەک بۆرقیبەش نەبوو، کە سەروەریی خەباتی ڕزگاری و ئاواکردنی تونسی سەربەخۆی هەبوو.

گەلی تونس لەبەر خاتری ڕۆڵی باوکایەتیی بۆرقیبە چاویان لە کەموکوڕییەکانی پۆشی، بۆ وا لەگەڵ بن عەلی بکەن، کە هەموو سەروەرییەکەی ڕەگداکوتانی حوکمی بنەماڵەیی بوو؟

بن عەلی لە ڕەفتاری تاڵانیدا وەک شای ئێران بوو: میللەت ئازادن لە ژیانی شەخسی خۆیاندا چی دەکەن و حوکمی ئەویش ئازادە لە شەئنی گشتیی وڵاتدا چی دەکات؟ بەڵام لە ڕەفتاری پۆلیسیدا سەددام حسێنێک بوو لە باکووری ئەفریقا و ئێمە پێمان نەزانیبوو.

کتێبێک وا ئێستا لەبەر دەستمدایە (فەلاقەی تونس لە باخچەی نهێنی ژەنەڕاڵ بن عەلیدا)، شتی وا لەم پیاوە و

پیاوەکانی دەوروبەری دەگێڕێتەوە، کە ڕاستی ئەم پەندە کوردییە دووپات دەکاتەوە: هەر ناوی گورگ بەدە!. هەر ناوی سەددام بەدە، دەنا بن عەلی لەوی کەمتر نەکردووە، مەگەر ئەوە نەبێت بن عەلی وەک بن حسێنی نەکرد، کە دنیای ڕۆژئاوا لە خۆی بورووژێنێ، بە پێچەوانەوە ڕۆژئاوا پشتیوانی حوکمەکەی بوون، بۆیە لەو ماوەیەی گوزەری کرد، توانیی سواری سەری میللەتەکەی بێت.

ئیدیعام دەکرد، سێ کتێب لەسەر تونس لە دەمی بۆرقێبەدا، کە دوانیان محەمەد مەزالیی سەرۆکوەزیرانی لابراو نووسیویەتی و یەکێکیان ئۆپۆزسیۆنی خوێندەوار، بەسن تا بزانم لەو وڵاتە عەرەبیە میانڕەوە چ دەگوزەرێت؟ ئەم کتێبەی بەر دەستم، کە بۆ دەورانی بن عەلی تەرخانە، دیوی ڕەشی دەسەڵاتی سەرکوتکردن ڕووناک دەکاتەوە، لە مامەڵەی چالاکوانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، لە سەرکوتکردنی میدیا و ئینتەرنێت و بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی گەشەی سیاسی لە وڵاتی تونسدا. نموونەکان ڕووی دیکتاتۆرەکانی هاوچەرخی حوکمی بن عەلی و هی زەمانی بۆرقێبەش سپی دەکەنەوە.

ئێستا ئیتر گەلی تونس ئەم لاپەڕە خەمناکەی پێچاوەتەوە. گرنگ ئەوەیە خوێنی ڕژاو لە ڕێی ئازادیدا بەفیڕۆ نەچێت. تونسییەکان دەریان خست کە جیناتی ئارەزووی دیموکراسی پاوانی هیچ ڕەگەز و توخمێک نییە و هەورازێکی کەمیان لەپێشە تا نیشانی بدەن ئەوان تەنها ڕابوونی دیموکراسی نازانن، بەڵکو دەشتوانن ئەم دەستکەوتانە بپارێزن و حوکمێکی دوورمەودای دەستووری و دیموکراسی چێ

بکەن، کە قۆناغی بن عەلی تێپەڕێنێت، نەک کۆپییەکی دەستکاریکراوی بێت.

لە زەمانی دوای سەربەخۆیی تونسدا، موجاهیدی خەباتی ڕزگاری و سەرۆکی تونسی نوێ، حەبیب بۆرقیبە، چەند هەنگاوێک پێش سیاسەتی ڕەسمیی عەرەبی کەوتبوو، کاتێک داوای لە عەبدولسەلام عارف، سەرۆکی عیراقی ناسیونالست، کرد (دەست لە یەخەی کوردەکان بکاتەوە و ئەو مافانەیان بداتێ کە داوای دەکەن). ئێستا زەمانێکی ترە و دەشێ پێی بڵێین زەمانی دیموکراسیی دووسەرە، کە دوو داخوازی لە سیاسەتی رەسمیی عەرەبی و لە خەیاڵدانی سیاسیی میللەتانی عەرەب گەرەکە:

سیاسەتی ڕەسمی پێویستە لە داوای دیموکراسی و لەقاودانی ئیستبداد تێ بگەن، کە میللەتی تونس گوزارشتی لەم داوایە کرد. خەیاڵدانی سیاسیی میللەتانی عەرەبیش لە ویستی میللەتانی وەک میللەتی باشووری سودان تێ بگەن و وەک مەسەلەی نامووس مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن. ئەوەیان لەگەڵ بکەن، کە بۆرقیبە بە عارفی وت: ئەو مافانەیان بدەنێ، کە داوای دەکەن.

٢٠١١/١/٢٠ قاهیرە

# پەراوێزێکی تری قاهیرە

باسوخواسی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی تونس هەر لە کوردستان گەرم نییە، بەڵکو لە وڵاتانی عەرەبیش، بە تایبەتیش لە میسر، گەرمە. ئەو چەند ڕۆژەی لە قاهیرە بووم، رەد و بەدەل لەوی کوردستان بزێوتر بوو .. ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەوانەی پێیان دەگوترێ (ڕۆژنامە نەتەوەییەکان) بە تیلەی چاو و ئیماژی شرۆڤەکاری بەراوردیان لەنێوان قاهیرە و تونسدا دەکرد. ئەمە چەند ناونیشانێکی نموونەیە:

* «بوعەزیزێکی» میسری خۆی لە بەردەم ئەنجومەنی گەل دەسوتێنێ... ڕۆژنامەی ئەلوەفد ژمارە (٧٤٥٦) لە ڕۆژی ٢٠١١/١/١٨دا.

* هەندێک لەوانەی ڕووداوەکانی دونیای عەرەب چاودێری دەکەن حەزیان لێیە بەراورد بکەن، یان بەزۆر ناوی میسر بێننە گۆڕێ، گوایە لەوانەیە تووشی هەژانی ئەوتۆ بێت ... لە وتاری میسر و هەفتەی تەنگژە عەرەبییەکاندا، ڕۆژنامەی ئەهرام ڕۆژی ٢١-ی کانووی دووەم ٢٠١١، نووسینی ئوسامە سەرایا، سەرنووسەری ئەهرام.

* خۆسووتێنەرەکان ناتوانن چارەنووسی میسر دیاری بکەن- محەمەد ئەبو حەیە لە ڕۆژنامەی جمهوریەی ڕەسمی.

* لەفە فرۆشێک بۆ ئەوەی سەرنج بەلای خۆیدا ڕابکێشێ خۆی سووتاند. ڕۆژنامەی روز ئەلیوسف- ژمارە (١٧٠٠)، ڕۆژی ١٨ی کانووی دووەمی ٢٠١١ .

* تونس، باهۆزی گۆڕانکاری .. ڕۆژنامەی ئەشروق ئەلجدید، ژمارە (٧١٥)، ڕۆژی ٢٠١١/١/١٦ .

* ترس لە پەتای تونس دەستی پێ کرد. ڕۆژنامەی ئەلمیسری ئەلیوم- ژمارەی (٢٤١٢)، ڕۆژی ٢٠١١/١/٢١.

باسی تونس لە شەقامی عەرەبی بەتێکڕایی جۆرێک لە دڵدانەوە و تەسەلاش بوو لە هەمبەر ڕووداوی ناخۆشتر، ئەویش جیابوونەوەی باشووری سودان بوو لە خەرتووم. دەردی جیابوونەوەی باشوور بۆ ناسیۆنالیستی عەرەب، لە ئاستی میللی و حکومەتەکانیشدا، دەردێکی گران بوو. ئەلهەقە میسر لە ئاستی ڕەسمی و میللیشدا واقیعییانەتر سەیری سەربەخۆیی باشووریان دەکرد و دەیان گوت، مادام نایانەوێ لەگەڵ باکوور بژین، بۆ ڕێگایان لێ بگرین؟ سەنتەرە ستراتیژییەکان، کە دەرفەت هەبوو سەریان لێ بدەم، دووربینانە و پراگماتیانە دەیان گوت: ئێمە کاتی خۆی مافی چارەنووسمان دایە سودان، کە زانیمان ئارەزووی وایان هەیە. لە سەردەمی عەبدولناسردا، کە باوکی ڕۆحیی ناسیونالیستی هاوچەرخی عەرەبیە، سودان لە مەملەکەتی میسر جیابۆوە. وەختێک سوریاش لە گەرمەی یەکێتیی نەتەوەییدا وتی: با یەکێتییەکە هەڵبوەشێنینەوە، ناسر دژ نەبوو.

بەو حاڵەشەوە دەنگوباسی باشوور کەوتە بن پەلوپێی ڕووداوەکانی تونسەوە. میسرییەکان کە سەرەڕای

دژوارییەکانی ژیان بە گیانی نوکتەبازی ناسراون، سەد نوکتە و کاریکاتێریان لەم باسە هەبوو: وەختێک لە ئەردەن، یەمەن، جەزائیر و تەنانەت کوێتی دەوڵەمەند و بێ کێشەش هەڵمەتێکی دابەزاندنی نرخی کەلوپەلەکان دەستی پێ کرد، یەک لەو دۆستانە وتی: «نایەی شۆپینگێک بە بازاڕی ناوچەکەدا بکەین؟ قەت وەکو ئێستا شمەکی هەرزانمان دەست ناکەوێت».

بەڵام لە کوردستان دۆخەکە پێویستی بە نوکتەباز نییە. خۆی چەند توخمێکی نوکتەبازی تێدایە.

شوباتی ساڵی ٢٠١١

هەواڵنامەی کتێب

# بەهاری کەنار، خەزانی ناوەندێتی

وردە وردە بەشێک لە ئەدگارەکانی نیشتنەوەی بەهاری عەرەبی دەردەکەون. داخوازی مافی پێکهاتەکان، گرووپو ئەتنیکەکان، هەرێم و مەڵبەندەکان ئەدگاری سەرەکیی قۆناغی داهاتووی ئەو بەهارە دەبن. بەهاری عەرەبی لە دیدی نەتەوەی سەردەستەوە، لە دیدی دانیشتوانی پایتەختەکان و ناوەندخوازەکانەوە، بریتییە لە لابردنی سەری ڕژێم یان ڕژێمێک و جێگیرکردنی ڕژێمێکی نوێ، کە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و مافی تاکەکان دابین بکات، بەڵام بۆ نەتەوە بندەستەکان و گرووپ و ئەتنیکە جیاوازەکان، بۆ خەڵکی کەنار و هەرێم و شارە فەرامۆشکراون، بریتیشە لەوانە هەمووی و لەگەڵ مافی دەستەجەمعیی خۆیان، وەک کۆمەڵێکی پێکەوەیی.

دیموکراسی و ئازادی، لە دیدی ئەوانەی چینی سەرەوە، چەمکێکی کورتهێنەرە، چونکە لەسەر مانا تەقلیدییەکانی ئازادیی ساکار و دیموکراسیی ئاسان بینا کراوە. دیموکراسی و ئازادی لە لای چەوساوە و بندەستەکان، لای نەتەوە ژێردەستەکان و گرووپە ئاینی و مەزهەبییە هەڕەشەلێکراوەکان بریتییە لە دیموکراسییەکی دەبڵ، دیموکراسییەکی دوو زەردێنەیی، یەکێکیان بۆ ماف و

سەربەستییە گشتییەکان و ئازادییەکانی تاک، ئەویتریشیان بۆ مافەکانی خۆیان وەک گرووپێکی تایبەتمەند، کە خاکیان یان مێژوو و کەسایەتیان داگیرە. دیموکراسیی سادە و کلاسیکی ئەوەیە، کە کۆمەڵە هۆمۆجینەکان بەرهەمیان هێناوە، بەڵام بۆ کۆمەڵە فرەڕەگەز و فرەنەتەوە و پێکهاتە ئاڵۆزەکان، جۆری دووەمی دیموکراسی پێویستە. ئەمە لە تەگبیری سیاسیدا دیموکراسیی تەوافوقی پێدەڵێن، لە تەگبیری ئیدارەیشدا ناناوەندێتی دەسەڵات و دابەشکردنی قودەرتمەندییە لەنێوان نێوەند و کەنارەکاندا. دیموکراسیی سادە وەک ئەوەیە کە لە وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا بەدیهاتووە: هەڵبژاردن و پەرلەمان و لێپرسینەوە و ئازادیی بیروڕا. ئەمانە ئەو شتانەن کە هەموو لایەک، بە بندەستەکانیشەوە، لێی بەهرەمەند دەبن، بەڵام بۆ بندەستەکان مەنزڵگەی ڕاستەقینە، دابینکردنی مافەکانیانە وەک پێکهاتە. بۆ ئەمان دیموکراسییە سادەکە چەکی دەستیان دەداتێ تا خەبات بۆ بەشی دووەم بکەن. بۆ ئەمان دیموکراسی دوامەنزڵگە نییە، بەڵکو مینبەرێکە، چارەسەرێکە و دوا چارەسەر نییە. ئەوانەی لەم ڕوانینە تێناگەن، تێگەیشتنێکی کۆنەپەرستانەیان هەیە بۆ دیموکراسی، کە ئاڵۆزیی و پەرەسەندنەکانی سەردەم ناناسێت.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا بیری سۆشیالیستی هات، تا لەناو چینەکانی نەتەوەی سەردەستدا بڵێت (دیموکراسیی سیاسی)، یان ئەوی پێی دەڵێن «دیموکراسیی بۆرژوازی»، بەس نییە، دیموکراسیی کۆمەڵایەتی و جۆرێک لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتیش پێویستە. بیری چەپ، بە تایبەتیش سۆشیال

دیموکراتەکەی لەمەوە هات، کە تەنها دابەشکردنی دەسەڵات و ئازادیی بیروڕا و ئازادیی کار بەس نییە، بەڵکو دابەشکردنەوەی سامان و ئازادیی یەکسان و هەلی وەک یەکیش گرنگە. لە سەدەی بیستەمدا شەپۆلی دیموکراسیخوازانی دووەم هاتە کایەوە، کە بیرمەندی هۆڵەندی (ئەرنت لیبهارت) داڕێژەری بوو و ناوی دیموکراسیی تەوافوقی لێ نا. دەشێ لەم مەیدانەدا ناوی (لیبهارت) بنێین مارکسی دیموکراسیی سیاسی، وەک چۆن مارکس باوکی دیموکراسیی کۆمەڵایەتییە و هاوڕێ سۆشیالیستەکانی باوکە ڕۆحییەکانی دیموکراسیی کۆمەڵایەتین. ئێستا وا ئەسەری دیموکراسیی تەوافوقی و دیموکراسیی دابینکردنی مافی پێکهاتەکان لە عیراق و لوبنان و چەندین شوێنی تر دەبینین. بەهاری عەرەبی لە وەرزی دووەمیدا دەبێتە بۆنەی بەعیراقیکردنی وڵاتانی بەهاری عەرەبی، هەر یەکە و بەگوێرەی تایبەتمەندیی خۆی، بەم جۆرە:

– **لە سوریا:** مەسەلەی کورد هەر لە ئێستاوە تایبەتمەندیی خۆی دەرخستووە. هەم دەوڵەتی ناچار کردووە ئەم تایبەتمەندییە ببینێ، هەمیش ئۆپۆزسیۆن دان بە پێکهاتەی کوردستانی و پێویستی دابینکردنی ژێرخانێکی سیاسی و ئیداری دا دەنێت بۆ ئەو پێکهاتەیە.

– **لە میسر:** سەرەڕای هۆمۆجینی پێکهاتەی وڵات لە ڕووی ئەتنیکییەوە، بەڵام ئێستا قسەیەکی زۆر لەسەر پارێزگا دووره فەرامۆشکراوەکانی وەکو سینا و بۆرسەعیدو صعیدی میسر دەکرێت، خۆتەکانی قبتییەکانیش وەکو پێکهاتە لەولاوە بوەستێ.

– **لە لیبیا:** شەرق و غەربی وڵات لە ململانێی فیدراڵیدانو هەرێمی بەرقە ئەم ویستەی نەشاردۆتەوە.

– **لە یەمەن:** یەمەنی جنوبی پێداگری لەسەر فیدراڵییەکی فراوان دەکات، ئەگینا یەکێتیی یەمەن وەکو جاران دەکەنەوە بە دوو دراوسێ. حوسییەکانیش ڕیزیان بەستووە تا نۆرەیان بێت.

– **لە ئوردن:** کە بەهارەکەی بەهارێکی نەرمونیانە و میللەتەکەشی تەبایە لە ڕووی پێکهاتەوە، کەچی بۆ گەشەکردنی یەکسان چاویان لە فیدراڵیی ئیدارییە.

– **لە سودان:** دوای جیابوونەوەی جنوب، هەر بەهارێک بێتە جۆش، نەورۆزی پێکهاتەکانی وەکو دارفۆر و هەرێمەکانی تری بەدواوە دەبێت.

ئەم بندەستانە هەمیشە لە خەباتدا بوون بۆ ئەوەی ئێستا داوای دەکەن، بەڵام دیکتاتۆری و حکومی خۆسەپێن ڕێگر بوون. ئێستا دیموکراسی ڕێگەیان بۆ دەکاتەوە داوای مافەکانیان بکەن. ئەمە پەیامێکە بۆ دیموکراتخوازانی سەردەست، لە نموونەی مستەفا عەبدلجەلیل لە لیبیا، لە نموونەی سەرکردایەتیی نوێی میسر و تونس و یەمەن و هەر دیموکراتخوازێکی سادەمەشرەب، کە یەمەن جاران لامەرکەزی و لیبیاش دووکەرتی فیدراڵی بوو، ئێستاش خولی دووەمی بەهارەکە دەستی پێ کردووە، کە بەهاری مافی بندەستەکانە، بەهاری کەنار و هەرێمەکان و خەزانی ناوەندێتییە. بۆ ئەوەی لە ناوەند حوکم بکەن و بمێنن، دەبێ واز لە ناوەندێتی بهێنن. بۆ ئەوەی لە دیموکراسیی

سادە بەهرەمەند بن، دەبێ دیموکراسیی دوو زەردێنە، دیموکراسیی تەوافوقی و فیدڕالی بسەلمێنن.

٢٠١٢/٣/١٤

هەواڵنامەی کتێب

## لە مامەڵەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) دا

### میسری ئیخوان و موبارەک جیاوازییان چییە؟

جاران یەکێک لەو ڕەخنانەی لە ئیسلامییەکان دەگیرا ئەوە بوو، هەر کە دەستیان ڕۆیشت و بە پەیژەی دیموکراسیدا سەرکەوتن، ئیتر پەیژەکە لادەبەن و خۆیان سوار و خەڵکیش پیادە دەبن، خۆیان لە سەرەوە و نەیارەکانیشیان لە خوارەوە دەمێننەوە، پەیژەیەک نامێنێ کە پێیدا سەربکەون. ئەم تێبینییە بۆ ئەوەیە، چاوی گومان و ڕەخنە لەسەر ڕەوشی کاری ئیسلامییەکان بێت، کە نیوەی گەمەکەیان، گەمەی دیموکراسی و ململانێی سیاسییان، قبوڵە و نیوەکەی تری بە زەروری نازانن.

### ئەمەیان کردە بیانوو

دوای ئەوەی ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی جەزائیر سەرکەوتن و بەرەی ئینقازیان گەیاندە سەر تەختی بردنەوە، لێدوانێکی ئاگرینیان دا، گوایە قۆناغی دادێت بۆ شەریعەتە. عەسکەر لە جەزائیر ئەمەیان کردە بیانوو بۆ ڕاگرتنی گەمەکە لە نیوەی ڕێدا، یانی لە جێی ئەوەی ئینقاز فریای لابردنی پەیژەکە بکەون، عەسکەر سەکۆکەی تێکوپێک دا، ئیتر ئەو وڵاتە غەرقی فەسڵێکی درێژی خوێن

بوو، کە بەهاری عەرەبیش نەی توانیوە تیماری دەردەکەی بکات، بە تایبەتیش لە خودی جەزائیر، کە دوو دەیە لە ڕکابەرییەکی خەڵتانی خوێن خەڵکیان لە بەشداریی سیاسی و پەژارەی گشتی تەوەللا کرد.

بەڵام دیموکراسی تاکە پەیژە نییە، کە ناوەند و چالاکە سیاسییەکان بەسەریدا سەردەکەون و دەچنە سەر تەختی حوکمڕانی و ئیتر لێی نایەنە خوار، باسوخواسی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) و پرسی پشتیوانیی دیموکراسیش دوای کار پێ نەمانی دەبێتە باری قورس و گەرەکە دەموچاوە تازەکان لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە. یەکەم وڵاتی گۆڕەپانی ئەم بەرەنگارییە بۆ ڕێکخراوە ناحکومەییە پاڵپشتکراوەکان لە میسرەوە دەستی پێ کرد، تا ئێستاش بە داهاتووەکانی تەشەنە دەکەن.

### مێژووی پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتکراوەکان لە میسر مێژوویەکی چەند دەیەییان هەیە، لەوەتەی ئەمریکا ساڵانە پشتیوانی دارایی پێشکەشی دەوڵەتی میسر دەکات، وەک بەشێک لە ئیستیحقاقەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەشە ئیسرائیلییە میسرییەکەیەوە، ئەم پشتیوانییە داراییە سێ لقی لێ دەبێتەوە، دوانیان بە دڵی دەوڵەتی میسر و دواییەکەیان بە نابەدڵییەوە قبوڵیان کردووە:

- بەشێکی بۆ تواناداركردنی هێزە چەکدارەکانی میسر، بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە مەنزومەی مۆدێلی سەربازیی

ئەمریکا و دەمی سادات و سەرەتای حکومڕانیی موبارەکیش بۆ ئەوە بوو کە میسر لە مەنزومەی سۆڤێتی دوور بخەنەوە. ئەم پارەدارکردنە دەرفەتی دەدا بە واشنتۆن چاودێریی وردی ئاڕاستەی بەرگریی میسر بکات، تا هەم لە خەتی ئاشتی لانەدا، هەمیش لاواز و بێ چارەنەبێت.

- بەشێکی بۆ ئابووریی وڵات و پشتیوانی حکومەتی موبارەک بوو، تا بتوانێ ئەرکەکانی بەرامبەر حەشامەتی دانیشتوانی وڵاتەکەی ڕایی بکات.

- بەشێکی کەمیش بۆ پشتیوانی کۆمەڵی مەدەنی و تواناداركردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بەرنامەی دیموکراتیزەکردن دەبێت.

حوکمڕانیی موبارەک، چونکە ئەم ئیلتیزامەی دوایی بە نابەدڵی دەکرد، بۆیە بەردەوام گێچەڵی بۆ دروست دەکرد. نموونەی بەرپەرچی پرۆژەکانی د.سەعدەدین ئیبراهیم، دیمەنێکی ئەو داستانە بەردەوامە بوو، کە دژی پاڵپشتیکردنی (NGO)کان لەئارادا بوو. بە تایبەتی ئەو باسوخواسە دوای یانزەی سێپتەمبەر و پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، کە سەرۆک بوشی دووەم جاڕی بۆ دا، هەستیارییەکی زیاتری دروست کرد. سەرۆک بوش لە دوو دەورانی حکومڕانیی خۆیدا زۆر بە زەقی ئەم سیاسەتی پشتیوانییە دیموکراتییەی لە سەرتاسەری ناوچەکە، بێگومان لە میسریش، پەرەپێدا.

### گوشاری سیاسیشی لەگەڵ بوو

لە دەورانی بوشدا، وەزارەتی دەرەوە بەشێک بوو لە

هەڵمەتێکی پەیوەندییە گشتییەکان، بۆ ناساندنی بەها ئەمەریکییەکان لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. هەرچەندە ئەم پاڵپشتییە لە سەرەوە بە زمانێکی دیبلۆماسیی فەرمی دەخرایە ڕوو، بەڵام لە بنەوە گوشاری سیاسەتیشی لەگەڵ بوو، وەختێک بابەتەکە دەگەشتە گرێی پێویستی حکومەتەکان بە پاڵپشتی واشنتۆن، چ بۆ مانەوەی ڕژێمەکان، چ بۆ مانەوەی یارمەتییە ئابوورییەکان، کە ئاتاجێکی زۆری بۆ بژێوی خەڵکەکە هەبوو. میسر لەناو چەقی ئەم ڕووداوانە بوو، پارەدارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چەندساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی گەورەی گێڕا لە شکڵگرتنی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری لە دژی موبارەک و هەر پێداچوونەوەیەک بە شوێنی ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا دەری دەخات، کە بزووتنەوەی کیفایە و ئیعترازاتە سەندیکاییو توێژاڵییەکان پرۆڤە بوون بۆ قیامە گەورەکە لە ٢٥ی یەنایەردا، نێوەندی مافی مرۆڤ و چالاکییە دیموکراتییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، کە لە شەوەکەی کەوتنی موبارەکدا گەیشتە لوتکەی درامی کۆشش و شاخهەڵکوڵینی خۆی، ئەگەر چاک دیقەت بدرێت بێ ئەسەر و جێپەنجەی پشتیوانیی دیموکراسی نابێت. بوونی بزووتنەوە جەماوەرییەکەی میسر بە بەشێک لە بەرنامەی جین شارب ـ جین شارب یەک لە تیۆریستە دیاردەکانی بزووتنەوەی ناتوندوتیژی بۆ گۆڕانکاری لە تەرزی ئەوانەی ئەورووپای ڕۆژهەلات ـ هیچ لە ڕۆڵ و هەقی خەباتگێرانەی گەنجانی میسر کەم ناکاتەوە. ئەوەی کە میسرییەکان حەز دەکەن هەموو پرۆسەی گۆڕانکارییەکە بۆ خۆیان بگێڕنەوە، خەسڵەتێکی میسری و

کەلتوورێکی دایکی دونیایە و لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەفیعلی بەشی گەورەی کۆششەکە میسریی بووە و بەشە دیموکراتییەکەی بەرنامەی پاڵپشتی بەشێکی کەم نییە.

**پشتیوانیی خەلیج چۆن بووە؟**

پاڵپشتیکاران پێشبینی ئەوەیان دەکرد، میسری دوای موبارەک دەرگای والابێت بۆ بەخێرهاتنی بڕێکی قورستر لە یارمەتی (دیموکراسی)، کە پێدەچێت بڕەکە لەوە زۆرتر بوو گەدەی سیاسەتی میسری نوێ بۆی هەرس بکرێت. لە میسری دەمی موبارەک و میسری ئیخوانیشدا، هاوشانی پشتیوانییە دیموکراتییەکە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان، هەمیشە پارەیەکی خەلیجی کە لە عەبا و حیجابەوە خۆی پێچاوەتەوە، هاتۆتە میسر. ئەم پشتیوانییە خەلیجییە، چونکە بە شێوەیەکی فلکلۆری و میانە و خزمایەتییەوە دێت، تا ئێستا هەر لە میدیاکاندا هەستیاریی دروست کردووە، بەڵام پشتیوانییە ئەمریکییەکە زەقە و ملکەچی جاڕدان و شەفافیەتی خەرجکردن و لێپرسینەوەیە لە کۆنگرێس و دەزگاکانی چاودێری لە ئەمریکا، بۆیە دەرکەوتووە و لەبەرچاوە. جگە لەوەش میسرییەکان بە شێوەیەکی گشتی هەستیارن بەرامبەر بە ڕۆڵی ئەمریکی و جاران لەبەر ئەوەی ئەمریکا دۆستی ئیسرائیلە و لە دوای ٢٥ی یەنایریشەوە لەبەر ئەوەی واشنتۆن بەپێی پێویست گوشاری نەخستە سەر موبارەک، ئێستاش ڕای گشتیی میسر بە هەستیارییەوە لەگەڵ ڕۆڵی ئەمریکا مامەڵە دەکەن، واشنتۆن ڕوویان لێ وەرگێڕێت، دەڵێن سۆزی بۆ موبارەک هەیە، باوەشیان پێدا

بکات، پێیان وایە ئەمریکا دەخوازێت ڕێرەوی شۆڕشەکەیان بۆ مەنزڵگای خۆی ئاڕاستە بکات. ئەوەی ئەم گێژاوە قووڵتر دەکاتەوە، فەزای فیکری و سیاسی میسرە، کە تادێت دەبێتە فەزایەکی ئیخوانی و میللەتگەرایی، بە تایبەتی سیاسەتی ئیخوان کە کەڵک لە ڕۆڵی ئەمەریکایی وەردەگرێت، لە هەمان کاتیشدا لەو بەشەدا بنکۆڵی دەکات کە تەرخانی پرۆژەی دیموکراسی و هاوکاریی کۆمەڵی مەدەنییە.

میسر لەم قۆناغەدا لە بەرزەخێکی ئینتقالیدا دەژی. ئەوی دۆسیێ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بەدەستەوەیە عەسکەری تەنتاوییە، ئەوی گێری داوەتەوە فەرامۆشی و زۆر خۆی لێ ناکاتە خاوەن ئیخوانەکانە. لەم ئەستانەیەدا درامای (NGO)کان گەیشتۆتە لوتکە و چیرۆکی مردنێکی ئاشکرایە، کەس تاوانەکە ناخاتە ئەستۆی خۆی، ئەوانەی بەو تاوانەوە گیراون بەسەردا کەوتوون، ئەوانەی دەستیان لەم دۆسییەدا هەیە ئەسەرێکیان جێ نەهێشتووە و دەستکێشیان لەدەست بووە.

٢٠١٢/٢/١٣

# ئەزموونەکە یەك پاکێجە

ئەوە چییە لە میسر دەقەومێت؟ ڕەنگە لە هەر میسرییەک بپرسی، بتوانێت شەرحێکت بۆ بکات کە تایبەت بێت بە میسر خۆی، بەڵام وەک میسرییەکان خۆیان دەڵێن، میسر ئوم ئەلدونیایە و کێشەکانی دایکی دونیا هەر دەبێ دونیا بە خۆیەوە مژۆڵ بکات.

میسر ئەمڕۆ قیبلەنومای بەهاری عەرەبییە و ئەو بارانەی لەوێ دەبارێت، وەک ئەوەی بارانی مۆسکۆی جاران بێت، لە هەندێک مەمالیکی تر چەتری بۆ هەڵدەدرێت. هەرچەندە باهۆزی بەهار لە تونسی سەوزەوە هەڵی کرد، بەڵام چونکە تونس دایکی دونیا نییە، بۆیە بە بارمتە لای حزبی نەهزە گلدراوەتەوە. هەڵبەت کەسیش نییە لە وڵاتی کۆلۆنیۆلەکەی پێشووی ئیتالیا: وڵاتی لیبیا، بپرسێتەوە.

لە میسر کێشە هەیە، کێشەکە زۆر لە ململانێی نێوان عەلمانی و ئیخوانی قوڵترە، وەک هەندێک لە دیدگای ئایدیۆلۆژیی رووتەوە وێنای دەکەن، لەسەری دەکەنەوە، یان لەسەری دێنە جواب، پشتیوانی لێ دەکەن، یان پێشی پێ دەگرن. ئەوی لە میسر دەقەومێت، لەوە قووڵترە لە دوالیزمی ئایدیۆلۆژیادا کورت بکرێتەوە.

موبارەک بە خۆپیشاندانی ملیۆنی ڕۆیشت و پرۆسەی

سیاسیی نویٰ لەویٰ دەستی پێ کردووە، کە پڕە لە کۆمیدیای هەڵەکان (وەک ناوی شانۆگەرییەکی شکسپیر خەبەر دەدا). مورسی لەسەر حوکمە و ئێستا دەخوازن وەک موبارەک بڕوا، ئەویش دەڵێ: کەس لە کەس پیاوتر نییە، ملیۆنێک دێنن، بە ملیۆنییەک پشتگیری وەڵام دەدەمەوە.

ئەمە سەر شانۆی ڕووداوەکەیە، بەڵام ژێرەوەی شتی تر دەڵێت. حوکمڕانیی ئێستا بە چ نرخێک هاتووە، لەوە دەچێ داوای لێ بکەن هەر بەو نرخە بڕوا. زمانحاڵی میسر ئەوەیە، ئەگەر خۆپیشاندان ئامڕازی دیموکراسییە، بۆ پێت ناخۆشە لە دژی خۆت بەکاربێتەوە؟ ئەگەریش خۆپیشاندەران نوێنەرایەتی زۆرینە بێدەنگ ناکەن، بۆچی ئەمە بۆ حکومەتەکەی موبارەکیش ڕاست نەبێت؟

وەک باوکە دامەزرێنەرەکانی سیاسەت لە کتێباندا باسیان کردووە، دیموکراسی بۆ ئەوەیە ویست و ئاواتی جەماوەر و توێژەکانی بچێتە ناو دامودەزگاکانی وڵاتەوەو لە مینبەرەکانی پەرلەمان و حکومەت و ئەنجومەنەکانی هەڵبژێردراو و مینبەرەکانی ترەوە خۆی بنوێنێت، بەڵام دیموکراسیی بەهاری عەرەبی وەک گەمەی مار و پەیژەی لێ هاتووە، هەر جارەی دەستەیەک چەکی دیموکراسی شەقام دەخەنە گەڕ، لەجێی ئەوەی شەقام بباتە ناو دەزگای حوکمڕانییەوە، دەزگای حوکمڕانی دەباتە ناو جادەوە. ئەمەشیان دابی خۆی دەخولقێنێ.

لە گەمەی سیاسیدا، هەر چەکێک زۆر بەکار هات ژەنگ هەڵدێنێ و نرخی خۆی لەدەست دەدات. چەکی جادە لە میسر خەریکە وای لێ دێت. ئامڕازێکی ئاسانترە لە ئاڵۆزییەکانی

دیکەی دیموکراسی، کەمێکیش تەلیسمی سیاسیی تێدایە، کە دەزانی خۆپیشاندەران کێن، بەڵام نازانێ ئەوانەی تاقەتی خۆپیشاندانیان نییە کێن و ڕێژەکەیان چەندە؟ لە میسر بەمانە ئێژن حزبی کەنەبە، کە دەکاتە ئەوانەی لەسەر تاکە قەنەفە دانیشتوون و هەر چاودێری دۆخەکە دەکەن تا ساغ دەبێتەوە.

مەسەلەکە بۆ چەکی دیموکراسیی هەڵبژاردن و نوێنەرایەتی وا نییە، ئەمەیان کۆششی سیاسیی گەرەکە و هەر بە (فیکە) و چەپڵە و (تەپڵ) لێدان ڕایی نابێت. بۆیە لای هەڵپەکاران دیموکراسی لە ناو دامودەزگان زەحمەتە و هی ناو جادە دیموکراسییەکی ئاسان و یەک ڕووە.

بۆ هەموو ئەوانەی دەخوازن چاوی لێ بکەن و ڕۆڵەی بەوەفای دایکی دونیا بن، ئەزموونی میسر یەک پاکێجە و کەرت ناکرێت، ئەوی فەسڵی لاچوونی موبارەکی پێ خۆشە، دەبێ پشووی درێژ بێت و فەسڵی لاچوونی مورسی و شکستی ئیخوانەکانیش ببینێت. سوپا دژی موبارەک هات، وا دژی مورسیش کەوتە کار. ئەم سوپایە باوەڕی بە ڕۆڵی خۆی کرد و لە دوو قۆناغدا پشتیوانی خۆپیشاندەرانی کرد.

لە سەرەتاوە باسی پەتای ئایدیۆلۆژی خوێندنەوەی ڕووداوەکانی میسرمان کرد، کە دونیای بەسەر ئێمە و ئەوانی عەلمانی و ئیسلامیدا دابەش کردووە، ئەمەیان هەر نەیسە کە ململانێیەکی فیکرییە و ئەگەر سەری تێدا نەشکێ، لەوانەیە ئەدەبیاتی فیکرییش دەوڵەمەند بکات، بەڵام پەتای لەوە مەترسیدارتر پەتای ئینتیقائییەتە، یانی گوڵبژێرێک بکەیت لە ڕووداوەکان، ئەوی بۆ دەسکەلای سیاسیی خۆت

دەست دەدات فۆکسی بخەیتە سەر، ئەوی لە قەلبت ناخۆشە بەردێکی زل بنەیتە بانی.

یەک پاکێجە: ملیۆنییەک بۆ موبارەک، دانەیەکیش بۆ مورسی، هەردووکیشی دەرسە بۆ هەموولایەک، کە مەرج نییە کۆپی بکرێت، بەڵام مەرجە دەرسی لێ وەربگیرێت. لە مۆدێلی زەمانی موبارەکەوە بۆ مۆدێلی زەمانی مورسی هەر وڵاتە و دەتوانێ مۆدێلی خۆی هەبێ و زەمەنی خۆی ئاوەدان بکاتەوە.

٢٠١٣/٧/٤

# ناوێك لەم ڕووداوە بنێن!

ئەوەی لە میسر ڕووی دا، لە تونس و لیبیا دەقەومێت؟ لەوێش سوپا لەگەڵ (جەماوەر)ی دژی حوکمی ئیسلامییەکان دێتە سەرجادە؟

هەفتەیەک پێش کەوتنی موبارەک و دەستپێکردنی «بەهاری میسر» لە قاهیرە بووم، سەری هەر دامەزراوەو ناوەندێکی میدیایی و سیاسیمان دەدا، دەیان گوت: باوەڕناکەین ئەوی لە تونس قەوما، لە میسر دووبارە ببێتەوە، دۆخی میسر جیایە لە تونس. باش بوو زوو گەڕامەوە، گەر نا لە میسر عاسێ دەبووم و بەپێی دابی کوردەواری، کە دەبێ لە گەمەی دوو تیپی فتبۆڵێنی بێگانەشدا لایەنگری لایەک بکەین، دەبووایە لایەنگری موبارەک یان لایەنگری شۆڕشم بکردبایە کە مورسیی هێنایە سەر کار. لە هەردوو حاڵدایشدا، وەک ئێستا دەردەکەوێت، گرەوم دۆڕابوو، موبارەک و مورسی هەردووکیان بوون بە دوو سەرۆکی لابراو.

ئەم ماجەرایەم وەختێک کەوتە بیر، کە لە بەدواداچوونی ڕووداوەکانی میسردا کۆنترۆڵی کەناڵەکەم خستە سەر جەزیرە، گوتم داخۆ لەگەڵ میری تازەی قەتەر و ڕووداوی تازەی میسردا جەزیرەی دێرین بەلای کێدا دای دەشکێنێت؟

دیتم دیدار لەگەڵ سەرکردەیەکی ئیخوانی تونسە، کە ئێستا حزبی نەهزەکەی لەگەڵ حزبەکانی تردا چووە بەقیندا و هیچیان بۆ ناسەلمێنێت.

بێژەر پرسیاری کرد: پێت وایە ئەوی لە میسر قەوماوە لە تونس دووبارە ببێتەوە؟ نوێنەرەکەی نەهزە بە دوودڵییەوە جوابی دایەوە: باوەڕناکەین ئەوی لە میسر قەوما، لە تونس دووبارە ببێتەوە، دۆخی تونس جیایە لە میسر.

ڕاستیێکەی تاقیبی تونسم نەکرد، تا بزانم ڕەوشەکەی چەند لەبارە بۆ نەفیکردن یان سەلماندنی قسەی میوانی جەزیرە، بەڵام ئێوارە لە گەرمەی کاری بەشی هەواڵدا هاوڕێکانم وتیان لە تونس وەک میسر بزووتنەوەیەکی (تمرد) پێک هاتووە. گوتم: ئاخری خێر بێت.

ڕاستیێکەی، ئەگەرچی لە پۆلینکردنی فیکریدا کەسانی وەک بەندە لە هاوڕێبازانی عەلمانیم، بەڵام ئەم پۆلینەکردنە عەلمانییە ئوسولییە لە واقیعی سەوزدا مەرج نییە هەموو جارێک داوەرییەکی موتڵەق و ڕاست بێت، چونکە شەیتان لە وردەکاریدایە و ئەمە دەکاتە دووبارەکردنەوەی هەمان لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژی کۆپیکراو، کە ئیسلامییەکانی لای خۆشمان تووشی هاتن. سەرەنجام لەنێوان موبارەک و مورسیدا بژارەیەکی تر بۆ مرۆڤ نامێنێتەوە، لەکاتێکدا درەختی ژیان یەک بەروبوومی نییە.

ئیخوان لە میسر هەمان کەلتووری دێرینی حەسەن بەننای دووبارە کردەوە، کە بە میسری پێی دەڵێن (یتمسکن لحد ما یتمکن)، واتە خۆی فەقیر دەکات، تا دەست بەسەر هەموو شتێکدا دەگرێت. ئەوە قەینا کە دەستی بەسەر هەموو شتێکدا

گرت، بەڵام بەلانی کەمەوە بۆ حەلاَلکردنی ئەوی بەدەستی هێناوە، دەیتوانی ئەوانی تریش شەریک بکات، تا ئاشتیی کۆمەڵایەتی پایەدار بووایە. ئیخوان ڕێگای بە ئیخوانکردنی هەڵبژارد، بۆیە دوای ساڵێک دوور خرایەوە. ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان خولانەوەی (سارتەر)ییە، کە سەرەنجام ناتوانین هەڵسەنگاندن بۆ چوار ساڵی ئەزموونی ئیخوان بکەین، چونکە دوای ساڵێک لابرا. ئەگەرچی ئەوان لەم ساڵەدا، کە چوونە سەربان، پەیژەکەیان لەگەڵ خۆیان بردە سەرەوە، تا کەسی تر پێیدا سەرنەکەوێت. لەبەر ئەمە خەڵک هاتنە سەر جادە و سوپاش کەوتە کار.

هێشتا زووە ناوێک لەم ڕووداوە تازەیە بنێین، ئایا فەسڵێکی نوێی بەهاری عەرەبییە، یان ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشوویەتی؟ ئایا ئەمە پۆست شۆڕشە یان سیاسەتە لە قۆناغی ڕاگوزەردا؟ کە وادەکات ملیۆنان کەس لەسەر شەقام ئیرادەی خۆیان نیشان بدەن، سەرۆکێکی (هەڵبژێردراو) عاسێ ببێت و سوپاش لەسەر شەقام بێت، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ حوکم بگرێتە دەست. دەبێ فەرهەنگی سیاسی ناو لەم پەرەسەندنانە بنێت، بەڵام ئەوی هیچ ئەملاولایەک هەڵناگرێت ئەوەیە، ئیخوان ناتوانێت فشەی بە ئیرادەی ملیۆنان خەڵک بێت لەسەر شەقام، کە هەمان شەقام شۆڕشی کرد و دەرفەتی حوکمڕانی پێ دان.

بێگومان ئەم ڕووداوە سوریالییە دەری دەخات، باسکردن لە کاریگەریی ڕووداوەکانی هەر وڵاتێک لەسەر وڵاتانی تر شتێکی مەنتیقییە، بەڵام کۆپیکردنی شرۆڤەی ڕووداوەکان لەسەر وڵاتان شتێکی کۆمیدییە و ئەوەی

لێ دەکەوێتەوە، کە ئێستا هەندێک شرۆڤەکاری دەمارگیر تووشی هاتوون و لایان بۆتە کوردە نامووسە و نازانن چۆن لە ژێر باری بێنە دەر.

٢٠١٣/٧/٥

# (گۆڕان) له میسر

وەک بڵێی ئەمریکا و زلهێزەکانی دونیا لەسەر هەڵوێستی گۆڕان پەکیان کەوتبێت، سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە لەسەر یەک ڕوونکردنەوە دەدەن، کە ئەوی لە میسر قەوما باش بوو. نەخێر خراپ بوو، نەخێر ئەوە کاری ناوخۆیە و ئێمە هەقمان بەسەرییەوە نییە.

ئەگەر ئیسلامییەکان لە ڕووی فیکرییەوە خۆیان ساغ کردبێتەوە و هەقیان بێت داکۆکی لە یەک مەنزومەی سیاسی و فیکری بکەن، کە لەگەڵ ئیخوان موسلمین کۆیان دەکاتەوە، ئەوا گرفتی گەورە تووشی گۆڕان هاتووە، کە لە سەرەتاوە خاوەنی مەنزومەیەکی فیکری نەبووە و زیاتر لە قەرەباڵغییەکی نارەزایی دەچوو، تا بزووتنەوەیەکی دامەزراو. گۆڕان لە سەرەتای بەهاری عەرەبییەوە ئەوەندە نەشئەی بوو بۆ گۆڕانکاری لە میسر و تونس، کە بەلاغی حەوت خاڵیی بۆ دەرکرد، ئەو نەشئەیەش تا هەفتەیەک پێش ئەم ڕووداوانەی میسر درێژەی کێشا، وەختێک سەرکردەی بزووتنەوەکە بە ئابوئاشکرا وتی: دەستووری هەرێم بۆ زەمانێک نووسراوە کە موبارەک لەسەر حوکم بوو. لە کاتێکدا ڕێگە زۆرە بۆ ڕەخنەکردنی دەستووری کوردستان، دوور لە قەرزکردنی مانا لە میسر و باکووری ئەفریقا،

بەڵام کە لە ئیخوانەکان قەوما، گۆڕان تووشی شۆک هات و نەیزانی چی بڵێت؟

ئەگەر دەستوورەکەی موبارەک خراپە، ئەوا بزاوتی سیاسیی میسرییەکان دەستوورەکەی مورسیشیان ڕەتکردەوە. لەبەرئەوە گۆڕان پەرچەکرداری وای نواند، ئەم هەموو مەسجە پێچەوانەی تێدایە.

تەماشا بکەن لە کوردستان عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان سەنگەربەندیی خۆیان ڕوون کردۆتەوە و بە چاک و خراپ ئیجتیهاد دەکەن بۆ ڕوونکردنەوەی مەنزومەی فیکریی خۆیان، بەڵام چونکە «گۆڕان» فیکرێکیان نییە و لەسەر ڕووداوی ڕۆژ دەژین، ئەم بەزمەیان لێ قەوماوە کە لە هەموو کایەیەکدا لێیان دەقەومێت.

کەس بە گۆڕانی نەوتووە ڕاتان چییە؟ بەڵام چونکە زۆریان لەسەر میسر گوت و کردیانە پێخۆری زۆر هەنگاوی سیاسییان، نەدەکرا ئەم جارە بێدەنگ بن، کە بێدەنگ نەبوون و زۆریان گوت، خراپیان گوت و شتی ناکۆکیشیان وت.

٢٠١٣/٧/٧

# سەیوانێکی بیرکردنەوە

خیتابی ئیسلامییەکانی کوردستان لە مامەڵەی خستنی حوکمی مورسی نەیتوانی دیدی ئایدیۆلۆژی تێپەڕێنێ و ببێتە بۆنەیەک تا بیسەلمێنن ئەوان، وەک چەپەکانی جاران، تووشی پەتای ڕەدووکەوتنی فیکری و مەرجەعیی نەهاتوون. سەرەنجام ڕەوتی ئیسلامی لای خۆشمان ئەوەی کرد، کە ئێستا وەکو قسەی خۆش لەسەر چەپ و کۆمۆنیستەکانی دەگێڕنەوە: لە مۆسکۆ باران بوو، لە کوردستان و عیراق چەتری بۆ هەڵدەدرا.

ئێستا لە میسر مورسی لابراوە، لە کوردستان ڕەوتێک هەن لە میدیا و لە سەکۆی سیاسەتدا کەمپینی ئایدیۆلۆژی بۆ دەکەن. وا تووشی دەردی کوردەناموسە هاتوون، خەریکە بڵێن عەلمانییەکانی ئێرە هانی جەنەڕاڵ سیسییان داوە «نەخشەڕێ» دابنێت و بەرادعیان تێگەیاندووە بەو پلەی پێی دراوە مەمنون و ڕازی بێت. خۆ ئەوە مورسییە کە دەستبەسەرە، نەک ئیسلامییەکانی کن خۆمان، ئیتر ئەم تەرجەمە ڕاستەوخۆیەی وافی و گۆگلی بۆ چییە؟

دەزانین هەر هێزێکی سیاسی لە دونیادا خاوەنی ڕێبازی فیکری و ئایدیۆلۆژی خۆیەتی و حەزی لێیە هاوڕێبازەکانی، لە هەر جێیەکی دونیا، پایەدار بن. بێگومان چەپەکان و سۆشیالیستەکانیش حەزیان لێیە هاوخەباتیو

هاوسەنگەری بووژاوە بێت. ئەمە بۆ دیموکراتخواز و لیبڕاڵو ئیسلامییەکانیش ڕاستە، بەڵام تەنها ئەم گۆشەنیگایە ببێتە باعیسی هەڵسەنگاندن، ئەوا دەرەنجامێکی چەوت و چەوێڵمان دەداتێ. سەرکەوتن و کەوتنی هەر ئەزموونێک لە هەر جێیەکی دونیا، بۆ هەر خاوەن ڕێباز و ڕەوتێک بۆنەیەکی چاکە بۆ هەڵسەنگاندن و دەرس هەڵێنجان. دەکرێ مرۆڤ هاوسۆزیش بێت، بەڵام نەک لە پاشا پاشاتر بێت. لە حاڵی وادا دەرس و پەندەکە لە گریان و ڤیغان گرنگترە.

تەجرەبە دەڵێت ئەو هێزانەی چەپی جاران، کە وابەستە بوون لەگەڵ کەوتنی سپۆنسەرە فیکرییەکانیان، کەوتن، بەڵام ئەو هێزانەی ڕەدونەکەوتن و لەناو هێڵی گشتیی ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازی فیکرییاندا خاوەنی دیدگا و ڕەوت و ڕەفتاری تایبەتی خۆیان بوون، توانیان هەڵە و کەموکوڕییەکان هەڵمژن و سەرلەنوێ، بۆ ڕێبازی خۆیان و لەسەر زەمین و نیشتمانی خۆیان، تێهەڵچنەوە و مانەوەو گەشەکردنیان مسۆگەر بکەن. نموونەی ئەمە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە چونکە پێبەندی هیچ مەرجەعو مەککەیەکی سیاسی لە ئاڕاستەکانی چەپی دونیا نەبوو و خۆی خاوەنی خوێندنگەی خۆی بوو، لەگەڵ کەوتنی ئۆردووی ڕۆژهەڵات نەکەوت، بگرە ڕاپەڕینی کوردستان، کە یەکێتی ڕۆڵی گەورەی تێدا گێڕا و منداڵدانی حوکمڕانیی بیست و دوو ساڵەی کوردستان بوو، لە ساڵی ١٩٩١دا بەرپا بوو، کە هەمان ساڵی کەوتنی یەکێتیی سۆڤێت و داڕووخانی ئەزموونی سۆشیالیستی بوو. یەکێتی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناریشی لەسەر ئەم کەوتنە کرد و بەشی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیشی لە دەرس و پەند پۆلین کرد و ڕێگای نوێی بۆ خۆی دیاری کرد. چونکە لە بنچینەدا ئەوە ئۆردووگای سۆڤێت بوو کە کەوتبوو، نەک کوردستان، نەک کوردایەتی و نەک بزاوتی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵی کوردەواری.

ئیسلامییەکانی کوردستان ئیتر دەبێ دۆخی تازێباری لەسەر مورسی تێپەرێنن و واز لە تیرئەندازی بەوەکالەت بێنن، کە لە داخی موبارەک و سیسی و بەرادعی هەڕەشەی مەعنەوی لە کورد و کرمانجی عەلمانی کورد بکەن، لە جێی ئەمە لەم تەجرەبە دەوڵەمەندە بکۆڵنەوە.

ئەمەش چەند پرسیارێکە بۆ ئەوان و بۆ ڕەوتە فیکرییەکانی دیکە و بۆ خۆشمان وەکو ڕۆژنامەوانیی کورد، کە کاری لەسەر بکەین:

- ئایا هەشتا ساڵ قوربانی بوون لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن (ئیخوان لە ساڵی ١٩٢٨ دامەزراوە) بەسە بۆ ئەوەی وەک پاڵەوانی دیموکراسی خۆت بناسێنی؟ هەموو قوربانییەکی دیکتاتۆری دەتوانێ ببێتە پاڵەوانێکی سەردەمی دیموکراسیش؟

- ئایا مورسی لابرا لەبەر ئەوەی لێنەگەڕان چوار ساڵ کار بکات، یان لەو ساڵەی سەرۆک بوو کاری چڵ ساڵی کرد، کە کاری ئەخوەنەکردنی دەزگای دەوڵەت و گۆڕینی بونیادەکەی بوو؟

- ئایا حزبێک یان سەرۆکێک، کە بۆ چوار ساڵ دێت و دەڕوا، مافی ئەوەی هەیە ستراکچەری چل ساڵی، چوار سەد ساڵی دەوڵەت و کۆمەڵ بگۆڕێت؟ لە کوێش؟ لە میسر

کە لە سەردەمی حوکمی عوسمانیشدا ملی بۆ هەموو بڕیار و سیاسەتێکی سوڵتان (خەلیفەی ئەو دەمی موسڵمانان) نەدەدا و میر و خدێوی و پاشایەتی خۆی هەبوو.

- ئایا ئەمانەت و عەهدی سەرۆک، کارکردنە لە چوارچێوەی گرێبەستی دەنگدەران و دەنگنەدەرانی، یان کارکردنە لە قوڵایی بونیاتی دەوڵەتدا، کە بە جۆرێک بگۆردرێت، ئیتر هەر مل بۆ سیاسەتی شێوە ئیخوانی بدات؟

-ئایا لەم چەرخی سۆشیال میدیا و دیاردەی دەرکەوتووی شۆڕشی پرتەقاڵی و پەمەیی و بەهاری عەرەبییەدا، دیموکراسیی ڕاستەوخۆی هەڵبژاردن و دەنگدانی چوار ساڵە دەتوانێ شەفاعەت بۆ سەرۆک مورسی بکات، ئەگەر میزاجی گشتی خەڵک بگۆڕێت، وەختێک لە ئەزموونی ڕێبازێکی سیاسی تەوەللا دەبێت؟

-ئایا ئیخوانەکان، بە کوردستانی و بە «کینانەییەکانەوە»، ڕازین سۆشیال میدیا و ملیۆنییەکانی تەحریر و تەقسیم موبارەک و بنعەلی لابدات، بەڵام ڕازی نین مورسی و غەنوشی بکەنە قوربانی؟

ئەمانە پرسیارن بۆ ئیسلامییەکانی خۆمان و بۆ عەلمانییەکانیش، کە هەردوو لە دەرەوەی هەڕەشە و هەڵچوون و تەکفیر بیری لێ بکەنەوە و دەرسی لێ وەربگرن. لە جێی ئەوەی چەتر بە هەوای مۆسکۆ و پەکین هەڵبدەین، لە جێی ئەوەی نوشتە بۆ قەومانی میسر بگرینەوە، با بە شەرتی بیرکردنەوە سەیوانێکی گفتوگۆ هەڵبدەین.

ئەگەر جێ نییە، کوردستانی نوێ میوانداریتان دەکات.

٢٠١٣/٧/٢١

# درامای رابیعە و تەحریر

ئەمساڵ زیاتر لە ١٠ زنجیرە درامای میسری سحوورو بەربانگەکانی ڕەمەزانیان تەنیووە. ئەمەش گەڕانەوەیەکی گەورەی هونەری میسرییە، دوای غەزای بێ ئامانی درامای سوری و ئینجا تورکی. دراماکانی میسر زۆر بابەت و ڕەهەندیان گرتۆتە خۆ، ململانێی نێوانیشیان لەسەر نمرەی یەکەمێتی تا دێ تینوتاو دەسێنێت، بەڵام سەرەڕای ئەمە درامای ژیان لە درامای ناو ستۆدیۆکان کەمەندکێش ترە. لەنێوان سحوور و بەربانگدا سەیری دوو درامای ژیان بکەن، کە ئەوەتا لە گۆڕەپانی تەحریر و گۆڕەپانی رابیعەی عەدوییە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن. ئەو دوو گۆڕەپانە، شانۆی ڕاستەقینەی درامای ژیانن و هەموو توخمەکانی درامایان تێدایە. وەک هەر هۆنینەوەیەکی درامیش، بەرنامەو چالاکیی هونەری و شەوچەرە و شیعر و وتاردان و حیکایەتیشیان تێدایە. هێڵی سەرەکی دراماکەش، کەوتنی مورسی و کەتنی سیسی و گیرۆدەبوونی سیاسەتی میسرییە لە تەنگژەیەکی قووڵدا، لەوەتەی بەهاری عەرەبی لەوێ گیرساوەتەوە.

درامای ئەو دوو گۆڕەپانە و ڕووداوەکانی ڕاستیی

بەرجەستەن، بۆیە خەفەت و خۆشییەکانیشی ڕاستگۆ و لە گۆشت و خوێنن.

هەژدە ڕۆژ خۆپیشاندان، ساتەوەختی دراماتیکی خستنی موبارەک بوو، خۆپیشاندانێکی چەند ملیۆنی باعیسی کەوتنی مورسی بوو. وا ئێمە لە نیوەی دراماکەداین، کە گۆڕەپانی رابیعەی عەدوییە هێڵێکی دیکەی درامی دێنێتە نێو هەقایەتی ژیانەوە: هێڵی ئیخوان لە لێقەومانی نوێیاندا.

ئەگەرچی ئەم دراما واقعییە دەبێ وەک ڕەمەزان بۆ ماوەی مانگێک بێت، بەڵام بانگەوازی ئەم دواییەی فەریق ئەوەل عەبدولفەتاح سیسی وەزیری بەرەڤانی، کە داوای کرد ڕۆژی هەینی( ئەمرۆ) دراماکە پڕ ببێت لە کۆمبارسی چەند ملیۆنی، پەلەپەلێکی وای پێوەیە، وەک بڵێی هەم خەڵکەکە و هەمیش پاڵەوانەکان لە دراماکە بێزار بوون. وەک دراماکانی جاران بخوازن لە ئەڵقەی سێزدەیەمدا هەموو شتێک بە پەلە یەکلایی بکەنەوە.

ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیست ئوسامە ئەنوەر عەکاشە شەوانی حلمییەی لە درامایەکی ئاساییەوە کردە داستانێکی چەند بەشی، دوو هێڵی سەرەکی ململانێی دوو بنەماڵەی سەلیم ئەلبەدری و سلێمان غانم بوو، ململانێی بۆرژوا و دەرەبەگایەتی، کە لە زەمانی پادشاییەوە بۆ زەمانی ناسر و سادات، لە سۆشیالیزمەوە بۆ کرانەوەی ئابووری، درێژ دەبێتەوە. ئینجا لە زەمانی موبارەکدا، لە کرانەوەی ڕێژەیی سیاسیدا دەگیرسێتەوە. لەو وێستگەیەی موبارەکدا ئوسامە وازی لە شەوانی حلمییە هێنا، بەڵام گەلی میسر وازیان نەهێنا، خۆیان لەسەر زەمینی واقیع

بەشی چوارەمی شەوانی حلمییەیان بەرجەستە کرد، یانی موبارەکیان لابرد، ئێستاش لە سەکۆی رابیعە و تەحریرەوە ململانێکە بە شێوەیەکی تر درێژەی  هەیە.

ئەمڕۆ سیسی چاوەڕێی پشتیوانی چەند ملیۆنییە و ئیخوانیش، کە بەشداری سەرەکی هەموو دراماکانە، قسەی خۆی هەیە.

ساڵی ١٩٢٧ ئەتاتورک لە تورکیا خەلافەتی هەڵوەشاندەوە، هەر ئەو کات لە میسر کەڵکەڵەی جێگرتنەوەی ئەستەنبوڵ لە کەللەی میسری ڕەسمی و میسری شەعبی دا. ئەوە بوو حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٢٨دا ئیخوانی بۆ هەڵسانەوەی پڕۆژەی ئیسلامی ڕاگەیاند و پشتی چەند ساڵێکیش کەڵکەڵەی زیندووکردنەوەی خەلافەت ئەندێشەی مەلیک فوئاد و ئینجا مەلیک فاروقی داگیر کرد. ئەم دوانە ئیخوان‌و بیلات لە داخیرڕەوتی لیبڕالی میسر، بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشای نەحاس، چوونە هاوپەیمانێتیەوە و وڵاتیان بەرەو دارزان برد. ئەو کەمە بژارە لیبڕالییەیان بە میسر ڕەوا نەبینی و لەوساوە تا ئێستاش ڕەوتی لیبڕالی لەناو ڕەوتە باوەکانی میسردا هەر بە حاڵ نوزەی لێوە دێت. پاش چەند دەیەیەک ئەم ڕەوتە بێ پشتیوانی عەسکەر دەرقەتی ڕەوتی میللیگەرایی ئیخوان و سەلەفی و فلول نایەت.

دراماکان لەسەر شاشە ڕوویان لە کۆتاییە، دیار نییە دراماکەی سەر گۆڕەپانەکان ئەمڕۆ ڕووی لە چ پەرەسەندنێکی دراماتیکییە؟

٢٠١٣/٧/٢٦

## ناکۆکیمان کەم نییە، با میسریشی نەیەتە سەر

لە لایەنگرانی ئەوەم هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەڵوەستەیان هەبێت لە ئاستی ڕووداوەکانی میسردا، بەڵام نەک تا ئەو ئەندازەی ئەم قەومانەش ببێتە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی، کە ڕەوشی سیاسیی کوردستان، زیاتر لەوەی ئاڵودە و تێکەوتووە و تێماوە، ئاڵودە بکات.

هەڵوەستە لە ئاستی ئەو ڕووداوەدا دەشێ چەند تەوەرە بێت:

- هەڵوەستەی سەرەکی بۆ پەند وەرگرتن: ئەم ڕووداوانە چیمان پێ دەڵێن و ئێمە چ کەڵکێکیان لێ وەردەگرین؟ باشە و خراپەکانی بۆ ئێمە و بۆ ئەزموونی میللەتانی تریش لە کوێن و چۆنن؟

- هەڵوەستەی ڕێباز و نزیکایەتی سیاسی: هێزەکانی کوردستان لە ئاسمانەوە نەهاتوون، ئەوانیش چەند هەڵقوڵاوی کۆمەڵی کوردستان و و ژینگەکەی بن، هێندەش هەریەکەیان سەر بە مەکتەبێکی فیکری و کەم و زۆر لە دەوری ڕێبازێکی سیاسی دەخولێتەوە، کە یان دیموکرات، یان ئیسلامی و ئیخوانی، یان عەلمانی و نەتەوەییە، هەشمانە چەند ڕێبازی لەمانە لێک گرێداوە، هەشمانە چێشتی مجێورێکە بۆ خۆی. ئاساییە بە گوێرەی ئەم مەکتەبانە، لە سنووری

هاوسۆزی و هاوڕێبازیدا، لایەنداری و تەوەللابوون هەبێت لەگەڵ هاوێبازەکانیان لە میسر.

– لەم هەڵوەستەش گرنگتر، هەڵوەستەیەکی ئینسانی و دیموکراتخوازانە هەیە، کە کوردیش مرۆڤە و کوردستانیش بەشێکە لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی، پێمان خۆشە دیموکراسی هەبێ، ئاڵوگۆڕ نەک مۆنۆپۆڵ، سەروەری میسر و هەموو دونیا بێت.

پێمان خۆشە سەرۆک، کە بە هەڵبژاردن هاتبوو مۆنۆپۆڵی دەسەڵات نەکات، کە چەند ملیۆنێک بۆی ڕژانە سەر جادە دیموکراسی لە سندوقدا قەتیس نەکرێت، با سندوقی دەنگدانیش بێت. هەروا ئەگەر چارەسەری ئەمنیش بکرێت، ئەو هەموو قوربانی و خوێنە نەبێتە نرخێکی سەربار، کە سوپا بۆ پشتیوانی لە گەلیش بێت زوو بچێتەوە بنکەکانی، بەڵام لەوە زیاتر دەبێتە دەستێوەردان، کە نەک میسرییەکان کە خۆیان بە دایکی دونیا دەزانن و کبریائیان بە قەدەر کۆنینەیی و بەرزی ئەهرامەکانیان بەرزە، بەڵکو قەتەر و (کۆمارەکانی مۆز)یش دەستوەردانی وایان پێ ناخۆشە.

ئەگەر کاردانەوە لە ئاستی ململانێی ناو هەناوی سیاسەت و کۆمەڵی میسری لەو چوارچێوەیەدا قەتیس بێت هەر نەیسە، یان وەک میسرییەکان دەیڵێن هەر (مەئدور علیە)، بەڵام چونکە هەن لە کوردستان، لە سەرەتاوە ئەم ڕووداوانەی میسریان کردە دەسکەلای ئاماژە و توانجی سیاسی لەناو خودی ململانێی ناوخۆیی وڵات، بەوەی لەناو کوردستاندا بە دوای هاوشێوەی موبارەک و مورسی و سیسی و بەرادعی و ململانێ دژوارەکەی ئیسلامی و

عەلمانییەوەن. بۆیە ئەو وێناکردنەیان لێ بووە بە ڕاستی، وەک کابرای کوردەواری کە پۆلیس لە بەغدا وەگیری هێنابوو، هاتبوو لە پشدەرەکەی خۆمان یەخەی پۆلیسێکی خۆماڵی گرتبوو، گوایە: پۆلیس هەر پۆلیسە، جا لە بەغدا بیت یان لە پشدەر.

گوێم لە وتاری هەینی مزگەوتێک گرت، کە کەناڵێکی ئیسلامی ڕاستەوخۆ دەی گواستەوە، ئەوەندەی لێی تێ بگەم هیچی بۆ کوردستان نەهێشتەوە، هەستم کرد هێزی پێشمەرگە چوونەتە قاهیرە و مورسییان لەسەر تەخت لابردووە.

ئەم جۆرە خیتابە گرژە ناتوانێت سوودمەند بێت بۆ ژینگەی سیاسیی کوردستان، ناشتوانێت یارمەتیدەر بیت بۆ کەڵکوەرگرتن لە چاک و خراپەکانی ئەزموونەکەی میسر، ناشتوانێت کۆمەک بە لێقەوماوەکانی هەردوو بەرەی قوربانی توندوتیژییەکانی ئەوێ بکات، بەڵکو تەنها یەک شت وەدی دێنێت: قەومانی (میسر)یش دەکاتە خاڵێکی دیکەی ناکۆکی لە کۆمەڵی کوردەواریدا. بۆ ئەم هیچ نییە بیڵێم ئەوە نەبێت، کە خاڵی ناکۆکیمان کەم نییە تا لەسەر میسری مەحروسە ناکۆک بین و بەشەڕ بێین. میسر وڵاتێکی دێرینە و گەلەکەشی گەلێکی گەردەن کێڵە، خۆیان تەگبیری ناکۆکییەکانی ئێستا و داهاتووشیان دەکەن. دیسانەوە وەک میسرییەکان دەڵێن (الدور و الباقی علینا)

٢٠١٣/٨/١٨

## کرێکارانی عەبدولناسر چی بکەن؟

لەناکاو یادی عەبدولناسر و دەورانی سۆشیالیزمە تایبەتییەکەی هاتەوە نێوەندی سیاسیی میسر. لیژنەی ڕاسپێردراو بۆ دارِشتنەوەی دەستووری نوێی میسر وێرای دەستکاری ئەو برِگەیەی دەستووری پێشوو بکات، کە نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانی بۆ کرێکاران و جوتیاران تەرخان کردبوو.

ئەم برِیارە هی ساتەوەختەکانی سۆشیالزمی ڕۆمانسی عەبدولناسر بوو، کە بە یەکێک لە وەرگۆرِانە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی سیستمی سیاسی، دوای شۆرِشی ٢٣-ی یولیۆ لە ساڵی١٩٥٢دا، دادەنرێت.

ئەم برِگە زێرِینەی دەستووری ناسر، لە سەردەمی کرانەوەی ئابووریی سادات و لە سەردەمی بێ ناونیشانی حوکمرِانیی سی ساڵەی موبارەکیشدا، وەکو خۆی مایەوە. لە دەورانی یەک ساڵەی محەمەد مورسیش، کە بیچمی زۆر شتی لە سیستمی سیاسیی وڵات و لە دەستووری هەموارکراویش گۆرِی، دیسانەوە هەروەکو خۆی مایەوە. ئێستا لیژنەی سایەی شۆرِشی ٣٠-ی تەمموز، کە سی ملیۆن کەس و دەبابەکانی سیسی هێنایە سەر شەقام، برِیاریان داوە ئەم برِگەیە بە یەکجاری لاببەن. یانی ئەوە نییە

ڕێژەکە کەم بکەنەوە، یان پێشنیازی کەمکردنەوەی بکەن، بەڵکو بە یەکجاری لایان برد و بە کرێکاران و جوتیارانیان وت، جۆبلاوی لێ بکەن و هەر چین و توێژە با لە ململانێی هەڵبژاردندا بەش بۆ خۆی مسۆگەر بکات!

پاکانەی لیژنەی لایەنگری لابردنی کۆتای جوتیار و کرێکاران ئەوەیە، کە لە دوای زەمانی ناسرەوە ئەم کۆتایە، وەک ئەسپەکەی تەروادە، بەناوی کرێکارانەوە بۆ ئەفسەرانی سەر بە ڕژێم و بە ناوی جوتیارانەوە بۆ دەرەبەگانی نوێ و خاوەن موڵکەکان بەکار هاتووە، هەرچەندە دەستوورەکەی ناسر بە ڕوونی هەمان تاریفی سۆشیالیستەکانی بۆ کرێکار و جوتیار داناوە، بەڵام لە دەمی موبارەکدا گوشینی تەڕایەتی لە شۆڕشی ناسر هیچی نەبوارد، تا ئەم بڕگەیە بە ڕەنگ و ڕووی خۆی بمێنێتەوە، گەیشتە ئەوەی ڕابەری کۆمیدییان: عادل ئیمام، توانج لە هاوپەیمانێتی جوتیار و کرێکاران بدات، وەختێک لە فیلمی (الواد محروس بتاع الوزیر)دا لای ژنە گوندییەکەی خۆی پاساوی بۆ ژنهێنانی دووەم دەهێنایەوە، گوایە ژنی دووەم، کە خزمەتکاری ماڵە وەزیرە، سیفەتی کرێکاری بەسەردا جێبەجێ دەبێت، ئەمەش بەرجەستەکردنی هاوپەیمانێتی هێزی کارگەری گەلە.

ناسرییەکان و سەندیکاکانی کرێکارانیش لەسەر ئەم دەستکارییە دەستوورییە هاتوونەتە سەر خەت و دەڵێن گلەییتان لە شۆڕشی ناسر ئەوە بوو دیموکراسی و ئازادیی نەهێنا، کە ئێستا شۆڕشی تەحریر بۆ هاتنی دیموکراسی بەرپابوو، خێرە دەستکاری ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەردوو شۆڕشەکە دەکەن؟

بێگومان له ١٩٥٢ بۆ ٢٠١٣ گۆڕانکاریی بنچینەیی له کۆمەڵی میسر قەوماوە، کە ئەم بڕگەیەی وەک سەدان بڕگەی تری دەستووری قەدیم کردۆته کەرەستەیەکی تۆز لێ نیشتوو، بەڵام لابردنی یەکجارەکی ئەو بڕگەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی میزاجی سیاسی و فیکری لە میسر لەنێوان دوانەی بیری ئوسوڵی و بیری عەلمانی- لیبڕالیدا چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک جێی بۆ بزاوتی کۆمەڵایەتی و بڕگە گوزارشت لێکراوەکانی نەهێشتۆتەوە؟

٢٠١٣/١١/٢٢

# له پڕ هاتوو، له ناکاو چوو

بەهاری عەرەبی لە دەرەنجامە خۆشەکانیدا بەهار نەبوو، لە کورتخایەنی زەمەنەکەیدا وابوو، وا تەنها سێ ساڵە یادی دەکرێتەوە، کەچی شرۆڤەی نێوەندە میدیاییەکانی زۆر وڵاتی دونیا جاڕی مەرگی بەهاری عەرەبییان دا، هەندێکیان پاش ساڵێک گوتیان ئەمە بەهاری ئیسلامییە، پاش دوو ساڵ گوتیان ئەم بەهارە بۆتە زستانی سەخت و ئەمساڵ وا مەرگی ڕادەگەیەنن.

بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بەم جاڕنامەیەوە نەخوا دەڵێم، ئەم شرۆڤانە هەر هی ئەو ناوەندانەن کە چەپڵەیان بۆ بەهارەکە لێ دا و گوتیان بەم زووانە دیموکراسی و لیبڕالیزم لەگەڵ خۆی دەهێنێت. تەنها کەمینەیەک بوون گوتیان ئەمە کەفوکوڵێکە و دادەمرکێتەوە، خۆزگە ئێوە و ئێمەش لەو کەمینەیە دەبووین، ئێستا شانازی ئەوەمان پێ دەبڕا کە بڵێین: وەک ئەو عالەمە بەم دیمەنە هەڵنەخەڵەتاینو چاومان تیژتر بوو.

لە کوردستانیش ویستیان بەهار نمایش بکەن، بەڵام چونکە لە سەرەتاوە نمایش بوو، بۆیە ئێستا داڕێژەرانی تازەترین ناویان بۆ دۆزیوەتەوە کە (ڕووداوی نەخوازراو)ە!

بەهاری عەرەبی ڕاستە لە تونسەوە دەستی پێ کرد، بەڵام گرەوی ڕاستەقینەی لە میسر بوو، مەیدانی تەحریر

بووه ئیلهامبەخشی شۆڕشێکی ١٨ ڕۆژی، کە موبارەکی لابرد و (١٨) مانگی پێ نەچوو حوکمی دایە دەست مورسی. ئەو دوای چیرۆکەکە خۆتان دەیزانن، کە هەموو هەفتەیەک ملیۆنییەکە و ئێستاشی پێوە بێت، کە مورسی لابراوە، دۆخی میسر نەنیشتۆتەوە. بێ حیکمەت نییە لە سەروبەندی یادی بەهاری میسردا، حکومەتی میسر بە ڕەسمی ئیخوانی وەک تیرۆریست ناساند. شتێک کە قەت حکومەتەکانی پێشوو نەیانوت و هەمیشە ئیخوانیان بە جەماعەتی یاساغکراو دەناساند (جماعە مەحزورە) و نەیان گەیاندە مریشکەڕەشەی (جەماعەتی ئیرهاب).

ئایا ئەمە بەو مانایە دێت، کە موبارەک و قەزافی و ئەسەد و صالح باشترن؟ ڕاستێکەی، ئەگەر حوکمی ئەوان بکرێتە پێوەر، ئەوا دەبێت شۆڕشەکانی بەهار وەک سەیرانی قەشقۆڵی لێ بکرێت، هەموو پێنجشەممە و هەینییەک بەرپا بکرێت. چونکە ئەو ڕژێمانە شایانی هەموو (نا) وتنێکن، بەڵام لێرە قسە لەسەر جێگرەوەکانە، ئایا هەر دەبێ وابێ کە تا ئێستا بووە و بۆتە مایەی هاتنە سەرکاری حکومەتگەلێکی شەعبەوی دروشمباز، کە خۆی لە ئەرکەکانی بە دامەزراوەییکردنی وڵات و تێپەڕاندنی زەمانی حکومەتی (کاتی) و دەستووری (کاتی) دەدزێتەوە؟

بەهاری عەرەبی بۆیە مرداربۆوە، چونکە حکومەتە (کاتییە) بیست ساڵییەکانی بەو حکومەتانە گۆڕیووە، کە تا ئێستا ئەوانیش کاتین و خنەخنی درێژکردنەوەی ماوەکانی خۆیانیانە.

٢٠١٣/١٢/٢٩

## ئەو شۆڕشەی نەدەبا ڕوو بدات،
## ئەو شۆڕشەی هەر دەبووا ڕوو بدات

(جەلال عامر) ئەدیب و نووسەرێکی بزۆزی میسری بوو، کتێبێکی هەیە بە ناوی (میسر علی کف عفریت)، کە مانا حەرفییەکەی وا دێتەوە (میسر لە چنگی دێودا)، بەڵام مانای ڕاستەقینەی ئەوەیە (میسر خەریکە ئاوە و ئاو دەچێت).

ئەم کتێبە ساڵی (٢٠٠٩) چاپ کراوە، بەندە هەفتەیەک پێش (بەهاری میسری) لە قاهیرە کڕیم و هەر لەوێش، لە نووسینگەکەی مەلا یاسین، خوێندمەوە. هەر کەسێک ئەو کتێبەی خوێندباوە، دەیزانی بە فیعلی میسر خەریکە ئاوەو ئاو دەچێت، میسری نێو کتێبەکەی جەلال عامر پڕە لە کێشەو گرفتی ئابووری و گوزەران، بۆیە ئەوە ڕووی دا کە هەر دەبوو ڕوو بدات: شۆڕش لە گۆڕەپانی تەحریر.

من گەڕامەوە و شۆڕشم بۆ مەلا یاسین، هاوار موستەفاخان، بڵند شاڵی و محەمەد مورسی بەجێهێشت. ئیتر قەوما، قەومانەکەشی تا ئێستا، کە سێ ساڵ بەسەر ئەم شۆڕشەدا گوزەر دەکات، هەروا درێژەی هەیە.

باشە ئەم گێڕانەوەیە چ پەیوەندی بە ناونیشانی وتارەکەوە هەیە: ئەو شۆڕشەی نەدەبوا ڕوو بدات، ئەو شۆڕشەی هەر دەبا ڕوو بدات...؟

به ڕای من پەیوەندی هەیە، من کە جارێکی تر ئەم کتێبەی جەلالم خوێندەوە، ئەم ناونیشانە لێک جیاوازەم بە خەیاڵدا هات. برام کتێبەکە لە سەردەمی موبارەکدا دەرچووە و لە سەردەمی موبارەکدا ئەو هەموو ڕەخنە و توانج و سەرزەنشتانە نووسراوە. یانی ئەم کتێبە (و چەند کتێبێکی تریش کە لەوێ دیتم و کڕیم) دەری دەخەن، شتێک دیموکراسی لە میسر هەبووە.. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو (شۆڕشە نەدەبا ڕوو بدات)، بەڵام لە عەینی کاتدا کە ئەو هەموو کێشە و گرفتانە دەبینی کە کتێبەکە (میسر خەریکە ئاوە و ئاو دەچێت) نیشانیان دەدا، تێدەگەی کە ( ئەو شۆڕشە هەر دەبا ڕوو بدات). حاڵی میسر لە دۆخی هەژاری و دارمانی ئابووریدا حاڵ نەبوو برا، بۆیە شۆڕش ڕووی داو (دیموکراسییە)کەی موبارەک دادی نەدا و لە جێی ئەوەی میسر (ئاوە و ئاو چێت) دێوەکە ئاوە و ئاو چوو.

ئەم کتێبەی جەلال، کە بە بەرواری دەرچوون قەبارەی ئازادی هەبوو لە میسر دەسەلمێنێت و بە ناوەڕۆکی کێشەکانی باسیان دەکات قەبارەی ئازارەکانی خەڵکی میسر دووپات دەکاتەوە، بە کردەوە بۆچوونەکەی نووسەری بە توانا (جۆن برادلی) دەردەخات، کە پێی وایە شۆڕشی میسر بە تایبەتی و شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی، لەبەر دیموکراسی و لیبڕالیزمی شێوە ڕۆژئاوایی بەرپا نەبوون. بەڵکو بە پلەی یەکەم لەبەر کەرامەت و مەعیشەت و ژیانێکی بەڕوومەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە، کە لە حوکمی موبارەکدا دابین نەدەبوو. جۆن برادلی لە کتێبی (لەناو دڵی میسر، سەرزەمینی فیرعەونەکان لە

لێواری شۆڕشدایە)، پێش بەهاری میسری پێشبینی ئەم بەهارەی کردووە، کە لە شوباتی ٢٠١١ قەوما.

برادلیش، وەک جەلال عامر، پێش شوباتی ٢٠١١ پێی وابوو شۆڕشێ دەقەومێت، ئەمما لەبەر کەمیی دیموکراسی نا، بەڵکو لەبەر کەمیی نان و نزمیی گوزەران. برادلی چونکە زانی ڕۆژئاوا بە هەڵە لە شۆڕشە برسییەکەی میسر تێگەیشتووە و فاڵی لیبرالیزمی بۆ گرتۆتەوە، کتێبێکی دیکەشی نووسی لە ژێر ناوی (دوای بەهاری عەرەبی)، لەوێدا دەڵێت: ئیخوان دێتە سەر حوکم و ئەوانیش دەڕۆن و عەسکەر دێتەوە.

جەلال لە خۆپیشاندانێکی ٢٠١٢دا فەوتی کرد، فەقەت من نەم بیستووە برادلی کتێبی تری نووسیبێت، تا بزانین میسری مەحروسە دواجار چی لێ دێت؟

٢٠١٤/٣/٩

# نە لەمدیوە نە لەودیوە

٢٥ی یەنایەر لە میسر، لەناو بۆنەی ڕەسمیی ماتەمینی وەفاتی پادشای سعودیەدا ون بوو، نە خەڵک یادێکی شایانیان کردەوە، نە حکومەت، نە ئەوانەی پێیان وایە شۆڕشەکەیان لێ زەوت کراوە و نە ئەوانەی پێیان وایە حوکمڕانییەکەیان درێژەی شۆڕشی ٢٥ی یەنایەرە. شەقامەکانی قاهیرە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نادەن، شەقامەکانی یەمەن نوتقی باشتریان هەیە، بوونەتە چەند شەقامێکی ئاڕاستە جیا، کە هەریەکەیان داڵغەیەکی هەیە و تەرمی بەهاری عەرەبی بۆ لا کۆڵانێک پاڵ دەنێت.

بیرمە هەفتەیەک پێش شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ساڵی ٢٠١١ لە قاهیرە بووم، ئێوارەکەی فڕۆکەی بن عەلی لە تونس ڕایکرد و گەیشتە وڵاتی پادشا بە تەمەنەکانی سعودیە، فڕۆکەکەی ئێمەش لە فڕۆکەخانەی قاهیرە نیشتەوە، هەفتەیەک لەوێ بووم، لە کێم دەپرسی دەی گوت میسر وەک تونس نییە، ناقەومێ، کۆتایی هەفتە گەڕامەوەو مەلا یاسین-م بە تەنیا جێهێشت، تا بە تەنها ڕووبەڕووی ڕووداوەکانی ئەو ٢٥ی یەنایەرە ببێتەوە.

شۆڕشی یەنایەر بە دیوێکدا بەرهەمی سۆشیال میدیاو خوشکە بچووکەکەی (فەیسبووک) بوو، گەنجەکانی

میسر بەرپایان کرد و پیرەکانی ئیخوان موسلمین لە بەروبوومەکەیان خوارد. بە شەوق و زەوقی گۆڕەپانی تەحریری دایکی دونیاوە سوریا و لیبیا و یەمەنیش هاتنە سەر خەت و بەهاریان کردە دوانزە مانگ، بەڵام چونکە هیچ وڵاتێک لە هیچ وڵاتێک ناچێت، لیبیای قەزافی وای لێهاتووە هەر گەڕەکێکی بە دەست داعشێکەوەیە، ڕەوشی سوریاش مەعلومی جەنابتانە، یەمەنیش تا لێی ورد دەبیتەوە دەزانی فەرهەنگی زمانی عەرەبی بۆ دەفعی چاوەزار بە کوێر دەڵێ بەسیر، بە ڕەشی قەترانی دەڵێ ئەسمەر و بە بەختی خەواڵووی سەنعاش دەڵێ: یەمەنی سەعید.

لە میسر ئیخوان حوکمیان بە چ نرخێک بردەوە، بە هەمان نرخ دۆڕاندیان. ئامرازی دەستیان: سۆشیال میدیا، ملیۆنانی بۆ هێنانە سەر جادە، بەهەمان ئامرازیش ملیۆنان لە دژیان هاتنە سەر جادە، فەیسبووک لەهەمبەر فەیسبووکو شەقام دووڕیانی شەقامێکی ترە. واقیعی میسر لەبەریەکەوتنی نێوان دوو قۆناغدا قۆناغێکی تری هێنایە کایەوە؛ نە موبارەک مایەوە، نە مورسی لەسەر تەختی تەحریر دانیشت، سەرۆک سیسی چارەسەری مامناوەنجی مێژووە بۆ بەریەککەوتنی دوو ویست. مێژوو هەمیشە وا دەڵێ: لە شوێنێک قەرەبووی شوێنێکی تر دەکرێتەوە. دوای سەد ساڵ لە عروبەی خەلافەتی ئەمەوی عەباسییەکان، بە یارمەتی خوراسانی، ئەمەوییەکانیان لە مەشریق دەرکرد، لە مەغریب و ئەندەلوس قورتبە پەیدابوو، کە شەست ساڵی تر سەنەوی خەلافەتی ئەمەوی تازە کردەوە. ئێران گرەوی نفوزی لە یەمەن بردەوە و سعودیە لەوێ دەرکرا، قاهیرە

دڵی دانەوە و لە جێی ئاهەنگی شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر پەڕۆی ڕەشی بۆ مەرگی مەلیک عەبدوڵڵا هەڵکرد.

حەیف بۆ ئەو هەموو گەنجەی لەو بەهارانەدا کوژران، کە خەڵکی زۆری کردە «وەزیر و پەرلەمانتار». لە سعودیە، کە میوانداری ڕاکردووەکەی بەهاری تونسی کرد، شایەک ڕۆیی و شایەکی دی جێی گرتەوە، لە یەمەن سالْح ڕۆیی و هادی هات، هادی ڕایکرد و ڕەنگە سالْح بێتەوە، تەوەکەل کرمانیش لەو نێوانەدا بێ دەسکەوت نەبوو، ئەویش وەک ئۆباما نۆبڵی ئاشتی وەرگرت، ئاشتیش بە دەستەواژەکەی هێمن موکریانی هێشتا نەهاتۆتە دی، نە لەمدیوە و نە لەودیوە، نە لە یەمەن، نە لە میسر و نە لە جیهان، حەیف بۆ ئەو خوێنەی لە گۆڕەپانەکاندا ڕژا.

٢٠١٥/١/٢٦

# سومە حیجابی ناوێت

ناوی ئوم کەلسوم بۆ ئەوانەی دەخوازن میسر لە ڕەگەوە دەربکێشن ناوێکی جێی ئیلتیبباسە. لەبەرئەوە دواجار لەسەر ئەوە گیرسانەوە سەرپۆشێکی لەسەر بکەن. خۆی دەمێکە فەوتی کردووە و ئەمری خوای گەورەی بەجێ هێناوە، بۆیە چارەسەر ئەوەبوو سەری بە حیجاب دابپۆشن.

هەرچۆنێک بێت سەرپۆشی باشترە لەوەی ئەبوعەلا معەری، کە لە سوریا سەری پەیکەرەکەیان پەڕاند. میسر ، لە چاو سوریا، لە توندڕەویشدا نێوەنجییە.

بەڵام بۆچی ناوی ئوم کەلسوم جێی ئیلتیبباسە بۆ توندڕەوەکانی میسر؟

سومە، کە ناوی خۆشەویستی وییە، هونەرمەندێکی سەنگین و ڕەسەن و ئەدگارێکی دیاری فەرهەنگ و کۆمەڵگەی میسرە لە سەدەی بیستەمدا. سەنگینە ناتوانن تانە لە پێگەی سەنگینی بدەن و ئەوەی لێ بکەنە بیانوو، کە لە هونەرمەندانی ڕاگوزەری دەکەنە بیانوو، ڕەسەنە چونکە بەرهەمی بەجێماوی تێپەڕی زەمان و زەمینی وەرگۆڕاوی سیاسەت و حوکمڕانییە. بۆیە پەیکەرێکی باڵای لە پەلاماردان پارێزراوە و بۆیان ڕام نابێت.

ئوم کەلسوم هونەرێکی بەرزی پێشکەشی میسر کرد، کە شاهیدی دەورانی جیاجیای ئەندێشە و سۆزی میسرییەکان

بوو. بۆیە ئاهەنگ و بۆنەکانی لەسەر شانۆ و لە ڕادیۆو دواتریش لە تەلەفزیۆنەکانەوە تەقسیێکی میللی بوو، کە هەموو چین و توێژەکانی بەخۆیەوە گرێدا بوو.

تۆماری دیکۆمێنتاری ئاهەنگەکانی سومە ئیلتیباسێکی ترە بۆ ئەوانەی دەخوازن وا وێنای میسر بکەن، کە هەر بە حیجاب و بالاپۆشییەوە لەدایک بووە. ئەرشیفەکانی تەلەفزیۆن و سینەماکانی میسر لە چلەکان و پەنجاکاندا، کە کۆڕی ئاهانگەکانی ئوم کەلسومن، جەماوەرێکی لێبوردەو ژنان و کچانێکی مۆدێل لەبەر دەردەخەن کە ئیدیعای مێژوویی توندڕەو و سەلەفییەکان ڕەت دەکەنەوە، شاهیدی ئوم کەلسوم شەهادەی تەزویری ئەوان لەسەر کۆمەڵی میسر وەک سکاندالێکی فیکری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی دەردەخات.

وێنای میسری ڕاستەقینە هەمەڕەنگ و ڕەسەنایەتی و سەنگینییە و وێنای ئەوانەی سەرپۆش دەکەنە سەری ئوم کەلسوم، وێنایەکی برینداره و لەبەردەم بەڵگەی تۆمار و بەڵگەی دەنگی ڕەسەن و ڕەفتاری سەنگینی سومەدا خۆ ناگرن.

هونەرەکەی ئەو، هونەری غەفڵەت و سیاسەتی ئەنگوستیلەی چانس نییە، هونەرێکی دوورمەودا و تێپەڕی زەمەنەکانە، خۆرە کە حیجاب دای ناپۆشێ.

میسری کۆمەڵگەی گوێگر لە ئاهەنگەکانی ئوم کەلسوم میسرێکی هەمەڕەنگە، هی سەرای مەلیک و ئەفسەر و ئیخوان نییە، هی هەموولایەکە بە یەک مەسافە.

٢٠١٣/٢/١٧

## پەیکەری معەری

لە جیاتی ڕووخانی بتی دیمەشق، توندڕەوەکان پەیکەری ئەبو عەلا معەرییان لە مەعرەت ئەلنوعمان ڕووخاند، سەریان لە لاشەکەی کردەوە. بەم جۆرە شۆڕشی سوریا گەیشتە ئامانجەکانی خۆی، بەڵام بە شێوەیەکی کۆمیدی.

ئاژانسەکانی هەواڵ پێشینەیەکیان دایە هەواڵەکەش: ئەو گرووپەی «چالاکییە»کەی کرد، ساڵی پاریش ویستویەتی سەری معەری بپەڕێنێ، چونکە وای زانیووە ئەم پەیکەرە هی باووباپیرانی بنەماڵەی ئەسەدە، تا ژمارەیەک ڕووناکبیر فریاکەوتوون و ئەو پەیکەرەیان نەجات داوە، کە بۆ جاری دووەم تێکەوت، کەوتە بندەستی تەکفیرییەکان و تۆڵەی ئەسەد لەو کرایەوە.

ئەبو عەلا معەری (٩٧٣-١٠٥٨ی زاینی) شاعیر و فەیلەسووف و ئەدیبێکی مونەوەری دەورانی عەباسییەکانە، نابینایەک بوو بە ئەقڵ و ئەندێشمەندی خۆی خاوەنی فەلسەفەو ڕوانینی فەیلەسووفانە بوو. معەری نە بەعسی بوو، نە شەبیحە و نە پەیەدەش، تا لقوپۆپەکانی جەیشی حور لە نوسرە و تەکفیرییەکانی تر ئەتکی یاد و یادەوەریی بکەن، لە کەس نەبیستراوە و کەس نەی دیتووە کە هیچ هاووڵاتییەکی سوری سوجدەی بۆ پەیکەری وی بردبێت، تا بڵێن پەیکەری بیدعەیە. پەیکەرێک، وەک دەیان میعمار و مەعلەم و ئەدگاری

تری دونیا، گوزارشت بوو له ڕەوت و ڕێبازێکی فەلسەفەو فیکر و هیچ پەیوەندی بە ڕژێمی ئەسەدەوە نەبوو، بەڵام مەعلوم ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە پەیوەندییان بە ڕژێم و ڕەوتی هاوشێوەی خۆیانەوە هەیە.

وەک ئەوانەی تالیبان، وەک ئەوانەی مالی و ئەوانەی ئەنساری ئیسلام لە هەورامانی کوردستان، کە پەلاماری گۆڕی نەقشبەندییەکانیان دا، هەموویان هی تۆڕی قاعیدەن و دەرچووی ئەو خوێندنگەیەن، کە بە ناو و نازناوی جیاجیاوە لە ژێر پەردەی ئاینداریيدا سەر و ماڵی موسڵمانان تەلەف و یادەوەرییان زەوت دەکەن.

معەری وەکو بەعسی نەبوو، لە شۆڕشگێڕانی بەهاری عەرەبیش نەبوو. ئەو لە زەمانی بەهاری گەشانەوەی عەرەبی و ئیسلامییدا، سەردەمی عەباسییەکان، شاعیری ڕەشبینی و فەیلەسووفی پرسیارکردن بوو لەسەر جەدوای بوون و نەبوون، پێش شکسبیر و دانتی و ئەو دوای ئەستێرەکانی ڕێخۆشکەری ڕۆشنگەری.

ڕەشبینیی ئەم شاعیر و فەیلەسووفە وا بوو، کە تەنانەت ئارەزووی ماڵ پێکەوەنان و نەوەخستنەوەی نەبوو، تا ئەوەی دایک و باوکی بەسەر ویان هێناوە، ئەو بەسەر دوای خۆیدا نەهێنێت.

لەم سەدەی بیستویەکەمەدا، کە حاڵی سەر پەڕاندنی پەیکەر و ئەدگاری شارستانیی دەبینین، بیر بۆ ئەوە دەچێت ئەم نابینا ڕەشبینە لە خۆڕا وا ڕەشبین نەبوو، پێشبینی بەهاری وای دەکرد کە ستایشی خەزان دەکات.

٢٠١٣/٢/١٤

## تەقینەوەکانی بەیروت

کۆتایی ئەم هەفتەیە توندوتیژی و تەقینەوە لە زۆر شوێن و پایتەخت ڕوویان دا. بەتایبەتی عیراق هەر باس مەکە، کە ڕۆژی ئاسایی تێدا نەماوە. لەناو تەقینەوەکانی کۆتایی هەفتەدا، ئەوەی لە لوبنان قەوما هەڵوەستەی گەرەکە. تەرابولس شانۆی لەخوێن گەوزانەکەی هەینی بوو، کە چل و پێنج کوژراو و نزیکەی پێنج سەد برینداری لێ کەوتەوە، بەڵام تەڕایەتی خوێن هەموو یادەوەریی لوبنانی ئاودایەوە.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا دونیای عەرەب جێگیر و ماتو مەنگ بوو، لوبنان لە جیاتی عەرەب هەموو نرخێکی دەدا. بەیروت پایتەختی یەکلاکردنەوەی ململانێ و قەرز و قۆڵەی نێوان بەرە جیاجیاکانی عەرەب و عەجەم و ئیفرەنج بوو، باخچەی پشتەوەی سیاسەتی ڕەسمیی عەرەب و پەناگەی ئۆپۆسیۆن و ئازادیخوازان و میدیای بەرهەڵداوی خاوەن ناسنامەی جیاجیا بوو، لە جوگرافیایەکی ڕۆژهەڵاتیدا کە هیچ جیاوازییەکی نەدەسەلماند، ئەم ژینگەیە چەند بەرهەمهێنی دوورگەیەکی ئازادی بوو، ئەوەندەش ژینگەی نفوزی بەریەککەوتووی هەموو پێک ناکۆکەکان بوو، ئەو وەسفە ئەفسانەیەی دەیگوت دونیا لەسەر پشتی گایە و گایەکەش

کە کلکی بادا، یان گوێی بلەقێنێ، زەمین لەرزە دەقەومێ وەسفێکە لە واقیعدا بۆ لوبنان دەگونجا، لە هەر پایتەختێک پژمین هەبێت، لە لوبنان هەژان یەکەم کاردانەوە بوو.

وا دەهاتە بەرچاو لە ڕێککەوتنی تایفەوە لوبنان ڕووی لە ئاوەدانییە و پەیوەندی جێگیری هێزە مامناوەندییەکانی هەرێمەکەش یارمەتیدەری سارێژبوونی زامەکان دەبێت، بەڵام وا نەبوو، بەهاری عەرەبی وەک هەموو شتێکی بەسەر یەکدا ترنجاند، مێزی گفتوگۆ و پێکەوەیی ناکۆکییەکانی لوبنانیشی قڵپ کردەوە.

ناوچەکە هیچی تێدا نەبوو، لوبنان سیحەتی باش نەبوو، ئێستا ناوچەکە هەموو پەتای توندوتیژی و ناکۆکی دای گرتووە، بەیروت و تەرابولس چۆن بەشێنەیی لێی دەردەچن؟.

ناشێ وەک دەیان پەرچەکرداری دیکە لە هەمبەر بەسەرهاتەکانی سوریا، سەیری تەقینەوەکەی تەرابولس بکرێت، ئەمەی تەرابولس نەزیری شوومەکە، لوبنان لەم ژینگە عەرەبییە هەر ئەمەی بەر دەکەوێت کە بەری کەوتووە.

بەهاری عەرەبی هات، تاوەکو پایتەختە عەرەبییەکان وەک بەیروت نیمچە دیموکراسی بن، کەچی ئەوان لەسەر دیموکراسییەکی جێگیر خۆیان قایم نەکرد و وا خەریکە لوبنان، سەرباری دەردەکانی تری، دەردی بەهاری عەرەبیش دەچێژێت.

٢٠١٣/٨/٢٥

## ڕۆژگارە خۆشەکانی دیمەشق

بە دۆست و دوژمنەوە خەریکی ئیسحافکردنی حکومەتی ئەسەدن لە سوریا. هەموویان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دۆخی وڵاتەکە بێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ئەو لە هەر فۆرمێکی چارەسەردا مومکین نییە ناکۆکەکان داسەکنێن. ئەوی لەوانی تر توندتر بوو ئەمڕۆ پەلەتر داخوازی ئاشتبوونەوە دەکات لەگەڵ دیمەشق. تورکیا توندتر بوو، کەواتە ئەو لە هەمووان بەپەرۆشترە بۆ دەستلەملانێ. چوونە مۆسکۆی ئەردۆگان و هاتنە ئەنقەرەی زەریف؛ وەزیری دەرەوەی ئێران، دوو باڵی فڕینی پەشیمانین بۆ ئەنقەرە، وەختێک ڕوو لە قارداشەکەی جاران: بەشار ئەسەد، دەنێت.

سەرۆک وەزیران بناڵی یەڵدرم، گوزارشتێکی ئەدەبی جوانی بۆ زەقترین پاشەکشێی دیپلۆماسی بەکارهێنا: ڕۆژگارێکی خۆش چاوەڕێی دیمەشق دەکات، یانی لاپەڕەی بەهاری دیمەشق، وەک بەشێک لە بەهاری عەرەبی، پێچرایەوە. ڕۆژگارە خۆشەکانی کەینوبەینی ئیقلیمی دەست پێ دەکاتەوە، کە لەپشت پەردەوە ساتوسەودا دەکرێت. ئەو پێویستی بەوە بوو جورعەی تاڵی «شۆڕشگێڕی» لە سوریا جێی بۆ دوو کەوچک دەرمانی پیلانگێڕی چۆڵ بکات.

لەبیرمان بێت لە کۆڕی ڕێزگرتنی کوردستانی نوێ لە

کتێبی «شەمەندۆفێری میزۆپۆتامیا»دا مامۆستا جەنگیز چاندار پێشبینییەکی سەرۆک مام جەلال-ی گێڕایەوە لەسەر سەرەتای بەهاری عەرەبی لە سوریا. مام لە ساڵی ٢٠١١وە وتبووی: ئەسەد بەو ئاسانییە ناڕووخێ، کە ئێوە پێشبینی دەکەن. ئەگەر بە گوێی مام-یان بکردایە، ئێستا خوێن و فرمێسکێکی زۆر گلدەدرایەوە و بە تێچوویەکی کەمتر مومکین بوو پرۆسەی گۆڕانکاری سەربگرێت. سەبری شۆڕشگێڕانەی زیاتر، تەقینەوە و تیرۆرێکی کەمترە.

پێشبینی مام هی شۆڕشگێڕێکی بەسەبر و ئەزموون، دیدەیەکی بەرچاوڕوون بوو کە ئەوانەی لە بەهاری عەرەبیدا ڕۆڵی کارەکتەری (شۆڕشگێڕییان) وازی کرد، لێی حاڵی نەبوون، بە نرخی دواکەوتنی حاڵیبوونەکە ئەمڕۆ پەلەدەکرێت لە ئاشتکردنەوەی ئەسەد. بێگومانین پاڵپشتکردنی ئەو ئاشترکردنەوەیە بە بەڵێنی گۆڕانکاریی دیموکراسیانە.

# سعودیە لێی دەرباز نابێت

فەزای سیاسی و میدیایی لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا کەوتوونەتە تەقە لە سعودیە و هاوپێناوەکانی لە کەنداو. تەنانەت ئەوانەشی سەد تۆڕی جاڵجاڵۆکەی بەرژەوەندیی ئابووری و دارایی لەگەڵ ریاز کۆی دەکردنەوە، کەوتوونەتە تەقە لێی. سەرەتا تەقەکان وەک فیشەکەشێتە، یان وەک ئاگری دۆستانە بوون. لێ نها خەریکە پەلاماردانی شانشینی وەهابیەت و بیری توندڕەوی شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک دەگرنە خۆیان. نە ڕوونکردنەوەی باڵیۆزخانەکان و نە هامشۆ و داوەتی وەک ئەوانەی خارجیەی زەمانی سعود ئەلفەیسەل و سەفارەتی زەمانی ئەمیر بەندەر دەیان کرد، ناتوانن دیوارێکی پتەوی قەناعەتی تازە کون بکەن. قەناعەتی ئەوەی سعودیە بۆتە ناوەندێک بۆ ئەندێشەی قاعیدە و داعش و پارەکەشی بۆتە بەڵای دنەدانی هەرچی ڕێکخراوی تیرۆریستی دونیای عەرەبی و ئیسلامی هەیە، لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ یەمەن و بۆ کن بۆکۆ حەرام لە ئەفریقا.

قەبارەی ئەم وەرگۆڕانە لە هەمبەر سعودیە ئەو کاتە زیاتر دەردەکەوێت، ئەگەر بەراوردی بکەین بە ڕۆژگاری ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ و بەرخودی ئەمەریکا و

ڕۆژئاوا لە ئاست بەشداریی (١٩) هاووڵاتی سعودیە لە تەقاندنەوەی دوو بورجەکەی ناوەندی بازرگانی جیهانی و لە پەلاماردانی «شکۆی» پێنتاگۆن و کۆنگرێسی ئەمەریکادا. ئەو کاتە دامەزراوە سەنگینەکانی ئەمەریکا، لە هی سیاسی و ئابووری و میدیایی و ستراتیژی پاکانەیان بۆ سیاسەتی ڕەسمی سعودیە دەکرد و لە دژوارترین هەلومەرجی وێنەی قوربانی ئەمەریکادا دۆسێی تاوانی تیرۆریستانی بە بنەچە سعودییان لە دۆسێی سعودیەی ڕەسمی جیا دەکردەوە. ئەو کات ئەمریکا ئومێدی ئەوە بوو ریاز هاوکار بێت بۆ شەڕی تیرۆر و بەشدار بێت لە گۆڕینی ڕێڕەو و پەیڕەوی خوێندن و پەروەردە لە کەنداو و دونیای عەرەبدا، گوایە ئەو پەروەردەیە باعیسی تیرۆرە!. سعودیە لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت وێستگەی ١١ی سێپتەمبەری بە ئاسانی تێپەڕاند و لە دەورانی دووەمی دەرکەوتنی قاعیدەش لە عیراق وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، بەڵام وا ماوەیەکە ئیتر بۆنی بۆگەنی تیرۆر دیواری بەرژەوەندییە ئابوورییەکان تێدەپەڕێنێ و مەنزومەی وەهابیەت و پارە و کڕین ناتوانن کاری سیحربازی خۆیان بکەن. سیحرەکە بەتاڵ بۆتەوە. تەنانەت تۆماس فریدمان، وەک ڕۆژنامەوانێک کە بە دووانەی دۆستایەتی و ڕەخنەگرتن لە هەمبەر سعودیە و عەرەب ناسراوبوو، ناتوانێت شتێکی نوێ پێشکەش بکات. لە دوا نووسینەکانی لەسەر سعودیە، کە لەسەر داوەت و داهاتی کوڕانی شانشینی وەهابیەت سەردانی ریازی کردبوو، بە ئاشکرا دیارە کە سەنگی ڕەخنە بەسەر سەنگی دۆستایەتیدا

زاڵ بووه و ئیتر فریدمانیش ناتوانێت پینه و پەرۆی فیکریو سیاسی بۆ تۆماری ناجۆری هاوپەیمانێتی وەهابیەت و ئال سعود بێنێتەوە. هەروەها ئەوەش دیارە، کە چیتر سیاسەتی زاڵمانە و بێ ڕەحمانەی سەرانی کەنداو بۆ ناردنە دەرەوەی تیرۆر و خودسەلامەتی لەناوەوە دادی کەنداو نادات. بەم زوانە سعودیە و دۆستەکان و هاوشێوەکانی وەکو ئەمارەتی قەتەر، دەکەونە ژێر گوشاری هەڵگەڕانەوە و دەستبەرداربوونی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا لێیان، ئەوکات بە ڕووت و قووتی دەکەونە بەر ڕەشەبای ڕۆژگار و باهۆزی قین و تۆڵەی ئەو وڵاتانەی بۆ سعودیە بووبوونە کێڵگەی تاقیکردنەوەی بیری توندڕەوی، دوای هەناردەکردنی بۆ دەرەوە.

پتر لە ئاماژەیەک هەیە دەریدەخات تەمەنی ئەم ستایلە لە حوکمڕانی، کە تەنانەت ئەوەندە نازی کێشراوە بە ناوی بنەماڵەی حوکمڕانەوە نراوە، تەمەنێکی کورتە و سعودیە بە زەحمەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا جێی بۆتەوە. بە دووری نازانرێت حیجازەکەی جاران سەرهەڵبداتەوە.

یانی سەیرە لە ریاز، کە ڕۆژئاوا لە داخی وەهابیەت و گەرای قاعیدە و داعش هەمان ئەو چارەنووسە جێبەجێ بکات، کە ئەدەبیاتی قاعیدە ناوی مەڵبەندی حیجاز (بلاد الحیجاز)یان لێ ناوە. ئەمەش یانی کۆتایی دۆخی زێڕینی مەملەکەتی سعودیە، کە لە بۆنەی کۆبوونەوەی گەمییە ئەمەریکییە لەنێوان سەرۆکی ئەمەریکا فرانکلین رۆزفێلت و شای سعودیە عەبدولعەزیز ئالی سعود لە ساڵی ١٩٤٥دا دەستی پێ کرد و ٧٠ ساڵی بەسەر شەپۆلەکانی دونیای

دوو جەمسەری‌و سیستمی نوێی تاک جەمسەری و قەومانی یانزەی سێپتەمبەریشدا تێپەڕی و بە ئارامی لێی دەرباز بوو، ئێستا پێ دەچێت کاتی ڕاگرتنی کەشتییەکە هاتبێت.

سعودیە دەڕوا، چۆن ئیمپراتۆریا گەورەکەی مەغۆل ڕۆیشت، دوای ماوەیەکی کورت لە تەشەنەسەندنی، چونکە شمشێری جەنگیز خان و هۆلاکۆ و پارەی ئالی سعود ناتوانن قەرەبووی نەبوونی مەنزومەیەکی شارستانی بکەنەوە، کە دەوڵەتەکان هەر بە مەنزومەی وا دەمێننەوە و نەمر دەبن، با تەنانەت شمشێر و پارەش دروستیان بکەن. ڕاستیێکەی بیری داعشی، ئەگەر دەوڵەتی ڕاگرتبا بە درێژایی مێژوو لە داعش توندڕەوتر ستراتیژی (باقیه و تتمدد)یان جێبەجێ دەکرد.

٤ / ١ / ٢٠١٦

# فەسڵی دووەم

## بەهاری براغەکان

# ئۆكرانيا، پرتەقاڵی گەنیو؟

شۆڕشەکەی ئۆکرانیایان ناونا پرتەقاڵی، هی شوێنی تر پەمەیی و هی جێگای تر ئەرخەوانی. ئەمەش بۆ جیاکردنەوە بوو لە شۆڕشە سوورەکانی جارانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات. شۆڕشەکەی ئۆکرانیا (ساڵی٢٠٠٤-٢٠٠٥) سەرکەوت و وەک دووەم تەکانی دیموکراسی حکومەتێکی دیموکرات و غەربزەدەی هێنایە سەر کار.

یەکەم تەکانی کۆمارە پرتەقاڵییەکان، خۆڕاپسکان بوو لە حوکمی ئوردووی سۆشیالیستی، کە مۆسکۆ: پایتەختی شۆڕشی سوور، ناوەندەکەی بوو. دوو دەیە لە حوکمی خۆماڵی بەس نەبوو، شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکان، بە پرتەقاڵییەکەی ئۆکرانیاشەوە، هاتن تا وردە پاشماوەی عەهدی سۆڤێتی ڕابماڵن. هەر ئەوکات گوترا، ڕۆژئاوای سەرمایەداری لەپشت ئەو شۆڕشە نەرمانەوەیە، وەک چۆن وترا دنەی شۆڕشی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئۆردووی ڕۆژهەڵاتی دا.

لە ئۆکرانیا خانم یولیا تیموشینکو بە ناوی ڕیفۆرمەوە هاتە سەر حوکم، خۆی و هاوڕێکانی چەند ساڵێک خنەخنیان کرد و هیچیان بەهیچ نەکرد. زۆری پێ نەچوو خانم بە

تۆمەتی گەندەڵی خرایە زیندانەوە، نوخشە بێت لەوانەی بەتەڵەکەبازی سیاسەت دەکەن.

کەس ئیتر ئۆکرانیای لەبیر نەما، بەڵام نموونەی ئەو شۆڕشە پەمەیی و پرتەقاڵیانە بوونە جۆرێک لە سەنعەتسازیی شۆڕش، کە چاوشینەکانی ڕۆژئاوا دوکانو سەنتەر و وۆرکشۆپیان بۆ دانا. جا وەک هەر شمەکێکی ڕۆژئاوایی، کە گوێ بە کڕیار نادا و چاوی لە نرخی مشتەرییەکەیە لە بازاڕی خواست و خستنە ڕوودا، ئەم نیعمەتە بەر ئیخوانەکان و پاشماوەکانی قاعیدە و نەسرەو داعشیش کەوت. لەناکاودا بۆیان دەرکەوت ئەوانیش دەتوانن وەک خانمە شیکەکانی ئۆکرانیا شۆڕشی نەرم بکەن. بەهاری عەرەبی ئەوەندەی کوڕی ئەم شۆڕشە پرتەقاڵیانەیە، ئەوەندە کچی شەرعی شۆڕشی سپی هەنگاریا (١٩٥٦) و بەهاری براگ (١٩٦٨) نییە. ئۆکرانیا لەبیرچۆوە، تا بەم دواییە هاتەوە نێوەندی باسەوە: شۆڕشێکی نوێ بەڕێوەیە، چونکە حکومەتی ئێستاش دۆستی ڕوسیا، کە بێ وی هیچ شتێک لەو دەڤەرە هەڵناسوڕێ.

شۆڕشێکی تازە سەرەتاتکێیەتی، دیارە پرتەقاڵەکەی جاری پێشوو گەنیو دەرچوو.

٢٠١٣-١٢-٥

# پرتەقاڵیش سوور دەچێتەوە!

وێنەی سەرەکیی لاپەڕە یەکی ژمارەی دوێنێی کورستانی نوێ (ژمارە ٦٣١١ لە ڕۆژی ٢/٢٠) لەسەر قەومانی ئەم دواییەی ئۆکرانیایە، ڕووداوێک کە لە یەک ڕۆژدا (٢٦) کەس بوونە قوربانی پێکدادانی هێزەکانی دەوڵەت و خۆپیشاندەرانی ئۆپۆزسیۆن، ئەمڕۆش هەمان گرفت بەردەوامە و کاردانەوەی نێودەوڵەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. وێنە سەرەکییەکە، بە ڕێکەوت بێت یان بە گوێرەی سەلیقەی فۆتۆگرافەرەکە، لە هەمان تابلۆی ناوداری شۆڕشی فەڕەنسا دەچێت و هەمان تۆن و دابەشکاری ڕەنگ و فەزای قەرەباڵەغی تابلۆکانی شۆڕشە کلاسیکییەکانی ئەورووپای بەسەردا زاڵە، ئایا ئەمە شۆڕشێکە لە بواری فۆتۆی ڕۆژنامەوانیدا، کە گرتەیەکی ڕاستەقینەی خۆپیشاندانێک تابلۆیەکی هونەری دانسقە بەرجەستە بکاتەوە، یان گەڕانەوەیە بۆ نۆستالیجیای شۆڕشە ڕۆمانسییەکانی ئەورووپا؟

هێشتا قسەی کۆتایی لەسەر شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی نەکراوە، پەتای شۆڕشەکە گەڕایەوە بۆ مەفتەنی ڕاستەقینەی خۆی، کە وڵاتانی پێشووی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتە. نازناوی شۆڕشی بەهاری لە چەند دەورانێک

له ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا خۆی نمایان کرد، پێش ئەوەی بێتە ڕۆژهەڵاتە ڕاستەقینەکە، واتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی. ساڵی ١٩٥٦ لە هەنگاریا بە خونچەیەک بەهار هات و چوو، ساڵی ١٩٦٨ سەری لە پراگ دا، ساڵی ١٩٩٠ کە بەفری زستانی پریسترۆیکا لە ڕوسیا توایەوە، هەموو پایتەختە سوور و پەمەییەکانی ئەورووپای شەرقی بەهاری سەربەخۆییان ڕاگەیاند. چونکە ئەم بەهارە هەر سەربەخۆیی نەتەوەیی هێنا، بێ دیموکراسی و لیبڕالی. بۆیە لە ٢٠٠٤-٢٠٠٥یشدا هاتەوە سەر خەت و شۆڕشی پرتەقاڵی و ئەرخەوانی و پەمەیی بەرپا کرد. گوایە ئەم پەلکەزێرینانە ئیتر ئەرکی دیموکراسی و چاکسازی و ڕیفۆرمیان تەواو کردووە. کەچی وا ئۆکرانیا بۆتەوە شانۆی شۆڕشێکی تر و تابلۆیەکی تر دەنەخشێنرێت.

مەعلومە نەک شۆڕش، بەڵکو خودی ڕەنگی پرتەقاڵیش، کە شۆڕشەکانی بەناوەوە دەکرێت، ئەگەر چەند جارێک گوشراو بەکار هات، دوا دەرکەوتی تۆخی ڕەنگی سوور دەگرێت و دەبێتە خوێناوی، ئەوی ئێستا دەقەومێت و خوێنی (٢٦) کەسی کردۆتە بەرات، ئیتر لە بەهار ترازاوە و ڕووی لە شۆڕشێکی سوورە، ئەگەرچی شۆڕشگێڕەکانی دەخوازن لە ڕۆژئاوا نزیک بن و لە مۆسکۆ دوور بکەونەوە، کە جاران سووری خوێنین پاماڵی ئەو بوو.

باعیسی ئەم ڕووداوانەی ئێستا بە زاهیر ململانێیە لەنێوان لایەنگرانی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا و لایەنگرانی ڕێککەوتن لەگەڵ مۆسکۆ، بەڵام پێم وایە ڕەنگی ئەم تەنگژە

سوور هەڵگەڕاوە لە خاکی کییف-دایە، کە بە سێ شۆڕشی بەهاری (١٩٩٠-٢٠٠٥-٢٠١٣) هێشتا نەیتوانیووە لەسەر ناسنامە و سیستمێک بگیرسێتەوە. ئێوە دەڵێن چی؟

٢٠١٤/٢/٢١

# ماندێلا ... شتێك لەولای دوورڕوویییەوە

ڕووداوی گەورە، کە ڕەهەندێکی دونیاییان هەیە، هەم دەبێتە دەرفەت بۆ لەسەر نووسین، هەمیش دەبێتە مایەی دوودڵی لەو بارەیەوە. چی ماوە کوردێک بیخاتە سەر خەرمانی ئەو نووسین و ڕاپۆرت و ڕووماڵانەی لە میدیاکانی ناوچەکە و جیهان لەسەر خەباتی ماندێلا پەخشکران، بە بۆنەی ماڵئاوایی یەکجارەکییەوە؟ مەگەر باسکردنی سونبلێتی ماندێلا نەبێت لە ئاستە کوردستانییەکەیدا.

جوانترین یادکردنەوەیەک بۆ ماندێلا لە کوردستان ئەوە بوو، سەتەلایتی کەرکوک فیلمی (ماڵئاوا بافانا)ی پەخشکرد، کە ژیان و بەرگری ماندێلا لە گۆشەنیگای ژیانی پاسەوانی زیندانەکەیەوە دەگێڕێتەوە.

فیلمی ناوبراو لە دونیابینی ئەفسەرێکی سپی پێستەوە پەرەسەندنی خەباتی ماندێلا و وەرگەڕانی زیندانەکەی بۆ نێوەندێکی ناساندنی پرسی ڕەگەزپەرەستی لە باشووری ئەفریقا تۆمار دەکات. ٢٧ ساڵ زیندان دەبێتە ناونیشانی ٢٧ ساڵ تێکۆشانی بێوچان، تا ئەم کۆلۆنییە ئەفریقییە لە کۆتاییدا دەبێتە نیشتمانێک بۆ هەمووان. لە پشت دیمەنەکانەوە دوورڕوویی ڕۆژئاواش دەبینین، کە تا

ماندێلا خۆی نەسەلمێنێت، خۆیان ناکەنە خاوەن لە پرسی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن.

ئێستا مەرگی ماندێلا بۆتە بۆنەیەک بۆ ڕێزلێنان لەو بەهاو نرخانەی ماندێلا و دەیان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتان خەباتی بۆ دەکەن، هەروەها بەداخەوە بۆتە بۆنەیەکیش بۆ خۆپاککردنەوەی زلهێزەکان و ناوەندەکانی دەستڕۆیشتن لە سەرتاسەری دونیادا لە ڕابردوویەک تێیدا ماندێلا و دەیان ماندێلای تریان بەجێهێشتبوو تا بە تەنیا، مام جەلال وتەنی «پشتبەستوو بە خوای خۆیان، خودی خۆیان و خەڵکی خۆیان»، خەبات بکەن و سەری بخەن، دوایش ئەمانە لە بۆنەی سەرکەوتندا بۆ چەپڵە و دەستخۆشی ئامادەبن.

ئایا پێویست بوو ماندێلا (٢٧) ساڵ زیندانیی بێت، تا دونیا بزانێت هەڵاوێردکردن لەسەر بنچینەی ڕەنگی پێست شتێکی خراپە؟ ئایا پێویستە ئۆجەلان (١٤) ساڵ زیندانی بێت، تا دونیا بزانێت جیاکاری لەسەر بنچینەی جیاوازیی زمان و ناسنامە خراپە؟ مەگەر ئەم دۆزینەوەیە تازەیە کە لەوەتەی مرۆڤ هەیە ویستی ئازادی هەیە؟ ئایا پێویست بەم یاری تلیماجە دەکات، تا کۆسپ و قۆرت لەبەردەم ئازادیخوازاندا دابنرێت و سەبری شۆڕشگێرییان تاقی بکرێتەوە؟

مەرگی ماندێلا بۆنەیە بۆ بەرز ڕاگرتنی بەهاکانی ئازادیی میللەتان و مافی چارەنووسیان، حەیفێ لە پەنای ئەوەشدا دەبێتە بۆنە بۆ ئەوانەی موسا بە تەنیا دەنێرن بۆ نەبەردی و خۆشیان لەلای قردێلەی سەرکەوتن ڕاوەستاون، تا ئەگەر موسا بردییەوە لە وێنەکەدا دەربکەون.

له کۆتاییدا هیچ کۆمێنتێک له بۆنەی ماندێلادا بە ڕاستی ئینسافی کوردی نەکردووە، مەگەر ئەوە نەبێت نووسەرێکی عەرەب ئاماژەی بەوە داوە، بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی لە خۆیدا کانگای لێبووردەییە و ئەزموونی لێبووردەیی مام جەلال نموونەیەکی بالآیە، کە زۆر کورد لەبەر ململانێی سیاسیی ئامادەن تا باشووری ئەفریقاش شاباش بکەن، بۆ ئەوەی ناچار نەبن هەقی ئەو ڕێبەرایەتییە لێبووردەییە بدەن.

٢٠١٣/١٢/١٧

# خولانەوە

سالّی ٢٠١٠ ئەورووپا دەستی دایە ستراتیجی کەمکردنەوەی پەنابەری، هەر بەوەش نەوەستان، هی دیکە وەربگرن، بەڵکو جارِیان دا کە زۆری تریش دەگێڕنەوە، یانی بڕیارەکەیان ئەسەری رەجعی هەبوو. لەتاو ڕەتکردنەوەی پەنابەری و دیپۆرتکردنەوەی ئەوی لەویٚ بوو میللەتان دەستیان دایە بەهاری عەرەبی.

گوایە ئەوی لە بەهەشتی ئەورووپای دەخوازن و بە پەنابەری بۆیان نایەتە دی، دەشیٚ لە وڵاتی خۆیان مەیسەری بکەن، بەهاری عەرەبی دیٚوەزمەی ئیخوان و داعشی بەدواوە بوو، میللەتان لە تاوی داعش و داعش ڕەفتارەکان ملی ڕیٚی ئەورووپایان گرتەبەر، چیان دیت؟ ڕێژەیەکی زیاتری پەنابەران، زیاتر لەوەی جاران بێتاقەتی کردبوون و هانیدان پەنابەری قەدەغە بکەن.

پەنابەر وا زۆرە پیس و پاکی تێکەوتووە، ئەوی لە دەست داعش ڕای کردووە، تێکەڵی ئەوی خۆی داعشە بووە، بە جۆرێک ئەورووپا بۆتە گۆڕەپانێکی دیکەی تیرۆری داعش، نە وڵاتانی عەرەبی بوونە ئەورووپا و نە ئەورووپاش وەک جارانی خۆی دەمێنێتەوە. ئایا ئەمە بەڵگەیە کە شەرق و غەرب فەرقی نەماوە و هەموومان جیهانگیرکراوین؟ یان

ئەم ژانە، ئەم پشێوییە بونیاتنەرە، سەرەتای داڕشتنەوەیەکی دیکەی دونیایە، کە هەموومان ببینە یەک کۆمەڵگە. شتێک لە ئەورووپاییبوون و شتێک لە ڕۆژهەڵاتیبوون؟.

بەڵام ماقوولە داعشی دواکەوتوو مامانی پێشکەوتنێکی تازە بێت؟

٢٩ -٣٠ / ٧ / ٢٠١٦

# له پەنا مردنی چاڤێزەوە

نووسەری خوێندنگەی چەپی باو، «بیرمەند»ی پاکستانی تارق عەلی کتێبێکی لەسەر سەرکردەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیزم لە ئەمریکای لاتین نووسیووە، ناوەکەی لە ناوەڕۆکەکەی سەرنجڕاکێشترە (چەتەکانی ئەمریکای باشوور- پاڵەوانەکانی بەرەنگاری هەژموونی ئەمریکی ).

(چەتەکانی ئەمریکای باشوور) جنێو نییە، ناوێکی نازدارە بۆ ئەو چەپانەی لە دەریای کاریبی بەرەنگاریی نفوزی واشنتۆن دەبنەوە، ئەوانە «شۆڕشگێڕن» و وەک چەتەی دەریاکان لە داستانی جوامێریدا ڕێ لە کەشتییە دەوڵەمەندەکان دەگرن و خێری دەستبەسەراگیراو بەسەر هەژاراندا دەبەشنەوە..

کتێبەکە وەک هەموو نووسینەکانی دیکەی تارق پڕە لە فانتازیا، بەتایبەتی کە دێتە سەر باسی هەڵوێستی چەتەکان لە ڕووداوەکانی شەڕی کەنداو و عیراقدا تێکەڵوپێکەڵەیەکی کردووە دەڵێی چێشتی مجێورە: بەهاراتی زۆری چەپگەریی، خوێی خوساوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و زەردەچەوەی ئیسلامیی سیاسیی خۆیان وەک مەعکەرۆنی ئیتالی نمایان دەکەن، تا خوێن شیرین و تام هەنگوین بن. هەرچی هەڵسوکەوتی سەدام و بەعسە، کە لە زهنییەتی ئێمەدا وێنای

فاشیزمی بەربەری هەیە، لای هاوڕێیانی لاتینی خەباتن دژی ئیمپریالیزم و دەچنە ڕووبارە گەورەکەی گوایە سۆشیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە! لەبەرئەوە چەتەکانی لاتین گوێیان لە هاواری چەپەکانی ئێمە نەبوو، کە ئەوی سەدام دەیکات لە کاری حەجاج دەچێ، تا کاری سپارتاکۆس.

(چەتەکانی ئەمریکای باشوور) باسی سێکوچکەی «فیدل کاسترۆ، هۆگۆ چاڤیز و ئیفۆ مۆریس» دەکات، کە چۆن ئەو مامۆستا و دوو خوێندکارە بوونەتە چقڵی چاوی ئیمپریالیزم لەو دەڤەرەی بەری زیاتر لە نیو سەدە شاهیدی شەپازلەی کاسترۆ بوو لە بنا گوێی واشنتۆندا. جا یەک لەو چەتە خۆشەویستانە: هۆگۆ چاڤیز، کە لەو کتێبەدا چیرۆکی ڕابەرایەتییەکەی باس دەکرێت، دوێنێ کۆچی دوایی کرد.

ئێمە ئاگاداری ئەو دیوی دەریای کاریبی نین، تا بزانین ئەوی شافیز دەی کرد شۆڕش و سۆشیالیزم بوو، یان سیاسەتی پۆلپۆلیستیی تاکرەوێک لە بەرگی مەسیحێکی دۆستی هەژاراندا خۆی حەشار دابوو، بەڵام بێگومان ئاگاداری ئەوەین کە لە وڵاتی نێوان دوو زێدا قەومابوو: پێشێلی مافی نەتەوەکان و ناوەندێتییەکی توندی حوکمڕانی بە ناوی سۆشیالیزمی بەعسییەوە، کە پێویستی بە پلاندانانی ناوەندیی هەبوو، پلان چی پلان؟ پیلان بوو دژی میللەت و ناوەندێتیش بۆ ناوەندێتی خزمەت نەبوو، بۆ ناوەندێتی مەحرومیەت و بەتاڵانبردنی نەوت و سامانی عیراق بوو.

شافیز لەململانێی ئەمەریکای سەرکەوت و قەدەرێکی زۆریش ململانێکاری نەخۆشییە دڵڕەقەکەی شێرپەنجە

بوو، وەک هەموو چەپێکی لاتینی خزمەتی هەژارانی وڵاتەکەی کرد، وەک ئەوانیش فایلەکەی لە ڕشتەی دیموکراسیدا کون کونە.

لە ئەمریکای لاتین تا ئەمریکای سەرمایەداریی هێشتا دونیا بەدوای «چەتە»یەکدا دەگەڕێت تۆماری لە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی شان لە شانی تۆماری لە دیموکراسیی سیاسی بدات.

٢٠١٣/٣/٧

# ڕاست و ڕەوان  لە هاییتی

منداڵێک بۆ هاییتی بەداخ و کەسەرە، بەڵام ئەم کەسەرەی هەروا لە ماڵەوە و لە ژوورەکەی خۆیدا قەتیس ناکات، ئەم داخە دەبێتە کردارێکی بەکەڵک و جوان، دەبێتە ئیرادەی بچووکی منداڵێک، کە هۆشی هەیە و هەستی بە ڕەهەندی ئینسانیبوونی خۆی لەسەر ئەم گۆی زەوییە کردووە کە خودا بەشەرەکانی بەسەر وڵات و دەریا و وشکانییەکاندا بەشکردووە، ئەوی  لە لەندەن و هەزاران هەزار  لێقەوماوی دیکەشی فڕێداوەتە ناو  دۆزەخێکەوە بە ناوی هاییتی.

منداڵێک دەیەوێت بەهرەدار و خزمەتگوزار بێت، بە وزەی منداڵێکی حەوت ساڵانەوە چمکێکی کارەساتێکی گەورە بگرێت، کە لە کیشوەرێکی تری ئەم هەسارەیە ڕووی داوە. لەو ساتە وەختانەدا مرۆڤ دەزانێت چارەنووسی بەشەر چەند لێک دەچن و هەستی هاوسۆزی چۆن بە سەر کیشوەر و ڕەگەز و نەناسیاوییدا باز دەدات و لە شوێنێکدا دەتبەستێتەوە، کە تایتڵ و ناوەرۆکەکەی وایە: ئێمە براو خوشک و دۆست و دراوسێی یەکین، تراژیدیا چەند گەورە بێت، هەر خۆی دەرفەتێکی خەملیووە بۆ دەرکەوتنی تروسکایی هیوایەک و شاندانە بەری زەحمەتییەکان.

منداڵەکە: چارلی سیمیسۆن، هەستی هەیە. بۆیە هەڵوێستی

هەیە، چاوی هەیە دیمەنەکان دەبینێ و نایەوێ لەگەڵ ئەو دیمەنانەدا ڕابێت. ناخوازێت تەنیا وەک تەماشاکارێکی تەلەفزیۆن دڵگران بێت بە مەرگ و ڕووخان و تاڵانی ناو شارەکان، ئەگەر وابکات، دیمەنی غەمی هاییتی تەنیا دەبێتە فیلمێکی کارتۆن و هیچی تر.

چارلی بە ئەزموونی تەنیا حەوت ساڵی ژیانەوە حورمەتی مرۆڤێکی حەفتا ساڵە لە ژیان دەگرێت، خەونەکانی بچووک بوون: سایتێکی ئەلیکترۆنی بۆ پەیداکردنی تەنیا (٨٠٠) دۆلار کە درزێکی زۆر زۆر چووکی لە تەلاری پێویستییەکانی یونسێف بۆ پشتیوانی لێقەوماوانی هاییتی پڕ دەکاتەوە. چارلی بەو خەونە بچووکەوە هاتە مەیدان: خۆی و پاسکیلێک و سایتێکی بانگەواز، کە دەیان کەس بە پیرییەوە چوون و خەونەکەیان گەورە کرد، تا بڕی (٢٠٠) هەزار دۆلاری تێپەڕاند.

ڕەنگە ئەمە دەرفەت بێت بۆ تانەلێدان لەوەی ئەی منداڵی ئێمە چی کردووە؟ بەڵام ئەگەر، وایە دەبێ بڵێین ئەسڵەن ئێمە منداڵی خۆمانمان وا پەروەردە کردووە، کە دایک و باوکی منداڵێکی لەندەنی کردیان؟ ئەسڵەن هەموو منداڵێکی لەندەنی وایان کرد؟

بێگومان نەخێر! بۆیە پێم وایە، دەبێ ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە بۆ سڵاوکردن لە بەهرەی جوامێرییەک، کە لە کەم زارۆکی لۆندرە دەوەشێتەوە. چارلی سیمیسۆن، ناوێکە بۆ لەبەرکردن، کە گەورە بوو کەسایەتییەکی بەهرەداری بواری گشتی لێ دەردەچێت.

٢٠١٠-٢-١٠

## سەرۆک سمێڵی خۆی خستە ڕەهنەوە

سەرۆکی ڤەنزویلا بەڵێنێکی گەورەی داوە و سمێڵی خۆی کردۆتە بارمتەی وادەی جێبەجێکردنی.

سەرۆک نیکۆلاس مادوروی سەرۆکی ڤەنزویلا، کە لە جێگەی هۆگۆ چاڤیزی سەرکردەی دیاری ئەمریکای لاتین حوکمڕانی دەکات، دووپاتی کردەوە: یەک ملیۆن یەکەی نیشتەجێبوون تا کۆتایی ئەمساڵ بۆ هەژاران دابین دەکات.

مادورو لە ئاهەنگی دابەشکردنی ٢٥٢٠ یەکەی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتەجێبووندا، کە ناوی (هۆگۆ چاڤیز)ی هەڵگرتووە، ڕایگەیاند: بەڵێنمان داوە تا کۆتایی ساڵ یەک ملیۆن یەکە تەواو بکەین، ئەگەر نەمان کرد سمێڵم دەتاشم.

سەرۆک ڕووی لە وەزیری نیشتەجێکردن مانوێڵ کۆفیدۆ کرد و پێی وت: جەنابی وەزیر! سمێڵم بارمتەی تۆیە، بگرە مەسەلە زۆر لە سمێڵی من گەورەترە، پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لای تۆیە و هەرگیز نابێت شکست بخۆین.

پرۆژەی ستراتیژیی نیشتەجێکردن لەو وڵاتانەی ژمارەی دانیشتووانی هەژاریان زۆرە، یەکێکە لە وێستگە گرنگەکانی میللیکردنی حکومەتەکان. کاتی خۆی لە عیراقی کۆماری زەعیم عەبدولکەریم قاسم پرۆژەی ستراتیژی وای لە

بەغدا و هەموو پارێزگاکانی عیراق بۆ هەژاران دروست کرد، بەڵام ئەو بەڵێنی وەک ئەوەی سەرۆکی ڤەنزویلای نەدا، بەڵکو سەرۆکی دوای خۆی: عەبدولسەلام عارفی ڕکابەری، بەڵێنی بەگەنجان دا کە (بەخوا ژن بۆ هەمووتان دێنم)!، بەڵام عارف مەینەتی هێنا و پرۆژە خێرخوازییەکانی قاسمیشی تێکدا.

١٣ -١٤ / ١١ /٢٠١٦

# فەسڵی سێیەم

## خەزانی بندەستان

# له سریلانکاوه بۆ کوردستان تا سودان، ململانێکه بەردەوامە

کێشە نەتەوەییەکانی دونیا لە هێڵە گشتییەکاندا لێک دەچن، با لە وردەکاریشدا جیاوازبن، جا ئەو کێشانە لە قۆناغی پارتیزانی، دانوستاندن، یان لە قۆناغی چارەسەری قانوونیدا بن، لە هەموو حاڵەتەکاندا ململانێی نێوان نەتەوەی بندەستو دەوڵەتی زەوتکەری مافەکان ڕاکێش ڕاکێشە و بەشێوەی جیا خۆی دەنوێنێ. بۆیە پەرەسەندن و پاشەکشێکانی هەر کێشەیەکی نەتەوەیی دەرسن بۆ نەتەوەکانی تر و پێویستە دەور بکرێنەوە.

دەزانم ئەو گیانە ئینترناسیۆنالیستەی ڕایەڵەیەکی جیهانی لەنێوان بزووتنەوە نەتەوەییەکان دروست کردبوو کزبووە، بەڵام ئەزموون هەر ئەزموونە و تۆڕی ئاگاهی و میدیا کیشوەر تێپەڕەکان ئەزموونی وڵاتان دەخەنە ئیختیاری ئەوانەی دەخوازن فێرببن و تێبفکرن.

لەم دواییەدا پاشەکشێی تراژیدی خەباتی چەکداری پڵنگەکانی ئازدی تامیل- ئیلام بووە سەرباسی هەموو میدیاکانی جیهان. کوشتنی سەرکردەی بزووتنەوەکە فلوبیلای برابهاکرانی و ناوزڕاندنی و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی شەخسی وێنەکانی بەشێک بوون لە بەرنامەی

نابووتکردنی کەیسی بزووتنەوەی تامیل. ئەم کڵاوە خرایە سەر هەموو میدیاکان، نیشاندانی ژیانی تایبەتی سەرکردەیەکی ڕزگاریخوازی بەشێکە لە پرۆگرامی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە میانی نابووتکردنی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا. با تەنانەت دەوڵەتەکە بەرگی قورئان لەبەر بکات و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەش لە شێوەی ئەهریمەن وێنا بکرێت.

لە بیرمانە بەعس هەمان پڕوپاگەندەی دژی بزووتنەوەی کوردایەتی و سەرکردایەتییەکەی بڵاوکردەوە، تانەلێدان بەشێکی شۆڕشی چەواشەی داگیرکەران و ڕژێمە ئیستیبدادییەکان بوو دژی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان. پێویستە هەر لەو چوارچێوەیەدا سەیر بکرێت، ئەم کڵاوە نابێ بچێتە سەر ئازادیخوازانی بندەست و بێنەوا، با تەنانەت بچێتە سەر پەیامنێرانی پرۆفیشناڵی ئاژانسەکانی هەواڵ و ناوەندە خاوەن نفوزەکانی میدیای جیهانی.

لەناکاو دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکداری، بابەتێکە پێویستی بە هەڵوێستەیە، چۆن بوو پڵنگەکان دوای کوشتنی سەرکردەکەیان وازیان هێنا؟ مێژووی بزووتنەوەی تامیل پڕە لە ئەزموونی شایانی لێوردبوونەوە، با سیانیان باس بکەین:

- تامیلەکان پەرگیرییان لە توندوتیژیدا کردووە، ڕاستە هەموو بزووتنەوەیەکی چەکدار چەند کەوچکێک دەرمانی توندوتیژی بەکار دێنێ، بەڵام پەرگیری کار لە کۆنترۆڵ دەردەکات و ناوی بزووتنەوەکەش نابوود دەکات لای ناوەندەکانی نفوز، بە تایبەتی لای ئەوانەی لەبەر

بەرژەوەندی ئامادەنین گوێ لە میللەتە بندەستەکان بگرن. تیرۆر لە سیاسەتدا بەروبوومی بۆ زلهێزەکان نەداوەتەوە، چۆن بۆ بندەستەکان دەبێتە دەروازەی نەجات؟

تیرۆر دادی بندەستەکان نادات، چونکە دەوڵەتە مافزەوتکەرەکان هەمیشە لە کارگەی دیکتاتۆریدا ئەڵتەرناتیڤیان هەیە بۆ کارەکتەرە تیرۆرکراوەکان.

– بزووتنەوەی تامیل چەند خولێکی دانوستانی لەگەڵ حکومەتی سریلانکا بەرپا کردووە، کە دەر و دراوسێ ئاگاداری ئەو دانوستانە بوون. یانی ئەم بزووتنەوەیە لە دەورانێکدا خاوەن شەرعیەتی سیاسیش بووە و دەوڵەتی سریلانکا ناچار بوو بیدوێنێ و وەک تەرەفی کێشەیەک سەیری بکات. پڵنگەکەی تامیل لە چی هەلومەرجێکدا ئەم ڕۆڵە سیاسییەی لەدەستدا و بۆ دەوڵەت جارێکی تر پەلاماری دانەوە؟ تێگەیشتن لە بادانەوەی دەوڵەت و هۆکاری پاشەکشێی پڵنگەکە پێویستە. ئایا فێڵ لە دەوڵەتەوە بوو؟ ئایا پاشەکشێ، یان کەمحەوسەڵەیی، یان چالاکی چەکداری پەرتوبڵاو هۆکاری لەدەستدانی شەرعیەتی دانوستاندن بوو؟

– لە کاتی تراژیدیای مرۆیی تسۆنامیدا پڵنگەکانی تامیل وەک هێزێکی ڕێکخراوی بەرپرس هاوبەش بوون لە هاوکاری ئاژانسە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، کە بتوانن ئەرکی مرۆییانەی سەرشانیان ڕایی بکەن. ئەمەش ڕۆڵێکی بەرپرسانە بوو لە بەرەنگاری کارەساتە گەورەکاندا، ئەوە کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی و زلهێزەکانی خەمساردن لەهەمبەر نسکۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللەتێک جێگەی

ئەسەف و داخدارییە، سیاسەتی جیهانی بەو هەموو کرانەوەو بەرپرسیارێتییە گەردوونییە هێشتا بەرچاوی تەنگەو بە ڕاشکاوی جێی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نەکردۆتەوە، ئەوی بە بڕیار بەسەر بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا دەی سەپێنێ و بیانوویان پێ دەگرێ، چارەکی چارەکی ئەوە بەسەر دەوڵەت و زلهێزەکاندا ناسەپێنێ.

دەرسی خەباتی چەکداری تامیلەکان جێی شرۆڤەکارییە، ئایا خەباتی چەکداری باوی نەماوە، یان هۆکاری تر چەکی بە پڵنگەکان دانا؟ ئایا کوشتنی فلوبیلای برابهاکرانی سەرکردە، یان دەستگیرکردن و کوشتنی سەرکردەیەک، وەک لە چەند نموونەیەکی شۆڕشەکانی کورددا خوێندومانەتەوە، باعیسی سەرەکی سەردانەواندن و وازهێنانە لە جۆری خەبات؟ تا کەی بزووتنەوەکان، کە بزووتنەوەی ڕەوا و مێژووکردن، مانەوەیان بە تاک سەرداریییەوە گرێ دەدەن؟

لەم هەموو (چوون و نەچوونە)دا مەبەستمان هەڵێنجانی ئەزموونە، ئەگینا ڕەخنەگرتن و هاوسۆزی لەگەڵ پڵنگەکان بۆ ئەوە نییە بە شوێن بزووتنەوەیەکی بێگەرد و بێ کێشەدا بگەڕێین و بیکەینە نموونە، هیچ بزووتنەوەیەکی فریشتەیی و کامڵمان نییە کە خەونی پێوە ببینین و ئەوی لە سەرزەمین هەیە فەرامۆش بکەین.

با لە نموونەی میللەتە داماوەکانی تریشەوە فێربین، کە چەک دانان مانای کۆتاییهاتنی کێشەی تامیل نییە، کێشەی مێژووکرد بەردەوام پڵنگی تر بەرهەم دێنێتەوە، تا ڕێی چارەسەر دەگیرێتەبەر.

* ئەم وتارەساڵی ٢٠٠٩ لە گۆڤاری [هەفتانە]دا بڵاوبۆتەوە.

# ئەم ئاستە لە نیگەرانی بپارێزین

ئاستێک لە نیگەرانی هەمیشە پێویستە، نیگەرانیەکی وا کە ئەژنۆشکێن نەبێ و نەبێتە مایەی کەوتن و ورەبەردان، ئاستێک لە نیگەرانیی ئیجابی دەبێتە پاڵنەری بەردەوامبوون بۆ جوڵەی خەبات سەبارەت بە خەباتگێڕەکان و جوڵەی سیاسەت سەبارەت بە کۆی پرۆسەی سیاسەت لە ناوچەکەی ئێمەدا، ئەم نیگەرانییە ئیجابییە پەژارەی یەکجارەکی نییە، بەڵکو دەرکەوتنێکی ناوبەناوە کە وەک ترپەی دڵ وایە، بۆ ژیان پێویستە و ماتی و مەرگ بەزێنە.

ئاستێک لە نیگەرانی بۆ خەباتگێڕەکانیش لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا پێویستە، شتێکی لەم بابەتەش بۆ پەیوەندیی کوردایەتی بە کۆی نێوەندە ئیقلیمییەکەوە، وەک براکانی باکوور ئێژن: ئەهمیەتا خۆ هەیە، بە تایبەتی کە باس و خواسمان لەسەر پەیوەندیی کوردستان بە عیراق و کورد بە دونیای بەرینی عەرەبییەوەیە. ئەم نیگەرانییە دەبێ لەنێواندا بمێنێ، تا ببێتە هاندەری کاری هاوبەشی زیاتر بۆ چاککردنی پەیوەندییەکان و سەلماندنی جێگیرییە نەتەوەییەکانی یەکتری، یان با بێ فێڵ و فەرج بیڵێم: سەلماندنی ویستە نەتەوەییەکانی کورد لەلایەن ئەوی دیکەی عەرەبییەوە بە دایەرە و دەوڵەت و دەستەبژێری سیاسیانەوە.

لێرە من قسەم لەسەر مافە دەستوورییەکانی کورد لەناو عیراق و لە چێوەی دەستووری وڵاتەکەدا نییە، پرسی پەیوەندیی قوڵی نێوان دوو نەتەوە بە ئازار و ئاواتەکانییەوە شتێک لەوە فراوانترە، سەرەڕای سەنگی گەورەی تەگبیرە دەستوورییەکان لە دابینکردنی مافدا.

بۆ ئەم پەیوەندییانەی کورد بەویتری عەرەبییەوە نیگەرانییە ئیجابییەکەی باسم کرد، فاکتەرێکی گرنگی زیندووڕاگرتنی پەیوەندییەکە و چانسێکی دیکەشە بۆ کورد، تا نەقلەیەکی تر بکات لە شەترەنجی ململانێ و دۆستایەتیدا.

لەم چەندانەدا میدیای عەرەبی و لە ئاوێنەی ئەو میدیایەشەوە دەستەبژێری ڕووناکبیری و سیاسیی مەمالیکی عەرەب لەناو رەدوبەدەلی چڕوپڕ لەسەر ڕیفراندۆم لە باشووری سودان ترسێکی زۆریان لە خۆیان نیشان دا، داخۆ دوای باشووری سودان بڵێی نۆرەی کوردەکانی (باکووری عیراق)یش نەیەت؟

ئەلهەق دەبێ بڵێم، بەشێکی بەرچاوی نووسینەکان ئەوەندەی ڕەخنەیە لە سیاسەتی ڕەسمیی عەرەبی و ئاستی پێگەیینی دەوڵەتی عەرەبی لەوەدا، کە نەیتوانیوە جیاوازەکان لە نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکانی ناو چوارچێوەی قەوارە (عەرەبییەکان) بگرێتە خۆی، ئەوەندە سەرزەنشت و لۆمەی کورد نییە، گوایە نەبادا ئەویش خەون بە سەربەخۆیی و کۆچی یەکجارکییەوە ببینێت. شۆڤێنییەکانی لێ دەربچێت، کە (مافی خەون)یش بە کورد ڕەوا نابینن، بەشی زۆری ڕەوەندی ترسی دەستەبژێری عەرەبی لە جیابوونەوەخوازیی دووەم، یانی کورد، ترس و نیگەرانییە لەوەی ئەم کوردەش

بە هەمان باعیسی باشوورییەکانی سودان، باعیسی زوڵم و زۆری چەند دەیەی حکومەتی ناوەند و نەتەوەی سەردەست، بیر لە جیاکردنەوەی ماڵی خۆی بکاتەوە. لەناو ئەو ڕەوتە لە دەستەبژێران ڕەخنەی سەرەکی ڕووی لە دەوڵەتی مەرکەزیی عەرەبی و ڕووی لە نەتەوەی سەردەستە، کە نەیان توانیوە نموونەیەکی کەمەندکێش لە یەکێتی و یەک دەوڵەتی پێشکەش بکەن. بۆیە نە خۆیان پێکەوە هەڵدەکەن، نە کەسیش لەگەڵیاندا هەڵدەکات.

ئەم نەغمە لە ڕەخنەکاری زادەی نیگەرانییەکی قووڵی عەرەبییە لە وەی دیارە شۆڤێنییەکان کەمیان بە کورد و نەتەوە هاوقەوارەکانی عەرەب نەکردووە و ئێستا ترسیان لێ نیشتووە کە دەشێ ئەم نیگەرانییە دەرفەتێک بێت بە دەست سیاسەتی کوردستانییەوە، کە بنمێچی پێشبینییەکانی خۆی بۆ پەیوەندییەکی باشتری کورد و عەرەب گەشە پێ بدات و نیگەرانی دونیای عەرەبی ببێتە نیگەرانییەکی بەردەوام، کە نەک تەنها لە قازانجی مەسەلەی ڕەوای کورد، بەڵکو لە قازانجی فراوانکردنی فەزای دیموکراسی و یەکتری قبوڵکردن لەناو سیاسەتی عەرەبیش تەواو دەبێت.

ئێستا جێی خۆیەتی بڵێین: با ئەم ئاستە لە نیگەرانی بپارێزین.

٢٠١١/١/٤

# بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆکی بەرەی پۆلیساریۆوە

لەوانەیە ئەم وتارۆچکەیە کەمێک خەمی ئینتەرناسیۆنالی لەخۆ گرتبێت، لە سەردەمێکدا کە نەریتی باوی سیاسەتی دونیای ئەمڕۆ کەرتکردنی کێشەکان و دابڕینێتی لە یەکتری، بۆ ئەوەی یان دەرفەتی چارەسەرکردنی هەبێت یان زەفەری پێ ببەن. وەک بڵێی دونیای واقیعی میللەتان تاقیگەی کیمیاوی بن و بۆ تێگەیشتن لێی توخمەکان لێک دادەبڕن.

ئەم وتارە خەمێکی ئینتەرناسیۆنالی ئەوپەڕی دونیای لەخۆ گرتووە، بەڵام دیسانەوە لە دۆسێ هەرە هەستیارەکەی پەیوەست بە بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانو مافی نەتەوەکاندا.

خەم و پەژارە بۆ کۆچی دوایی هەڤاڵ و هاوخەباتێکی ڕێی ڕێبازی مافی چارەنووسە لە دونیادا، کە زیاتر لە چلو سێ ساڵە لە بیابانی ڕۆژئاوا خەبات بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەکات، لەوەتەی لە ساڵی ١٩٧٣دا بەرەی پۆلیساریۆ دامەزراوە.

ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٣١ تێکۆشەر محەمەد عەبدولعەزیز، ئەمینداری گشتی بەرەی پۆلیساریۆ، دوای ململانێکی چەند ساڵە لەگەڵ نەخۆشی و ململانێیەکی چەند دەیەیی لەگەڵ

حکومەتی ناوەندیی مەغریب،ماڵئاوایی لە گەلەکەی و مەسەلەکەی و نەخۆشییەکەشی کرد.

بەرەی بۆلیساریۆ، بەرەی ئازادیخوازانی بیابانی ڕۆژئاوایە، کە تێکۆشانێکی هەمەلایەنەیان بۆ مسۆگەرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەست پێ کرد و توانیان ئەو خەباتە بگەیەننە ئاستی دانوستانی بەرامبەرەکی لەگەڵ حکومەتی مەغریب، بە جۆرێک مافی چارەنووسیان بۆ بسەلمێنرێ، بەڵام وا بیست ساڵە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و لە سەرووی هەمووشیانەوە (UN) لە قۆناغێکی چەقبەستوودان سەبارەت بە لێکدانەوەی مانای مافی چارەنووس، کە مەغریب وای لێک دەداتەوە تەنها ئۆتۆنۆمییە، بەرەی پۆلیساریۆش پێداگری لەسەر مانای سەربەخۆیی دەکات. لەبەر هەندێ تا ئێستا ڕیفراندۆمی چاوەڕێکراو لەسەر مافی چارەنووسی بیابانی ڕۆژئاوا سازنەکراوە، تێکۆشەر محەمەد عەبدولعەزیز، جگە لەوەی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بەرەی پۆلیساریۆ بوو و لە ساڵی ١٩٧٦یشەوە ئەمینداری گشتیەتی، سەرۆکی کۆماری بیابانی ڕۆژئاواش بوو، کە شۆڕشگێڕەکان یەکلایەنە جاڕیان دا و تا ئێستاش لە چاوەڕوانی ڕیفراندۆمی بڕیاری چارەنووسدا ئەو کۆمارە لە مەنفایە و لایەنگرەکانیشی ئاوارەی ئۆردووگانشینی سەر سنووری جەزائیر و بیابانی ڕۆژئاوان. عەبدولعەزیز هەروا پێشمەرگەی بەرەنگاری داگیرکەری ئیسپانیش بوو، پێش ئەوەی سوپای ئیسپانیا لە بیابان بکشێتەوە و حکومەتی پادشایی مەغریب دەستی بەسەردا بگرێت. لە زەمانی بندەستی حکومەتی مەغریبیشدا خەباتی پێشمەرگانەی سەرکردەی پۆلیساریۆ درێژەی

کێشا، تا توانیان دانوستاندنێکی نێودەوڵەتی لەسەر بنچینەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بسەپێنن.

خەباتی بەرەی پۆلیساریۆ مەشهوری گشت عالەمی ئازادیخواز بوو لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بە تایبەتی کە خەباتی وانیش هی دوای قۆناغی ڕێچکەی مافی چارەنووسی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە ئەودەمە وا شرۆڤەی سەربەخۆیی گەلان دەکرا، تەنها مانای پاکتاوکردنی میراتی کۆلۆنیالی ئەورووپی و ڕۆژئاوا دەگەیەنێت. لەکاتێکدا خەباتی گەلی بیابان، خەباتێک بوو دژی کۆلۆنیالیزمی حکومەتێکی تازە دەربازبووی دەستی ڕۆژئاوا. لەمەدا تێکۆشانی بەرەی پۆلیساریۆ لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا لە هی گەلی کوردستان دەچوو، کە خەباتی دەورانی بەرەنگاریی داگیرکاری حکومەتەکانی دونیای سێ بوو، نەک هی دەسەڵاتە ڕاستەوخۆکانی دەوڵەتە ئیمپرالییەکان.

بەرەی پۆلیساریۆش لە بەرەی ئازادیخوازانی چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی بوون لە ڕێی مافی چارەنووسەوە، بۆیە تێکۆشانەکەی سەرنجی شۆڕشگێڕانی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، هەرکەسێک ئاشنای ئەدەبیاتی سیاسی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوو بێت، دەزانێت لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی-دا چەندین جار ئەزموونی خەباتی پۆلیساریۆ بەسەر کراوەتەوە.

ڕاستە بەرەی تێکۆشانی جوگرافیی هەردوولا لێک دوور بوو، بەڵام هاوڕێبازی مافی چارەنووس مەوداکانی کورت دەکردەوە. مەودای جوگرافی و مەودای زەمەنیش،

که سەرەڕای تێپەڕبوونی ڕۆژگار هێشتاش ژیلەمۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بە بچووکترین شنەبای دیموکراتیو دەرفەتی گەشانەوەی خەبات دەبووژێتەوە. بەم مانایە، ئازادیخوازانی دونیا و مافی چارەنووسخوازانی کوردستان هەڤاڵێکی تێکۆشەریان لەدەست داوە. لێ خەبات لە چیاکانی کوردستان تا گەرمای بیابان بەردەوامە.

ئەوە کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆی لایەنگری مەغریب نووسیویەتی «محەمەد عەبدولعەزیز مرد، داخۆ دوای ئەو خەونی جیابوونەوە چەند دەخایەنێت؟» هیچ نییە جگە لە فەنتازیای هاوشێوەی ڕاپرسییە ئاڕاستەکراوەکانی هەندێک سایت و کەناڵی (سەربەخۆ)ی لای خۆمان.

لەسەر زەمینی واقیعی ئیرادەی نەتەوەیی خەبات بەردەوامە تا شرۆڤەی مافی چارەنووس بە دڵی خۆمان دەشکێتەوە. تا ئەو کاتە

(مافی چارەی خۆنووسین، لەسەر دڵمان دەنووسین)

٩ / ٦ / ٢٠١٦

# فیدڕالی لە یەمەنی سەعید

لەوە دەچێت سەد بەهار بێت و بڕوات و ئەقڵی شۆڤێنیو ناوەندپەرستی قەت نەگۆڕێ. ئاخر بەهار ناتوانێ شوێنی لە بنەچەدا تاریک و نوتەک سەوز بکاتەوە، هەناسەی بداتێ و خۆری ئازادی بەسەردا پەخش بکات.

کاتی خۆی، لە ئەدەبیاتی چەپدا وابووە، ئەگەر بتەوێت مەودای پێشکەوتنخوازی چەپی نەتەوەی سەردەست بناسی، لەسەر مافی نەتەوەی بندەست بیدوێنە، ئەگەر دەخوازی پێوەری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کاردا بێت، سەرنج بدەرە مەودای ئازادیی ژنان. بەو پێوەرە ئەگەر بخوازین ڕاستگۆیی بەهارخوازانی دونیای عەرەب بزانین، سەیری هەڵوێست و گفتیان بکەن لە مەسەلەی نەتەوەیی و مافی ئەوانی تر و مافی پەراوێزخراوەکاندا، سەیری قسەیان بکەن لە شێوەی حوکمڕانیی خوازراو و دیموکراسیی ئیداریدا.

با هەر لەسەر مەسەلەی کورد و بەهاری عەرەبی نەدوێین. با سەیری هەڵوێستی بەهارخوازانیش بکەین لە دۆسێی داخوازی گرووپەکانی تردا.

لە لیبیا (شۆڕش) بە خەڵکی هەرێمە پەراوێزخراوەکان کرا و دەستکەوتەکانیش لە تەرابلوسی پایتەختدا قەتیس

کراوە، لە کاتێکدا لیبیای پێش جەماهیرییەی قەزافی پرۆژەی سێ هەرێمی فیدراڵ بوو. لە میسری دوای موبارەک ناوەندێتی حوکم وای کرد هەرێمی سینا تەوەللا بێت و گرووپە چەکدارەکانیش ئەو ژینگەیەیان قۆستەوە.

ئێستا لە یەمەن بزاوتی باشووری دەخوازن قۆناغی ناوەندێتی حوکمی سەنعا تێپەڕێنن، کە ساڵح بە داگیرکاریو سوپا و سەرکوت سەپاندبووی، کەچی بەهارخوازەکانی باکووری یەمەن دەیانەوێت پێچەبەدەورە بەم ویستە میللییە بکەن. خۆیان لە حوکمی دیکتاتۆری ڕاپەڕین و بەهاری دیموکراسییان هێنا، کەچی نایانەوێ بۆن و بەرامەی بەهار لە یەمەنی سەعیدەوە بگاتە بەهەشتی عەدەن، کە پایتەختی جارانی یەمەنی باشوور بوو و لەم بیست ساڵەدا بۆتە پایتەختی پەراوێزخستن و دارِمانی ئیداری و ئابووری.

ناوەندخوازانی یەمەنی سەعید مەبەستیانە جارێکی تر حوکمی شۆڤێنیزمی ئیداری بسەپێننەوە بەسەر عەدەندا. بۆیە کە عەدەنییەکان ئێژن با شێوەی حوکم جووت فیدڕاڵی بێت، بە جۆرێک لە یەک کاتدا یەکێتیی یەمەن و جیاوازیی باشوور و باکوور بپارێزێت، پاشقوڵ لە نەخشەڕێی چارەسەر دەگرن و تێزی شەش هەرێمی بەرپا دەکەن.

ئەمە ڕێک لە فیدڕالیزمی پارێزگاکان دەچێت، کە بریمەرو ناوەندخوازانی ناو ئەنجومەنی حوکم دەیان ویست بیسەپێنن، تا لە شانوشەوکەتی فیدڕاڵیزمی کوردستان بێننە خوارەوە. هەر ئەو کاتە بوو سەرۆک مام جەلال وتارێکی لە شەرقئەوسەت نووسی بە ناونیشانی (کوردستان فیدڕالییەکی زەبەلاحە بەرەنگاری شۆڤێنییەکانی دەبێتەوە)،

ئینجا فیدڕالیی کوردستان چەسپا، کەچی خاوەنانی بیروڕای فیدراڵیی پارێزگاکان هیچ هەرێمێکی تریان دانەمەزراند. ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە بنچینەدا (١٨) فیدڕاڵییەکەیان بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەوەی کوردستان بوو.

(٦) هەرێمەکەی بەهارخوازە ناوەندخوازە شۆڤێنیستەکانی سەنعاش هەر تەڵە و داوێکە بۆ لەباربردنی فیدڕاڵییەکەی عەدەن، ئەمەش وەک ئەدەبیاتی جاران دەیگوت، بەڵگەیە بۆ ڕادەی دیموکراسی و پێشکەوتنی ڕاستەقینە و بەڵگەشە بۆ پێچەوانەکەشی.

٢٠١٣/١٢/٣٠

## باشووری سودان یان باکووری عیراق؟

ململانێی باشووری سودان لەگەڵ خەرتووم نموونەیەکی تره لە ململانێی بندەست و سەردەستەکان لە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. ئەم ململانێیە دوای شەڕی چەکداری و ئینجا ڕێککەوتنی نێوان (بزاڤی میللی ڕزگاریی سودان بە سەرکردایەتی جۆن گەرەنگ) و حکومەتی عومەر بەشیر جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە.

ڕێککەوتنی نیفاشا لە ساڵی ٢٠٠٥دا لە هەندێک ڕووەوە لە دەستووری عیراق دەچێت، کە پەیوەندی نێوان کوردستانو حکومەتی بەغدا ڕێک دەخات، لە هەندێک ڕووشەوە دەسکەوتی زیاتری بە باشوورییەکان داوە. لە ڕێککەوتنی باشوور - خەرتوومدا هاتووە:

دوای چەند ساڵ لە ڕێککەوتنەکە ڕاپرسی دەکرێت لەسەر مافی چارەنووس. لە دەستووری عیراقدا هاتووە ئەم دەستوورە گرێبەستی ئارەزوومەندانەی نێوان عیراقییەکانە، یانی ئەگەر گرێبەستەکە پێشێلکرا، عیراقییەکان هەقی خۆیانە پابەندی نەبن و یەکێتیی عیراق دەکەوێتە بەردەم دووڕیانەوە. ئەمەش دەقێکی لاوازە لەچاو ئەوەی لە ڕێککەوتنی سوداندا هاتووە.

جیاوازیی تریش هەن، بەڵام ئەوەی جیاوازی ناهێڵێت و

ئەزموونەکان وەک یەک دەکات، نیەتی حکومەتی مەرکەز (بەغدا و خەرتووم)ـە لە بەرامبەر هەرێمەکاندا.

هەردوولا، بەغدا و خەرتووم، دوو دەسەڵاتی مەیلەو ئیسلامی- قەومی دەستیان بەسەردا گرتووە و هەوڵدەدەن پاشقول لە دەسکەوتەکانی هەرێمەکان بگرن. گفتوگۆ لە باشووری سودان گەرمە:

ئەمینداری گشتی بزاڤی میللی ڕزگاریی سودان باقان ئەموم ڕای دەگەیەنێت، ئێمە کار بۆ سودانێکی نوێ (عیراقێکی نوێ) دەکەین و گرووپی بەشیر و حزبی موئتەمەری وەتەنی سەردەست بە ئەقڵیەتی سودانە کۆنەکە (عیراقی جاران) بیر دەکەنەوە، خەرتووم پڕوپاگەندەی خۆی لە دژی باشوور بەرپا کردووە، (گوایە) لە بندەستی حکومەتی هەرێمی باشوور (دیموکراسیی نییە و گەندەڵی هەیە و ڕێگە بە حزبەکانی دیکەی سودان نادرێت)، باقانیش وەڵامی هەیە: (گەندەڵی لە مەرکەز هەیە، کوا پارەی نەوت و ئەم سیاسەتە فاشیلەی نەوت، کە حکومەتی بەشیر پەیڕەوی لێ دەکات، زیانی بە ئابووریی وڵات گەیاندووە. ئێمە لە باشوور دیموکراسیمان هەیە و لە ئاستی سودانیشدا کار بۆ سودانێکی نوێ دەکەین، سودانێکی خاوەن حکومەتێکی دیموکراتی و عەلمانی....)

گفتوگۆکە بەردەوامە، پایتەخت بە ئاڕاستەی مەرکەزیەتی جاران ڕای دەکێشێ و هەرێمەکانیش بە دوای دەوڵەتێکی نوێدا دەگەڕێن، کە یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی نوێ لەخۆ بگرێت، سەروەری بداتە دەوڵەتێکی نوێ و دەسەڵاتی خۆجێیەتی بۆ هەرێمەکان دابین بکات.

ململانێکە بەردەوامە، ململانێی نەتەوەکانە لەناو دەزگای دەوڵەتدا و خەباتی ڕزگاریخوازییە بە جۆرێکی تر.

نموونەی شکستی تامیل، نابێ دەوڵەت بوغرا بکات، چونکە پڵنگی تر جێی پڵنگی زامدار دەگرێتەوە. نموونەی باشووری سودانیش نابێ بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکە بێئومێد بکات، ڕێککەوتن و گرێبەستی سیاسی کۆتایی بە ململانێکەی نێوان بندەست و سەردەست ناهێنێ، بەڵکو شێوەی تری پێ دەدات، خەبات بەردەوامە.

# سروودی باشووری سوودان

میللەتی براگماتی سەرقاڵی بابەتی عەمەلین، سەرقاڵی ئەو شتانەن کە کاتی جێبەجێکردنیان هاتووە.

لەم ڕۆژانەدا ئاژانسەکانی هەواڵ گێڕایانەوە، کە باشووری سوودان خەریکی سازدانی پێشبڕکێن بۆ سروودی نیشتمانی باشوورییەکان، ئەگەر دەرئەنجامی ڕاپڕسییان بڕیاری جیابوونەوەیان لە سوودان وەرگرت.

راپرسییەکە لە کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو دەکرێت، وەک باشوورییەکان شەش مانگ پێش ڕێکخستنی ڕاپرسی و دەرئەنجامی ڕوو لە سەربەخۆییەکەی، ئینجا دەستیان دایە پێشبڕکێ و بەزمی سروودی نەتەوەیی، ئیتر سروودێک کە بۆ خەباتی زیاد لە نیو سەدەی ئەم میللەتە بشێت، شەش مانگی لەپێشە تا شیعر و ئاواز و دابەشکردنی میوزیکی بۆ بکرێ و کۆڕاڵ یان ئۆرکستراپەکی نیشتمانیی پرۆڤەی لەسەر بکات.

باشوورییەکان هەموو شتێکیان بۆ کاتی خۆی هەڵگرت، وەختێک خوێن و فرمێسک پێویست بوو، درێخیان نەکرد، وەختێک سروودی مارشی ڕەسمیان گەرەکە، کاتی دیاریکراو لەبار و گونجاوە.

بەراوردی ئەمە بکەن بە کوردستانەکەی خۆمان، کە

خەباتی سەد قاتی باشووری و دارفۆڕی و تەیموری و کۆسۆڤییە، کەچی ئەمڕۆ کەسانێک ئەم خەباتە تەنها لە شەڕی ئەی ڕەقیب و ئاڵادا قەتیس دەکەن. وەک بڵێی ئەگەر ڕۆژی گەورەی چنینەوەی بەری ڕەنجی سەد ساڵی بێت لەسەر سروود و ئاڵا و مارشی سەربازی پەکی دەکەوێت!.

سروودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستان بەری حکومەتی ئارارات و ئەوی کۆماری مەهابادیشەوە، خۆیان باشترین گەواهین کە لە کاتی ڕاگەیاندنی قەواری کوردان هاتنە کایەوە، ئەمڕۆ خەڵکانێک شەڕ بەو دوو ئاماژە نەتەوەییە دەفرۆشن، وەک بڵێی ئەمانە ڕێگری گەیشتنی کوردایەتی بن بەدوا مەنزڵ.

نەتەوەی براگماتی وەک ئەوەی باشوورییەکانی سوودان دەکات، کە ستراتیژی (کنگر و ماست بە وادەی خۆی) پیادە دەکەن.

نەتەوەی براگماتی وەک جوامێری براگماتی دەکات، کە یار و بووکی نازدار دەستنیشان دەکات، ئینجا تەداروکاتی زەماوەند و مەسرەفی شایی دابین دەکەن، نەک بەپێچەوانەوە تەکبیری هەموو شتێک کراوە، کەچی چاوڕەشێکی بابان وێران نییە کە بە بووکی ببرێت.

٢٠١٠/٨/١٦

## ناوچەکە باشووری سودانیشی تێدایە

جگە لە تونس و میسر، ناوچەکە باشووری سودانیشی تێدایە. ناوچەکە سودانیشی تێدایە، کە ئەوەتا بە تەنیشتی میسرەوە. لەوێش گۆڕانکاریی گەورە قەومان و خەڵکی باشووری ئەو وڵاتە لە ڕێی ئامڕازە دیموکراتییەکانەوە بڕیاریان لە چارەنووسی سیاسیی خۆیان دا.

ئەگەر مەسەلە گەڕانە بە دوای نموونەی وڵاتان و تێگەیشتنە لە باهۆزی دیموکراسی و خەباتی گەلان، خۆ ئەفریقا هەر تونس و میسر نییە، ئەفریقا باشووری سودانیشی هەیە.

ئەگەر چاولێکردنی عەرەبە، ئەگەر پێدانی ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمییە بە بزووتنەوەیەکی لۆکاڵی، خۆ دنیای عەرەب و کۆمەڵی نێودەوڵەتیش سودان و باشووری جارانیشی تێدایە. بۆ پەتای سودانیش ناتان گرێ؟

مرۆڤ و بزووتنەوەکان هەقی خۆیانە لە دەفتەری ژیان سەعی لە کام پەڕە زیاتر بکەن و دەرسی کام کتێب زیاتر دەور دەکەنەوە، بەڵام خۆ دەبێ بزانن ئەمڕۆ زانیاری و ئاگایی لە دونیادا تەنها پاوانی ئەوان نییە، کە هەر ڕۆژی نموونەی وڵاتێک کۆپی دەکەن. ڕۆژێک دروشمی هەڵمەتی سەرۆکایەتیی ئۆباما دەقۆزنەوە و ڕۆژێک هەڕەشەی

نموونەی سەوزی ئێران دەکەن. ڕۆژێک مۆدێلی حکومەتی سێبەری بەریتانیا و ڕۆژێ یاسای کۆپیپەیست کراوی ئوردن، هەر بە ناوی مەملکەتی ئوردنیشەوە، دەبەنە پەرلەمان. ڕۆژێک ئەلبانیا و ڕۆژێک تونس و میسر. قەت هەڵنەکەوت ویستێک هەڵقوڵاوی هەلومەرجی کوردستان بێت، کە هەر چاولێکردنی نموونەکانی ترە، خۆ بە سەرەش بێ، سەرە هاتۆتە سەر باشووری سودان. بۆچی چەند پەرەگرافێکیش لەوێ کۆپی ناکەن و چمکی کراسێکی نەتەوەییش لەو بزووتنەوە دیموکراتییەی ڕیفراندۆمی گەیاندە ئەنجام، نادرن؟

ناوچەکە باشووری سودانیشی تێدایە، بەڵام ئەوانە سەراوبن لە نموونەی میسر و تونس تێدەگەن، بۆیە دەرفەتی سودانیان نییە. ئەوانە لە جێی ئەوەی بڵێین، وا دیموکراسی دنیای عەرەبیشی گرتەوە، ئەمەش دەرفەتە بۆ نزیکبوونەوە لە چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد، کە قوربانی دەستی فەزای دیکتاتۆریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هاتوون ئەمە دەکەنە دەرفەتێک بۆ شێوانی ئازادی و دەیکەنە بۆنەیەک بۆ پەرتکردنی ڕیزەکانی کورد و لۆکاڵکردنی زیاتری ئەزموونی دیموکراسی لە کوردستان.

٢٠١١/١/٣١

# تۆزێك بە سلوکەت

لەم ماوەیەدا ئەرشیفی نووسینەکانی خۆم بەسەر دەکردەوە، لە باس و خواسی دوای سەربەخۆیی ئەریتریادا کەوتە یادم وتارێکم نووسی بوو لەسەر سیاسەتی ئیقلیمی ئەریتریا، کە پڕبوو لە کێشە و گرژی لەگەڵ دراوسێکانی.

لە وێدا (ساڵی ١٩٩٤) گوتبووم، هەقە ئەریتریا ڕەچاوی نوێباویی وڵاتەکەی بکات، وەختێک دۆسێی کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ دراوسێ بەهێزەکانی تاوتوێ دەکات، ناوی سیاسەتی ئەودەمەی دەوڵەتی تازە سەربەخۆی سەرۆک ئەسیاس ئەفۆرقیم نابوو فەرتەنەکانی ئەریتریا.

ئەقلم هەر ئەوەندە بە مەسەلەکە دەشکا، وڵاتانی مانەندی ئەریتریا کە سەربەخۆیی وەردەگرن، دەبێ بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆیانیان لەبیر بێت بەرامبەر بەو وڵاتانەی لە ڕێی کاروانی سەربەخۆیدان. ئەم بەرپرسیارێتییە بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییە، پێش ئەوەی بەرپرسیارێتییەکی سیاسی بێت، بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی بەرامبەر بەو میللەتانەی لە کاروانی ئازادیی و ڕزگاریدا سەرەی لە دوای ئەریتریاوە گرتووە. هەروەها بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقیی نێودەوڵەتیشە، بەوەی نەتەوەی تازە سەربەخۆ نیشانی بدات، ئەو زیاتر لە دەوڵەتە دێرینەکان، لەناویشیاندا ئەو

دەوڵەتەی پێشتر ئەوی داگیر کردبوو، بە تەنگ ئارامی و ئاشتییەوە دێت و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکات.

ئێستاش هەمان بیروڕام هەیە سەبارەت بە باشووری سودان. دەبێ ئەم دەوڵەتەی سەرەتای مانگی داهاتووی سەرەتای ساڵی داهاتوو دێتە ناو کۆڕی دەوڵەتانی خاوەن ئاڵا و سروود و سەروەریی زیاتر لە دەوڵەتی سودانەکەی عومەر بەشیر پابەندێتی خۆی بە یاسا و ڕێسا جیهانییەکانو بەهاکانی مرۆڤایەتییەوە نیشان بدات، لە جێی سودانێکی گۆشەگیر و گومانلێکراوی سایەی عومەر بەشیر، جنوبی سودانێکی کراوە و بەرپرس و بونیاتنەر بێتە کایەکەوە، تا ئەم دەرکەوتنە ئەنجەتی ئازادیخوازان و نەتەوە ژێردەستەکانی خاوەن خەباتی دوورودرێژ پتەوتر بکاتو داشی ئەوان بەسەر داشی نەیارانی مافی چارەنووسی گەلاندا سوار بکات.

جنوبی سودان هەقی خۆیەتی هەندێک خۆڕاپسکان و هەوڵی جیاوازی نیشاندانی خۆی لە خەرتووم دەربخات، ئەمەش مەسجێکی گرنگە، بەڵام هەڵەی کوشندە لەوەدایە لە سەروبەندی سەربەخۆییدا ئەو هەڵوێستە پەرگیری وای تێدا بکرێت بیانوو بداتە دەست ناحەزانی، تا بڵێن ئەو دەوڵەتە هەرزەکارە و مەترسییە ڕێگە بە سەربەخۆیی نەتەوە بندەستەکان بدرێت، کە هێشتا لە ڕووی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی وڵات و پابەندێتی بە مەنزومەیەکی پەیوەندیی هەرێمایەتییەوە پێ نەگەیوون و هەراش نەبوون. بیانووی ناکاملی نەتەوەیی و نەتوانین لە

خۆبەڕێوەبردندا دەیان ساڵە وتەزای ناحەزانی کوردیشە، کە کورد بە نەتەوە و کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافی مێژوویی ناناسێنن.

لەبەر هەندێ لە ماوەی دوودەیەی ڕابردوودا، کە تەیمووری خۆرهەڵات لە ئەریتریا، کۆسۆفۆ و باشووری سودان لە گەڵاڵەبوونی قەوارەی خۆیاندان ناحەزەکانیان چاویان لە شکستی ئیدارە و لە دۆڕانی تۆڕی پەیوەندییەکی دەرەکی تەندروستن، تا بیکەنە بیانوو بۆ پاشەکشێ پێ کردنی ئازادی و ڕزگاریی ئەو میللەتانە، یان هیچ نەبێ بیکەنە بیانوو بۆ ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی ئازادی و سەربەخۆیی میللەتانی تر.

بۆیە خیتابی ئاگرینی لە بابەت ئەوەی، ئەگەر سەربەخۆ بین نابینە ئەندام لە کۆمکاری عەرەبی، دۆستایەتی لەگەڵ تورک و عەجەم بکەین لەگەڵ عەرەبی ناکەین. ئەمانە خیتابی دڵن لە جنوب و نابێ خیتابی گوتن بن لە کۆڕو لە مەحفەلە سیاسییەکاندا، چونکە ئەم جۆرە خیتابە موژدەی گرژییە لەگەڵ دەوروبەری جنوبی سودان، هیچ لە سەربەخۆیی جنوبییەکان کەم و زیاد ناکات، بەڵام دەبێتە دەستکەلا بەدەست حکومەتی بەشیر و تەیفێکی دڵڕەش لە ناسیۆنالیزمی پەڕگیری عەرەبی بۆ گێچەڵ نانەوە، لەوەش ناخۆشتر دەبێتە کەرەستە بۆ دوژمنانی ڕزگاری و سەرفرازیی گەلان، تا بتوانن بەر بە کاروانی بەهاری نەتەوەیی و نیشتمانی بگرن لە شوێنانی دیکەی گێتیدا.

بۆیە فەرتەنەکانی جنوبی سودان، وەک فەرتەنەکانی ئەریتریا، شایانی سەرزەنشتی دۆستانەیە، هیچ نەبێ لەو

بارەیەوە پێیان بڵێین، هەڤاڵان! چاوتان لە خەڵکی تریش بێت، کە لە ڕێی کاروانی مافی چارەنووسدان.

سالی ٢٠١٠

# بەشیر و نەزیر

بەشیر نەزیری شوومی ڕاگەیاند، مەسجێکی نارد کە ئەو سودانەی لە بندەستی خۆی دەمێنێتەوە دەکاتە سودانێکی یەکڕەنگ و پەیامێکی ڕاگەیاند: یان هەموو سودانی دەوێت بە جنوبەکەیەوە تا بە هەمەڕەنگیی ئێستای خۆیەوە بمێنێتەوە، یان ئەگەر جنوبیان برد، ئیتر ئەو شەریعەت لەسەر تەفسیری خۆی دەکاتە پەرچەمی باقیی سودان، یانی ئەوی لەبەردەست دەمێنێتەوە لە نەخشەی سودان. بەشیر نەزیری شوومی فڕێدایە ناو ڕاڕەوە سیاسییەکەوە، لەمەدا چەند ئامانجی بەشیرستانەی هەیە:

- ڕەوتی باس و خواسەکان لە پایتەخت بگۆڕێ، لە دەمی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر چارەنووسی باشوور، تا لە جێی ئەوەی دەستەبژێری سیاسیی (شیمال) هەقوحسابی ڕیفراندۆمی لەگەڵدا بکەن، کە بۆچی دوای چەند شەڕ و مالوێرانی ئێستا لە ژێر گوشاری دەرەکیدا بە دابەشکردنی سودان ڕازییە؟ بەمە دەخوازێت باسوخواسی شەریعەتو تەریقەت کەتنی لەدەستدانی باشووری بۆ دابپۆشن.
- بەم بانگەوازە لە ناچاریدا دەخوازێت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی شیمال بکات بەگژ بژارەی باشوور بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان.

لەمەدا بەشیر شیمالی سودانی بە بارمتە گرتووە، تاوەکو شیمالییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دوا هەلی وەرگرتنەوەی باشووری بدەنێ. ئەگینا ئەوی لە سودان دەمێنێتەوە دەخاتە ژێر ڕکێفی (شەریعەت)ێک، کە بە بەرگی پۆشاکی سەربازیی عومەر ئەلبەشیر دووراوە و تەنانەت خودی ئیسلامییەکانی وەکو حەسەن تورابیش لێی دەسڵەمێنەوە.

شەریعەتی بەشیر، بێ ئەوەی مەبەستمان تەکفیرکردنی بێت، لە شەریعەتی موسڵمانان ناچێ و شتێکە لە دابوڕەسمی سەرکوتکردنێک، کە خەڵکی باشوور تا زەمانی پێش ڕێککەوتنی نیفاشا تاقیان کردۆتەوە، خەڵکی دارفۆریش دوای ئەو ڕێککەوتنە و تا ئێستاش گیرۆدەی پراکتیزەکردنین. هەر بۆیەش بانگەوازی وا نەزیری شومە بۆ خەڵکی سودان. ئەوی جیا دەبنەوە و لە چنگی بەشیر ڕزگاریان دەبێت، یان ئەوی دەمێننەوە و دەبێ تا دەورانێکی تر لەگەڵ سیاسەتی یەکڕەنگیی شەریعەتەکەی ئەلبەشیردا هەڵ بکەن.

# دادگای ئەنفالی دارفۆر

سەرکەوتنێکی دیکەی گەلانی بندەست بەڕێوەیە و پاڵەوانانی جینۆسایدی دارفۆرکوژی دەکەونە تۆڕی قوڵی دادپەروەرییەوە. ئەمەش دوا بەدوای نییەتی بەڕێز لویس مۆرینۆ ئۆکامبۆ-ی نوێنەری داواکاری گشتی لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان، بەوەی سەرۆک عومەر بەشیرو تەواوی دەزگای دەوڵەتی خەرتوم تۆمەتبار بکات و پەلکێشی بەردەم دادی نێودەوڵەتیان بکات.

سەرکەوتنێکی نوێی قوربانییەکان، کە لە دارفۆردا ٢٠٠ هەزار کەسیان لێ ئەنفالکرا و لە ڕووداوێکی هاوشێوەی کۆڕەودا دوو ملیۆن و نیویان ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بوون، هی ئەوەیە بە درەنگیشەوە بێت مرۆڤ دڵی بە بێداربوونەوەی ویژدانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی خۆش بێت، مادام سەرەنجام دادگا دۆسیێ ئامادە دەکات و تاوانبارەکانیش با لە پۆستی سەرۆکایەتیشدا بن، بە دونیا دەناسێنێ.

کۆششێکی شەرمنی نێودەوڵەتی دەستی پێ کردووە، کە هەندێ جار بیرۆکراسیی دەزگا نێودەوڵەتییەکان و هەندێک جاریش تەگەرەی هاوپەیمانەکانی جینۆسایدکردنی گەلان هەوڵدەدەن پەکی بخەن. دەبێ خاوەنانی ئەو کۆششە دلێرتر بن لە سەرخستنی داد و مرۆڤایەتیدا.

هاوپەیمانەکان هەر دەمووچاوەکانی جارانن، عەمرو موسا و کۆمکارە عەرەبییەکەی، ڕووسیا و چین و سیاسەتە دۆگماکانی جارانیان و لەوانەیە هەندێک وڵاتی دیکەش هەڵپەرستانە سەیری بای بەرژەوەندییەکان بکەن.

سودانیش هەروەکو عێراقەکەی سەددامە، چۆن عەلی کیمیاوی بە کوردی وت ئەنفالەکان (١٠٠) هەزار کەس بوون نەک (١٨٠) هەزار، ئاوەها خەرتوم دەڵێ تەنها (١٠) هەزار کەس لە دارفۆر کوژراون. ئینجا کە دادگای نێودەوڵەتیش داوای تەسلیمکردنی تاوانبارانی کرد، ساڵی پار حکومەتی بەشیر ڕازی نەبوو کەس تەسلیمی دادگا بکات، وا ئێستا داوای خۆشی دەکەن، چونکە خۆشی بەرپرسیارە.

بۆ گەلەکۆمەکێ لە دادی نێودەوڵەتی، عومەر بەشیر داوای دادی عەرەبی دەکات لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەبدا، کە ئەمانە پێشتر هیچیان بۆ ئەنفالی کورد نەکرد، وەکو ڕووسیا و چین لە جینۆسایدی کۆسۆڤۆ بێدەنگ بوون؟ چاوەڕێ بن ئۆکامبۆ دەبێتە وێردی سەر زمان، چونکە بەشیر لە چاڵەکەی سەدام دەردێنێ و لە جێگاکەی میلۆسۆڤیچ زیندانی دەکات.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ٢٠٠٨/٧/١٤

# سەرنجێك
# ماناکانی پشت(ببەخشن)ەکەی عەرەفات!

هەلومەرجێک بۆ فەڵەستینییەکان ڕەخساوە، سەبارەت بە تەماسی ڕاستەوخۆیان دەگەڵ ئیسرائیل. ئەو هەلومەرجە ئەگەر لە ڕوویەکەوە کاریگەرییەکی سەلبی هەبێ، بەو مانایەی تەماسەکە لەگەڵ دوژمنێکی دوێنێ و دۆستێکی هێشتا جێگیرنەبووی بواری دۆستایەتییە، ئەوا لە ڕوویەکی دیکەوە بۆ ئەمڕۆی ئەزموونی نیشتمانیی فەڵەستین دەرکەوتەگەلێکی ئیجابیانەی لێ دەکەوێتەوە، سەرنجامیش ڕەوتی دیموکراتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمدا هاوشانی پێشڤەچوونی ئەزموونەکە دەبێ، تا گەیشتن بە قەوارەیەکی سیاسیی فراوانتر: دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

واقیعی تەماس لەگەڵ ڕژێمی دیموکراتیی ئیسرائیل بۆ دەسەڵاتێک خۆی بە جێگرەوەی هەژموونی ئەو ڕژێمە دەزانێ، هەر ئەو خەیارە بسەپێنێ کە جگە لەو ئیعتبارە نیشتمانییەی لەبەردەم دەسەڵاتی خۆماڵی مەیسەردەبێ، خودی دەسەڵاتەکەش لە بواری سیستمی پەسەندنەکراوی سیاسیدا ناچارە پەیرەوی دیموکراتی بکات، تاوەکو بەراوردە چاوەروانکراوەکان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆی فەڵەستینییەکاندا بە قازانجی ئەو دەسەڵاتە بشکێتەوە.

ڕەنگە ئەمە ئاتاجێکی گەورەی سەرکردە فەڵەستینییەکان بووبێ، ئەو دەمەی ژمارەیەکی کەمی دوای مۆرکردنی غەزە- ئەریحا و ڕێککەوتننامەی فراوانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆم هەر بە زوویی یەکەمین پرۆسەی دیموکراتیان ئەنجام داو دەسەڵاتی شۆڕشگێڕیی خۆیانیان بە عەرەفاتو فەتحی هەڵبژێردراوەکەی سپارد. هەرچەندە پاڵنەری دیکەش بۆ ئەم بەپەلە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە هەبوون لەوانە: هەڕەشەکانی (حماس)، هەر دەبوایە بە شەرعیەتی دیموکراتی وەڵام بدرێتەوە. هەروا ئەو پشتیوانییە ئابووری و ماددییە نێودەوڵەتییە، کە پەرەسەندنی بە دیموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی خۆماڵییەوە گرێدا بوو. ئەمەش دۆخێکە بایەخی هاتنە ناوەوەی ئیجابیانەی فاکتەری دەرەکی دەردەخا. بێگومان لەم هەلومەرجی تەماسەدا دوو ڕێگا لەبەردەم دەسەڵاتی فەڵەستینی هەبوو، ئاسانەکەیان زۆر دێرین، وەلێ لە ئایندەشدا بێ دەسکەوت دەبوو. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کە حوکمی خۆماڵی وەک هەر حکومەتێکی دیکەی عەرەبی دەیتوانی بە شێوەیەک لە شێوەکانی ئیستبداد و بزربوونی هاوبەشی میللی لە گۆرەپانی عەرەبی خۆی بناسێنێ. بەم پێیەش، تا ئایندەیەکی نادیار بەری سەروەرییە نیشتمانییەکان بخواتو بەرپرسیارێتی خۆی لە ڕووی دیکەی ئەو سەروەرییە، واتا ئازادییە دیموکراتییەکان، بە هەڵپەسێدراوی بهێڵێتەوە. لە ڕاستیشدا ناوەندێکی زۆری چاودێران و میدیای عەرەبی لەو باوەڕەدا نەبوون، کە دەسەڵاتی فەڵەستینی لە نەریتی باوی ناوچەکە لابدات و تین و جورئەت نواندنی

خۆی بگەیەنێتە ئاستی داخوازیی لێبوردن لە خوێندکارانی زانکۆ لەسەر زاری خودی سەرۆکی ئەو دەسەڵاتە: یاسر عەرەفات. لە باشترین حاڵدا ئەو ناوەندانە، بە تایبەتی خوازیارانی گۆڕان لە دۆخی سیاسی عەرەبیدا، بەوە قایل بوون کە دەرکەوتە تازەکانی دونیا و هامشۆکردن لەگەڵ پرەنسیپەکانی جیهانی دوای جەنگی سارد وا لە دەسەڵاتی فەڵەستینی بکات هەندێک ڕەوشی سیاسیی ئیجابیانە بگرێتە بەر.

داخوازی لێبوردن و لێک خۆشبوون، کە عەرەفات پێشکەشی خوێندکارانی زانکۆی (ئەلنەجاحی) کرد، سەربارەت بە هەڵسوکەوتی هەڵەشەیی پۆلیسی خۆمالی بەرامبەر بە حەرەمی زانکۆ، ئەوە دەردەخا کە سەرۆکی دەسەڵاتی هەڵبژێردراو بڕیاری داوە ڕێگا دژوار بەڵام پڕ دەسکەوتەکەی دووەم هەڵبژێرێ. بەگشتی و لە تێڕوانینێکی ڕاگوزەریانەدا، عەرەفات سیاسەت دەکات، بەڵام سیاسەتێکی پووچ و سواو نا. ئەوەتا بانگێشتی ئۆپۆزسیۆنی تۆندرۆ دەکات بۆ پێکهاتنەوەی نیشتمانی و داوای لێخۆشبوون لە نەوەیەکی نوێی فەڵەستینییەکان دەکات.

دەسەڵاتی ناوچەی ئۆتۆنۆم، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، خەریکە گۆمی مەنگی گۆڕەپانی عەرەبی بشەڵەقێنێ. تا وڵاتی عەرەبیش پەراوێزێک بۆ مەسەلەی گرێدانی سەروەریی نەتەوەیی بە پیادەکردنی دیموکراتییەوە بێنێتە بوون. لەم ئەرکەشدا پێویستی بە هاوکاریی ئیسرائیلی دراوسێی سەرهێڵی تەماس و ئەو دۆستانە هەیە، کە گرەو لەسەر ئاشتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن. هەر بردنەوەی

گرەوی یەکجارەکیشە خەیارە دژوارەکان سانا دەکات و زەمینە بۆ جێگیربوونی نەریتە تازەکان فەراهەم دەکات.

١٩٩٦/٤/٨

# کتێبەکانی نووسەر

١- ئاماژەیەک لەمەڕ گەشەی کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا.
شەهید ڕەئووف کامل ئاکرەیی/ وەرگێڕان – هەولێر – ١٩٩٤.
٢- ئابووری کوردستان، هەندێک هزر بۆ قۆناغی پەرینەوە، ١٩٩٥ - هەولێر.
٣- لە پێناو یەکگرتنێکی نیشتمانیدا - ١٩٩٨- سلێمانی.
٤- بە تەنیشت سیاسەتەوە - ١٩٩٩.
٥- چەپکە گوڵەکانی گوڵدان: ٢٠٠١ سلێمانی.
٦- گوڵ و گولله و مارینز - ٢٠٠٤.
٧- ڕازەکانی تەعریب و ڕاگواستن - ١٩٩٩ – سلێمانی.
٨- نەتەوەیەک لەسەر کاغەز - ٢٠٠٨- سلێمانی.
٩- مەسەلەی توتنەکە (١) باسوخواسەکانی کوردایەتی - ٢٠١٠ سلێمانی.
١٠- مەسەلەی توتنەکە (٢) گێمێکی تری هەمان دەوران -٢٠١١.
١١- مەسەلەی توتنەکە (٣) پاشەکشێی هەرزان - ڕۆژگاری سیاسەتی گۆڕان -٢٠١١.
١٢- سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان-٢٠٠٨ -سلێمانی-کەرکوک.
١٣- باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوک بهێننەوە -٢٠٠٧ سلێمانی.
١٤- پریستۆریکا، بن لادن و مۆنیکا - ٢٠١٢ سلێمانی.
١٥- مێخەک - کەمێک دوور لە سیاسەت - ٢٠١٣.

١٦- ئیفـادەی کوردەکـان بۆ ماچـەرای رەفا و ئەربـەکان - ٢٠١٢.
١٧- باسی دراوسێ - ٢٠١٦ سلێمانی.
١٨- سەیران بۆ سەریکانی - بیرۆکـە بۆ پشـتیوانی کوردی ڕۆژئاوا — ٢٠١٤.
١٩- زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا - ٢٠١٠.
٢٠- کوردستان چاوەڕێی تینە - ٢٠١٢.
٢١- یان کوردستان یان کوردستان- سـەرخستنی پڕۆژەی سەربەخۆیی بە ڕێی دژواری سیاسییدا - ٢٠١٦.
٢٢- یاداشتەکانی جەنگ - ٢٠١٦.
٢٣- بەهاری عـەرەبی و نەورۆزی سـەربەخـۆیی -٢٠١١ - سلێمانی.
٢٤- یار و نەیار - ٢٠١٣ کەرکوک.
٢٥- بە شوێن پێی دابونەریتی سـیاسـی لـە عیراقدا - ٢٠١٤ سلێمانی.
٢٦- تێبینییـەکانی حوزەیـران - خەم لـە یەکێتی ... خـەم لـە یەکێتییەکان ٢٠١٧.
٢٧- دیوانی سـێینە- ئەندێشەی نووسـەرێک بۆ کوردسـتان ٢٠١٧.

**بە عەرەبی:**

- رائحة السمك المسكوف - ٢٠٠٣.
- رؤى كردية بكلمات عربية - ٢٠٠٠ السليمانية.